# گردی جودابوونەوە

کورتەچیرۆکی بیانی

وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# گردی جودابوونەوە

کورتە چیرۆکی بیانی

وەرگێڕانی

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

ناوی کتێب: گردی جودابوونەوە – کورتەچیرۆکی بیانی
وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٨٧
پیت لێدان و هەڵەگری و ڕەنگڕێژی: وەرگێڕ
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووەم: ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٨٦٤ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

بەرکوڵ

## وەرنە ئێرە... ئەوەتانێ دنیا!

شێرزاد حەسەن

پاش خوێندنەوەی ئەم نۆ چیرۆکە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ئێمەی کورد هێشتا پێویستیمان بەوەرگێڕانی دەیان چیرۆکی دیکە هەیە، لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەر پتر دروستبوونی چەشەی ئەدەبیمان و تێگەیشتن لەو ژیانە پڕ نهێنییەی میللەتانی دیکە، ئەو ژیانەی کە مێژوو فەرامۆشی دەکا، هەر نۆ چیرۆکەکە دەنێو دوو بازنەدا دەخولێنەوە، ئەو دوو بازنەیەش (خۆشەویستی) و (جەنگ)ە، کە دیارە ئەمەیان شەڕی بەردەوامی نێوان (ئیرۆس)ە کە دەکا خواوەندی عیشق و ئەڤین لە بەرامبەر (ئاناتۆس)دا کە دەکا خواوەندی مەرگ، شەڕێکە و بەردەوامە. چیرۆکەکانیش پتر هی نووسەرانی رووسن و هەندێکیان سەر بەکۆمارەکانی سۆڤیەتی جارانن، زۆرجاران هەست دەکەین ئەم جۆرە کارەکتەر و رووداوانە لێرەش هەن، بۆیە کەشوهەوای چیرۆکەکان ئەوەندە بەئێمە نامۆ نییە، هەرچەندە من پێم خۆش بوو وەرگێڕی بەسەلیقەمان هەوڵی ئەوەی بدایە چیرۆکی میللەتانی دیکەش وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لە یەکەم هەنگاودا خەراپی نەکردووە، دیارە ئەگەر لە داهاتوودا لەسەر وەرگێڕان بەردەوام بێ دەتوانێ گەوهەری دیکە دەنێو دەریای چیرۆکدا بدۆزێتەوە، بەتایبەت کە بەم زمانە پاراو و شیرینە چیرۆکەکان دەخوێنینەوە، کوردییەکی بێ گرێ و گۆڵ، هەوڵی داوە بەپێی کورت و درێژیی رستەکان ئیقاعیان لە زمانی یەکەم و دووەمدا رێ بکات.

وەرگێڕانی ئەدەبی میللەتانی دیکە واتا پەنجەرە کردنەوەی زۆرتر لەبەردەم هەر هونەر و ئەدەبێکی وا کە یارمەتیمان بدا پتر لە خۆمان و لە دنیا تێ

بگەین، رەنگە هەندێ کەس بایەخی کورتە چیرۆک لە شیعر و لە رۆمان بەکەمتر بزانێ، بەڵام لە حەقیقەتدا هونەری چیرۆک دنیایەکی سەربەخۆی هەیە و یەکێکە لە هونەرە هەرە قورسەکان، چونکە پێویستی بەئەندازەیەکی عەقڵی و هونەریی کۆک هەیە. لەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکەی لەبەردەستتاندایە هەست بەجیاوازیی هەندەسەی هەر چیرۆکێک دەکەین بەبەراورد لەگەڵ چیرۆکێکی دوای خۆیدا، هەتا زمان و گۆشەنیگاکان دەگۆڕێن، دەکرێ لە خوێندنەوەی چیرۆکی – هەزارولا – پێویستت بەخاوکردنەوەی هەستەکانت بێ و هەوڵی پتر بۆ وردبوونەوەی بدەی لەوەی کە چیرۆکی – سێوە لاسوورە – دەیخوازێ، بۆیە بەقەد ژمارەی چیرۆکەکان ریتم و هەناسەی جیات گەرەکە، نۆ حاڵەتی جیاواز، دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە تێ دەگەین کە ئێمەی مرۆڤ لە هەر چوار لاوە بەچیرۆک گەمارۆ دراوین، لە بەیانییەوە کە لە خەو هەڵدەستی تا شەو خەوتنان خۆت و خەڵکی دیکە دەنێو چیرۆکاندا دەژین و بۆ چیرۆکانیش دەژین، هەتا خەونەکانیشمان بەچیرۆکی سەیر و سەمەرە پڕ بوونەتەوە... ئەوەش سەیر نییە... کتێبە ئاسمانییەکان لێوانلێون لە چیرۆک، لەوە دەچێ مرۆڤ لە دەرەوەی چیرۆک بوونی نەبێ... چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە ... چیرۆکەکانی بەر ئاگردان، داستانەکان، بەڵام لە هەر هەموویشیاندا دوو ئامانجمان هەیە... یەکەمیان تێگەیشتن و شیکردنەوە و وردبوونەوەیە لە ژیان، دووەمیان لە رێی چیرۆکەوە کاتێکی خۆش دەگوزەرێنین، ئەم دوو ئامانجەش بێ چێژ وەرگرتن و هونەرێکی باڵا تەواو نابێ. زۆر کەس هەن وا دەزانن چیرۆک خوێندنەوە کارێکی بێ هوودەیە و کات بەفیڕۆدانە، گوایە چیرۆک زادەی خەیاڵە، گەر دەمانەوی لە دنیا و لە خۆمان تێ بگەین وا چاکە کتێبی زانستە سروشتی و کۆمەڵاتییەکان بخوێنینەوە، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەدەب بەگشتی و چیرۆک و رۆمان بەتایبەتی (چێشتی مجێورە) و هەموو شتێکی تێدایە، سەرباری خۆشی و چێژ وەرگرتنی هونەری، زۆر بەکورتی ئەزموونی سەرجەم مرۆڤایەتی، لە قۆناغە جیاکاندا دەنێو چیرۆکاندا تواونەتەوە، پاش خوێندنەوەیان تێگەیشتنمان لە خۆمان

قووڵتر دەکاتەوە، ئەو ئەزموونانەی پڕن لە خەیاڵ رەنگە راستگۆترین مێژوو بن، بگرە زۆرجاران مێژوو خۆی پڕە لە درۆ و کەچی چیرۆک پڕە لە راستییەکان.

ئەم نۆ چیرۆکەی لەم کۆمەڵەیەدا کۆبووەتەوە پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر لایەنێکی شاراوەی ژیان، سەرمەستمان ناکەن تا خۆمان لەیاد بکەین، بگرە جارێکی دی دەستمان دەگرنەوە و لە کێشە و گرفتە ئادەمییەکان نزیکمان دەخەنەوە، زۆربەیان بەمەبەستێکی فیکری و ئەخلاقی نووسراون بێ ئەوەی هونەر بدۆڕێنن، رەنگە هەندێک لە حاڵەت و روداوەکانی زۆر سادە و هاکەزایی بن، بەڵام ئەفسوونی چیرۆکەکان لەوەدایە شتە هەرە ئاساییەکان بەشێوەیەکی نائاسایی دەخرێنەوە بەرچاومان وەک ئەوەی یەکەمجار بەم دنیایە ئاشنا بین، دواجار چیرۆکنووس ئەو خواوەندەیە کە کارەکتەرەکانی لە وشە دەخولقێنێ نەک لە خۆڵ، هەر چیرۆکێک لەم چیرۆکانە دەگری دەڵێ:

«وەرنە ئێرە... ئەوەتانێ دنیا».

دوواجار شیکردنەوەی شیعر و چیرۆکی جوان، هەندێ جار، وەک ئەوەیە گەمە لەگەڵ باڵی پەپوولەدا بکەیت... لە ترسی هەڵوەرینی باڵی پەپوولەکان حەزم نەدەکرد جوانیی چیرۆکەکان بشێوێنم... دووواجارش هەر چیرۆکێک بەقەد ژمارەی خوێندووەکان شیکردنەوە هەڵدەگرێ... وا نییە؟

## تێبینی

هەموو شتێکی ئەم بەرهەمە، لە هەڵبژاردنی چیرۆکەکانەوە هەتا دەگاتە کورتەی ژینامەی بنووسەکانیان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٨٥ – ١٩٨٧. دوور نییە هەندێک لەم چیرۆکنووسانە یان زۆربەیان ئێستە بەژیان نەمابن، لەبەرئەوەی لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ زۆری بەسەر چووە.

زۆربەی ئەم کورتە چیرۆکە وەرگێڕاوانەم کاتی خۆی لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بڵاوکردنەوەیان بەم شێوەیەی ئێستە و لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا وەک بەرهەمێکی زمانیی خۆم، بەپێویست زانی.

ئەو دەمە، ئەم چیرۆکانەم لە هەندێک کۆوار و کتێب وەرگرت کە بەهۆی فەوتانیان، ئێستە ناتوانم ناویان وەک سەرچاوە بنووسمەوە، بەڵام زۆربەیانم لە کۆواری (ئەدەبی سۆڤیەتی) ژمارە ١٢ ساڵی ١٩٨٢ وەرگرتووە کە کۆوارێک بوو بەزمانی ئینگلیزی دەردەچوو.

لە کاتی ئامادەکردنەوەی ئەمجارەدا هەندێک دەستکاریی زمانەوانیم لە دەقەکاندا کردووە. هەروەها کۆمەڵێک کورتە چیرۆک کە لە چاپی دووەمدا نەکەوتبوونەوە دەستم، لێرەدا دامناون.

هەموو ئەم چیرۆکانە لە ئینگلیزییەوە هاتوونەتە وەرگێڕان، تەنیا چیرۆکی دایکە شووری شاخدار نەبێ. ئەمەیان بەشێکە لە ڕۆمانی کەشتییە سپییەکەی چنگیز ئێتماتۆف، من لە عەرەبییەوە وەرم گرتووە، چاپی دارولفارابی ١٩٨١.

## سێوە سوورە

چنگیز ئێتماتۆڤ*

شەو زرینگایەوە، بەڵام ئیسابەکۆڤ هێشتا هەر دانیشتبوو بیری دەکردەوە... چۆن دەست بەنامەکەی بکا؟ چیی تێدا بنووسێ؟ زۆر سەخت بوو یا چاتر بڵێین هەر نەدەگونجا. هێندە زۆر شت بووبوون کە دەبوو باسیان بکا، هێندە شت کەڵەکە بووبوون. ئاخۆ دەشێ ئەو لەم دان پێداهێنانە درەنگ وەختەی ئەم تێ بگا؟

چەندین ساڵ لە ژیانی ئاڵۆزی خێزانەتی رابردبوون. ئێستەش دوای ئەوەی گەلێک جار دڵی یەکتریان ئێشاندبوو. دوای گازاندە و گلەییی بێ بڕانەوەیان، دوای ئەم هەموو ناتەبایی و کووکە و ئاشتبوونەوەیە، بەکورتی دووای دەست لەیەک بەردانیان، ئاخۆ دەشێ ئەو هێمنانەتر شت ببینێ... یان چاتر بڵێین دەشێ بتوانێ تێ بگا و لێی ببوورێ؟ دەشێ جارێکی تر ئەو کەسەی بووێ کە لە سەرەتای پێکەوە ژیانیان بەڕووخۆش و دڵنەرم و دەروون گەرمی دادەنا؟ بەڵام ئەگەر نەیتوانی؟ ئەگەر نەیتوانی تێ بگا، یان بەولاوەتر، ئەگەر دڵی رەنجابێ و دەست لە نازوفیزی ژنانە و رکابەرایەتی هەڵنەگرێ و لە کەلی شەیتان نەیەتە خوار... جا ئەو کاتە چی بکا؟

ئیسابەکۆڤ بیری کەوتەوە، جاران ئەم سکاڵایانەی بە نازوفیزی ژنانە دانابوو. ئەو بەردەوام ئێرەییی بەدەستەخوشکانی خۆی دەبرد.

«ئاگات لێیە چۆن لە کارگە هەرگیز چاوی لەسەر هەڵناگرێ؟ یا هیچ سڵ ناکا لەوەی بۆی دابنەوێتە سەرچۆک و لەبەرچاوی خەڵک پێڵاوی لەپێ هەڵبکێشێ!»

«ناتوانم وەک کارەکەرێک هەڵسوکەوت بکەم، یا رەفتاری درۆزنانە بکەم.»
ئیسابەکۆڤ بەتووڕەیی بەرتەکی دایەوە.

«کێ داوای لێ کردووی ببی بەکارەکەر؟ بەڵام تۆ بۆ کەمێک بەبایەخ و رووخۆش نابی. من نازانم چۆنی تێ بگەم، ئاخۆ شەرم دەکەی خۆشەویستیی خۆتم بۆ دەرخەی؟ نامەوێ وا بژیم، من پیاوێکم دەوێ سڵۆک نەبێ لەوەی خۆشەویستیی خۆیم بەراشکاوی پێشان بدا. ئەگەرنا ئەمە زەبوونییە. تۆ هەر هیچ بیرت لەمە نەکردووەتەوە.»

«منیش نامەوێ، کاتی ئەم جۆرە شتانەم نییە. هەرچۆنێک بێ، بۆم ناکرێ. باشە لە کاتێکدا تۆ هێندە پڕکاریت و وا کاتی تیز (اطروحة)کەشت هات، ئیتر چۆن دەرفەتی سەرنجدانی ئەم جۆرە شتانەت هەیە، وەک ئەو قسە پووچەی نازانم کێ پێڵاوی بۆ کێ هەڵکێشاوە.»

«ئیتر قسەکردن لەگەڵ تۆدا سوودی نییە، تۆ هیچ شتێک تێ ناگەی.»

ئیدی ئێستە وا تێ گەیشت، تێ گەیشت ئەو لە بارەی چییەوە دەدووا. ئیسابەکۆڤ هەستی کرد هەرچەندە کاتی خۆی باوەڕی نەدەهێنا، بەڵام رەنگە ژنەکەی لە هەندێک رووەوە راستی گوتبێ. کاتێک ژنەکەی بەسەر شەقامدا رادەبورد و خەڵک سەرنجیان دەدا، ئیسابەکۆڤ دڵخۆش دەبوو. ئەمیش وەکو خەڵک هەستی بەدڵگری و جوانکەیی و شۆخی و شەنگیی ژنەکەی دەکرد. رەوت و رۆینەکەی زۆر پێ جوان بوو. چەندی بڵێی بەلەنجە و لار و نەرم و نیانی دەبزوا. کاتێکیش پێڵاوی پانی بەرزی لەپێ دەکرد هەر دەتگوت کچۆڵەی چواردە ساڵانە. چەند نەشمیلانە سەمای دەکرد، چاوەکانی چۆن دەگەشانەوە و چەند بەجوانی دەبریسکانەوە کاتێ دەیبینی وا خەڵک بەدڵئەنگاوی زەینی خۆیانی دەدەنێ! ها لەو ساتانەدا ئیسابەکۆڤ چەندی بڵێی خۆشی دەویست.

هەتا ئێستەش هەندێ شت هەن سەر و دڵی دەگرن و نایەڵن وا سووک و هاسان و بێ پەروا خۆشی بوێ. بێ ئەوەی بپرسێ بۆ! هەست و نەستی ئاڵۆسکا بوو، نەیدەتوانی زاتێک بداتە بەر خۆی و سنووری ئەم کۆت و بەندە

بشکێنێ، حەزی دەکرد بگەڕێتەوە تافی لاویەتی، وای دەزانی هەندێ شتی لەو تافەدا بەجێ هێشتووە کە نەدەبوو بەجێیان بێڵێ.

ئیسابەکۆڤ ئێستە دان بەتاوانی خۆیدا دەنێ – ئەگەر راست بێ و شتێ هەبێ پێی بگوترێ تاوان. بەڵام ئەوەی سەر و دڵی دەگرت هەندێ شتی تر بوون. ئاخۆ لەو کاتەی خۆی و ژنەکەی بۆیان دەرکەوت هاوکوفی یەکتر نین و بەم شێوەیەش دەستیان لەیەکتر هەڵگرت، دەشێ بتوانن بڕیارێکی یەکجارەکی لەبارەی چارەنووسی خۆیانەوە بدەن. ئاخۆ دەشێ ژنەکەی دەست لە نازوفیزی خۆی هەڵبگرێ و بەچاوێکی روونتر لە ژیانی خۆی بڕوانێ، هەرنەبێ لە لایەنی خۆیەوە. گریمان بۆی نەلووا؟ ئاخۆ ئەمە وا دەگەینێ هەموو شتێک تەواو؟ دواییی هات؟ نا، ئیسابەکۆڤ نایەڵێ شتی وا روو بدا.

ئیسابەکۆڤ چەند جارێک دەستی دایە قەڵەمەکەی، پاشان فڕێی دا و چووە بەر پەنجەرەکە. بەینێکی تەواو شانی دایە پاڵ دیوارەکە، باریک و بنێس بووبوو، پرچی تێک هالابوو.

دووا پاسەکانی شەو لەسەر سووچەکە وەستان. رێبوارەکانیان لێ هەڵڕژا. ئەوجا رۆیشتن. تروسکەی سووری لایتەکانیان لەناو تاریکە ئەنگوستەچاوەکەدا دەیتریواند.

لە دەرگەکەی ئەوبەرەوە کوڕێک و کچێک بەدەرکەوتن، بەرەو دەرەوازەی باڵەخانەکە هاتن و جارێکی تر رۆیشتنەوە، وا جارێکی تریش هاتنەوە. هەموو دەم وەک منداڵی باخچەی ساوایان دەستیان لە دەستی یەکتر ئالاندبوو. ئیسابەکۆڤ ئێرەییی پێ نەدەبردن، بەڵام هەستی بەهەندێ شتی دڵگیر و کاریگەر و هەست بزوێن و بەدڵ ئاشنا دەکرد.

هەروا لەو دیو چراخانی گڵۆپە پەرژ و بڵاوەکانی شارەوە، وا پێ دەچوو لەسەر ترۆپکی گردۆڵکەکان بێ، تروسکەی ئاگرێکی کڵپەداری دەبینی. دەتگوت ئەستێرەیە، هەر لە ئاگرۆکەی شوانان دەچوو. حەزی دەکرد لەو کاتەدا لەوێ بێ، لەکن ئەو ئاگرە بەپۆڵوو و پەڕەنگی هەڵکراوەدا، بێ ئەوەی

بیــر لـه چ شت بکاتەوە. لەنێــو تـرس و تەزووی تـاریکەشـــەودا هـەڵبلەرزێ و بەچڵی گڕگڕی هەڤریسک ئاگرەکە خۆش بکا و بەلرفە لرفی بێنێ.

لە پـەنجـــەرەکـــە دوور کـــەوتەوە، بەرەو ژووری نـووسـتن داکـشـــا بـۆ ئەوەی سـەرنجـێک بداتە ئەنارای کـچی. ئەنارا وا گـەورە بـووە، بەڵام ئێـسـتـەش کـە دەنوێ نوێنـەکـەی لەسـەر خـۆی لادەدا، لە سـەرمـانـە شـین و مـۆر هـەڵدەگـەڕێ. ئەنارا ئەو دەمە بەهێـمنی نووسـتبوو، راکردن و مـانـدووبوونی رۆژ هـەتا ئێوارە تەواو کەشـەنگی کردبـوو. بەڵێ کچەکـەی بەئارامی لێی راکشابوو. شـەکەتی و مـاندووەتیی ئەمـڕۆکـەی پێـوە دیار بـوو. ئای ئەنارا! ئەنـارای سـەر ئاسـوودە نەیدەزانی بووەتـە سـەرچاوەی شـڵـەژاوی و ئاڵۆزیی دەروونی بـاوکی و هۆی نەنووستنی هەتا ئەم ساتە درەنگ وەختەی.

ئیسـابەکۆڤ سەرنجێکی کچەکەی دا، بەئەسـپایی گوتی: «شـتێکی چاکە وا کـڕ و بێـدەنگ نووسـتـووی، شـەوانی پڕ لە خـەیاڵاتی خـەمـبـاریت هێـشـتـا نەهـاتوون. بـەڵام هـەر دێن و ناتوانی خـۆتـیـان لێ ببـوێری. بەڵام ئێـسـتـە ئاوها بنوو بۆ خۆت. بەهیوام خەونی خۆش مێوانت بن...»

ئیـسـابەکـۆڤ ئەوڕۆ ئەنارای بۆ دەشت و دەر برد، بـەو نیـازەی لە دەرەوەی شـار، لەناو سـروشـتـی بەربڵاودا ئەو شـتـەی بۆ باس بکا کە لە نێوان خـۆی و دایکیـدا رووی دابوو. ژنەکـەیشی بەردەوام لە نـامـەکـانیـدا سـوور بوو لەسـەر ئەوەی دەبێ ئەناراش پێ بزانێ. ئیسابەکۆڤ دەیویست بەمنداڵەکە بڵێ دایکت لە مـۆسـکـۆ دەمـێنێـتـەوە نـەک تەنیـا بەهـۆی تیـزەکـەی بگرە هـەروا لە سـۆنگـەی ئەوەیش کـە لـەیەکـتـر دابڕاون، جـودابوونـەوە و دەست لەیەک بـەردانیـان پێ چاکـتـر بووە. دەبێ ئەناراش بڕیاری خـۆی بدات، ئاخـۆ حـەز دەکـا لەگـەڵ کامیـاندا بژی، دایکی یان باوکی؟ ئیـسابەکۆڤ دەترسا ئەم بابەتە دژوارە لە ماڵەوەدا بۆ منداڵەکە باس بکا، پێی وابوو باسکردنی شتێکی ئاوها لە دەشت و دەر هاسـانتر بێ. هـەروا سەبارەت بەچەند شـتێکیش وای دەزانی کـچەکـەی لە ئەنجـامـدا لەگـەڵ خـۆیدا دەمـێنێـتـەوە نەک لەگەڵ دایکی کە لە ئامـۆژگـەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە تاشکەند دەیخوێند.

ئەنارا لە دەرەوە گەمەی دەکرد کاتێ ئیسابەکۆڤ بانگی کرد.

«بەروانکەکەت لەبەرکە دەچین بۆ دەرەوەی شار.»

«دەرەوەی شار!» ئەنارا لە خۆشیانە چەپڵەیەکی کێشا، پاشان بەسەری سڕماوەوە گوتی: «بۆچی دەچین؟».

«بۆ هیچ نا، هەروا بۆ پیاسە.»

ئاپۆڕەی شەقامەکە ئیسابەکۆڤی دڵگران دەکرد، بەزەحمەت دەیتوانی لە ناو ئەو ئاپۆڕەیەدا ڕێگە ببڕێ. دەتگوت ڕۆژانی یەکشەمە. بەڵام کاتێ لە شار دەرکەوتن، لێشاوی ئاپۆڕەکە وردە وردە باریک بووەوە. ئیدی ئەویش پێی پێوە نا و هاژۆشتنەکەی خێرا کرد. شریتی لووس و چیرِی شەقامەکە کە لە هەردوو بەرەوە بەدرەختی کەڵەگەت کەڵەگەت ڕێزە بە ڕێزە کرابوو، بەجارسییەوە بریسکی دەدا، دەتگوت گەوەی چیایە و پێچ دەکاتەوە. ئیسابەکۆڤ بەبێدەنگی بۆ پێشەوەی دەڕوانی.

«باوکە، تکایە وا خێرا نا!» ئەنارا بەپاڕانەوەیەکەوە گوتی.

«بۆ؟ دەترسێیت؟»

«نا، بەڵام حەز ناکەم وا خێرا باژۆی.» گوتی. جارێکی تر رووی خۆی بۆ لای پەنجەرەکە وەرگێڕایەوە.

«بەڵام تۆ بەردەوام حەز لە هاژۆشتنی خێرا دەکەی!»

ئەنارا ئاوڕی نەدایەوە و هیچیشی نەگوت، وەک بڵێی گوێی لێ نەبووبێ.

ئیسابەکۆڤ بەتیلاییی چاو سەرنجێکی لە شانە باریک و لاوازەکانی کچەکەی گرت کە لە ژێر بەروانکە توکنە تەنکەکەیەوە دەرکەوتبوون. هەردوو پەلکەی کەزییە رەش و نەرمەکەی بەسەر شان و لاملیدا شۆڕ بووبوونەوە. ئەو کەسە کپ و بێدەنگەی ئانیشکی دابووە پاڵ دەرگەکە چەند شتێکی بیان و نائاساییی دەهێنایە نێو هەست و نەستی ئیسابەکۆڤەوە. منداڵەکە پەشۆکاو دیار بوو، لەوانەیە سۆسەی شتێکی کردبێ! ئێمە زۆر جار لە یادمان دەچێ

منداڵان زۆر زیت و وریان. بەڵام ئەگەر وایە بۆ هیچ قسەیەکی نەکرد. ئەم بیر و هزرە ئیسابەکۆڤی شڵەژاند. نا، ناشێ، هیچ شتێک نازانێ، نەخۆی و نەژنەکەی هیچ بەڵگەیەکیان نەداوەتە دەستی و نەیانهێشتووە ئەنارا هەستی ئەوە بکات ناکۆکییەک لە گۆڕێدا هەیە. بەڵام لە لایەکی تریشەوە، دەڵێی چی؟ مەترسیی زیانی سایکۆلۆجی بەترسترین شتێک بوو ئێسابەکۆڤ بەردەوام بیری لێ دەکردەوە. گیانی مرۆڤ شتێکی ئەوتۆ ناسکە، زۆر جاران بەهاسانی سەهۆڵبەست دەبێ، بەڵام توانەوەی زۆر سەختە، هەندێک جار هەر ئەستەمە بتوێتەوە. ها بەم شێوەیە ناپەڕژاییی دەروونی خەڵک تەشەنە دەکا و بەبەرەوە دەچێ. نا، ئەنارا کچۆڵەیەکی زۆر ئاساییە بەڵام لەوانەشە هەستی شتێکی کردبێ. ئەو کاتەی ئیسابەکۆڤ خۆی بچووک بوو ئەگەر گرفتێک لە ماڵدا هەبوایە یەکسەر دەیزانی. کەس ئاگای لێ نەبوو چۆن ئەو کاتە ئازاری دەکێشا. چاکە، زوو بێ یان درەنگ ئەناراش هەر بەو رووداوە دەزانێ. ئەگەر خۆیشی پێی نەڵێ دایکی پێی دەڵێ. جاران ئەنارا لە دەرەوەی قسە و باسەکە بوو. نەخێر وا چاکترە خۆی پێی بڵێ. شتێکی لە دەسەڵات بەدەرە، ناتوانێ لەمە زیاتری دوا بخا. ئەو کاتەی ئەنارا بۆ دەرەوەی دەڕوانی و سەرنجی گەڵا وەریوەکانی دەدا، پێ دەچوو ئیسابەکۆڤ چەند شتێکی بێتەوە بەرچاوی خەیاڵ. هەر چۆنێک بێ هەر پێی دەڵێ. بەڵام ئەو رۆژە رۆژێکی خۆش بوو! خۆزگە دەیتوانی هەست و سۆزی خۆی بەئاوازی ئەو رۆژە مشتوماڵ بکات.

رێگەکە بەگەڵای وەریو داپۆشرابوو، هیچی بەدەرەوە دیار نەبوو، گەڵاڕێزانی پایز بوو. ئیسابەکۆڤ بەخەیاڵیدا هات کە راست گەوجایەتییە ئەگەر بێو هەر وا خێرا باژوا. گەڵاکانی پایز لە هەوا دەخولانەوە و پاشان بەهێمنی دەکەوتنە سەر زەوی. هەندێکیان دەکەوتنە سەر بیچمی ماشێنەکە و لە بادەڵێنەکەی گیر دەبوون، ئەوجا بایەکە فڕێی دەدان. ساتەوەختێک لەگەڵ ئۆتۆمۆبێلەکەدا دەمانەوە، دەتگوت حەز ناکەن لێی جودا ببنەوە. لەوبەری رێگەکەش، کێڵگە زەردە هەڵگەڕاوە رووتاوەکەی دوای دروێنە، بەرەو دوور کشابوو. لەو کاتەوەی ترێ پێگەیشتووەکان چنرابوون، رەزی مێوەکەش سیس و ژاکا بوو.

بەولاوەتریش کیڵگە بەرین و هەراوەکانی وێنجە و سێپەڕە درێژ بووبوونەوە. پۆلی ریشۆڵە بەسەر تراکتۆری ناو کێڵگەکەوە دەسووڕانەوە، ئەو رۆژانە ئاخر و ئۆخری پایزی زێڕین بوون.

ئیسابەکۆڤ بەماتی و مەلوولییەوە بیری دەکردەوە، کە باران دەستی پێ کرد ئیتر هەموو ئەم شتانە سیس دەبن. جگەرەیەکی داگیرساند و سووکە ئاوڕێکی لای ئەنارای دایەوە کە هێشتا بۆ دەرەوەی دەڕوانی.

«ئەنارا، ئەوە بۆ قسەیەک ناکەی؟»

کچەکە بەسەرسڕماوی ئاوڕێکی لای باوکی دایەوە و هیچی نەگوت.

«دوێنێ ئەرکەکانت تەواو کرد؟»

ئەنارا سەرێکی بۆ لەقاند.

«ئێرە خۆشە! وا نییە؟»

«بەڵێ، خۆشە!»

ئیسابەکۆڤ هەستی بەپەشۆکاوی کرد. ئەم پرسیارە گران و ئازاردەرانە سوودیان چییە؟ بەڵام ئەدی کچەکەی! چیی بەسەرهاتووە؟ ئێ خۆ ئەوان زۆر بەئاسایی دەدووان. لەوانەیە ئەمانە هەمووی سەبارەت بەدڵتەنگی و هەست ئاڵۆزیی ئیسابەکۆڤەوە بن.

بۆ ئەوەی کچەکەی دڵخۆش بکات، رادیۆیەکەی پێ کرد. لەرەی ئاوازێکی بەگوێ ئاشنای لاوێک لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا دەنگی دایەوە.

«رۆبەرتینۆ!» ئەنارا گەشایەوە. «گوێ بگرە باوکە، رۆبەرتینۆیە! هەموو منداڵانی پۆلەکەمان بەکوڕ و کچیانەوە شێت و وێتن، کەسیان حەزی لێ ناکەن. تۆ خۆشت دەوێ، وا نییە؟ دایکیشم حەزی لێ دەکات!»

«بەڵێ، ئەنارا گیان، بێگومان دایکیشت... ئای کچۆڵە چەند لەبەر دڵانی!»

ئیسابەکۆڤ دەستێکی بەسەری کچەکەدا هێنا، سەری سڕما کە بینیی چاوە گەورە قاوەییەکانی ئەنارا لە ناکاو بەبریسکەیەکی زێڕین درەوشانەوە.

«ئەنارا، وا بزانم لە بارەی شتێکەوە لێم زیزی؟»

«نا، بێگومان باوکە گیان.»

«ئێ دە زۆر باشە! دەبا گوێ لە میوزیک بگرین، منیش باسی نیشتمانی شۆبارت و رۆبەرتینۆت بۆ دەکەم.»

کاتێ ئەوان قسەیان دەکرد، ئاوازی «سڵاو بۆ مێرەمی نەسمڕاو» بەهەیبەت و سامێکەوە بەناو دەشت و دەری پایزدا پەرتەی دەکرد. ئاوازەکە وەک ئاسوودەییی پایز دەڕژایە سەر زەوی و ناو دڵی مرۆڤەوە. لە ناکاو شەپۆلێک هەستی هارمۆنیایی ئیسابەکۆڤی راپێچا، تەواو مەست بووبوو، بەدەوری رۆژ، بەدەوری چیا هەڵایساوەکانی بەرامبەر و دەنگی رۆبەرتینۆ و جۆش و خرۆشی کچەکەیدا دەخولایەوە.

خولیای جوانیخوازی لە دڵی هەموو مرۆڤێکدا دەژی، وا پێ دەچێ ئەم شتە لە سروشتە هەرە تایبەتەکانی مرۆڤ بێ. بەڵام ئێمە گەلێک جار بەبێ ئاگای خۆمان گیرۆدەی ئەم جوانییە دەبین. ها لەم ساتەدا ئیسابەکۆڤ دەستەو بەرۆکی هورد و هەڕاکردنی دنیای نیوچە ئەفسووناویی هێشتا کامڵ نەبووی بیر و هزری ساوایانەی ئەنارا دەبووەوە.

رۆبەرتینۆ گۆرانیی دەگوت، ئەناراش بەهاسانی ئاوێتەی ئاوازەکانی دەبوو. شان بەشانی تەیمان و پەرژینی باخە گەورەکەی سێودا رابوردن، وا ئێستە لە شەقامەکەیان لادا و بەرەو چەمەکە وەرچەرخان، بەرەو ئەو شوێنەی ئیسابەکۆڤ حەزی دەکرد بەهاوینان بۆی بچێ. زۆرینەی خەڵک بۆ ئەم شوێنە نەدەهاتن، چونکە ئاوی چەمەکە لێڵ بوو. وردکە بەردی ناو دەراوی چەمەکە بەروونی لەبن ساردای چیایەکانەوە دەدرەوشانەوە. چەمەکە هیچ بوارێکی نەبوو، بەدەستەکەی ئەو بەریشەوە چیایەکان زۆر نێزیک دیار بوون. لوتکە بۆزە سەربەرزەکانیان لەو دیو گردۆلکە رووتەن و بەرزەکانەوە بەرەو ئاسمان هەڵچووبوون. تاوێرە بەردەکان لە سەرەوەڕا بەرەو ژێر گلۆر کرابوونەوە، ئەنارا حەزی دەکرد بازبازێنیان بەسەردا بکات. ها ئەمە بوو هۆی ئەوەی

بۆچی ئیسابەکۆڤ حەزی لەم شوێنە بوو.

نیوەڕۆ بوو، بێدەنگی باڵی کێشا. ئەنارا رای کردە ناو تاوێرە بەردەکان. بەدەنگە ناسکەکەی هاواری دەکرد رۆبەرتینۆ، ئەوجا خۆی لەپەنا تاوێرەبەردەکان دەشاردەوە، بۆ ماوەیەکی کەم بێدەنگی شوێنەکەی دادەگرت، پاشان جارێکی تر دەنگی دەدایەوە. ئاوازی «سڵاو بۆ مێرەمی نەسمڕاو» لە گوێچکەی ئیسابەکۆڤدا دەلەرایەوە و هەموو شتێکی دەوروبەر پاک و تازە دەهاتنە بەرچاو.

باخە سیس هەڵاتووەکە لە تەنیشتی چەمەکەدا هەڵکەوتبوو. میوەجاتەکەی رنرابوو. هەموو شتێک بەجوانی رێکوپێک کرابوو. درەختەکان گوێیان هەڵخستبوو هەتا بزانن ئاخۆ چ خەڵکی تر ماون بێنە میوە چنین. کۆمەڵە پووشی تەنیشت تەیمانەکە دەتگوت کەژ و کێون و لە هاوینی رابردووەوە بەجێ ماون. ئەو کۆمەڵە پووشانە لە هەموو شتێک پتر بۆن و بەرامەی گەرمای هاوینیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو. هاوینی ئێرە هەموو شتێکی جودایە، بەڵام ئیسابەکۆڤ هیچی لەبیر نەمابوو. بەلای ئەوەوە، هاوین وەک بڵێی هەر نەهاتبێ وا بوو. ئەوا چەند پەڵە هەورێکیش بەدەر کەوتن، هەر لە وشتری سپی دەچوون. ئای، خۆزی دەیتوانی ئێستە سەردانێکی گوندەکەی خۆیان بکاتەوە! چەند لەمێژە سەری ئەوێی نەداوەتەوە.

پاشان ئەنارای بینی بەرەو باخەکە رای دەکرد، بیری کەوتەوە بۆچی ئەنارای بۆ ئێرە هێناوە، هاواری کرد: «بۆ کوێ دەچی؟»

«دەچمە ناو باخەکە، بەدرەختەکاندا هەڵدەگەڕێم.»

«دەمەوێ قسەیەکت پێ بڵێم.»

«لەبارەی چی؟ رۆبەرتینۆ؟»

«بەڵێ.»

«بووەستە - هەر ئێستە دێمەوە.» ئەنارا بەهەشتاوی و هەڵبەز و دابەزەوە رووەو باخەکە رای کرد.

ئیسابەکۆڤ جارێکی تر دەستی بەبیرکردنەوە کرد. چیی پێ بڵێ و چۆن لەسەر باسەکە بڕوا.

ئەو شتەی دەیویست بۆ کچەکەی باس بکات تەنانەت بۆ خۆیشی بەوپەڕی رادە ناڕەوا و کرێت و دڵتۆقێن بوو. تەواو لەگەڵ رۆژی پایز و ئەو خەیاڵاتە ناکۆک بوو کە «سڵاو بۆ مێرەمی نەسمەڕاو» و دەنگی رۆبەرتینۆ لە دڵی ئەوانیاندا ورووژاندبوو. ئیسابەکۆڤ دڵەکوتەی بوو، حەزی دەکرد ئەنارا هەر خەریکی راکردن بێ بۆ ئەوەی باسەکە کەمێک دواتر بکەوێ. ئەنارا سەبارەت بەشتێک کە دۆزیبوویەوە، لەناو باخەکەوە هاواری شادمانی و شاگەشکەییی لێ هەڵستا. ئیسابەکۆڤ دانەوییەوە و لەسەر زەوییەکەدا هەڵتروشکا، پشتی لە ئەنارا کرد و سەری شۆڕ کردەوە.

«باوکە سەیرکە چیم دۆزییەوە!»

ئیسابەکۆڤ ئاوڕی نەدایەوە، بەڵام هەستی کرد ئەنارا بۆ لای وی رادەکا. بەتەنگەتاوی و هەناسەبڕکێوە، هەر بەراکردنەوە دەستی لە باوکی وەرهێنا و سێوێکی سووری گەورەی خستە ناو دەستی.

«ها، وادیارە سێوێکت دۆزیوەتەوە؟»

«بەڵێ، ها لەوێ لە پەنای گەڵاکان شارابووەوە. هەرگیز نەتدەبینی. شوێنێکی نادیاری هەبوو، وا نییە؟ بەڵام من بینیم، سوور سوور بوو، هێندە سوور بوو پریشکی دەدا. ئەمە دووا سێوە و لە هەمووشیان چاکترە. هەموو باخەکە سێوێکی تری ئاوهای تێدا نەماوە. سەیرکە بۆنی چەند خۆشە، چەند جوانە، دەڵێی رۆژە!»

«بەڵێ، زۆر جوانە، سێوی زستانی ئۆپۆرتۆیە.» ئیسابەکۆڤ سەری سڕما. پاشان گوتی: «ئەنارا، دەزانی چی؟ ئەمە بەواتەی خۆشبەختییە. ئەم سێوە بەدرێژاییی هاوین چاوەڕوانی تۆ بوو، بۆیەش وا چاک شارابووەوە بۆ ئەوەی کەسی تر نەیبینێ، بەڵام هەر کە تۆ هاتی دۆزیتەوە. هەر کەسێک ئەم سێوە بخوا زۆر بەختەوەر دەبێت.»

ئیسابەکۆڤ بەدەستەوانەکەی دەستی، سێوەکەی سڕییەوە، ئەوجا دایەوە دەستی.

«دەها – بیخۆ.»

«کەی لەبارەی رۆبەرتینۆوە قسەم بۆ دەکەی؟»

«باوکە، تۆ دەزانی ئێستە دەتوانم زۆر بەچاکی بەدارەکاندا هەڵگەڕێم. دارسێو زۆر گەورە و بەرزە، لک و پۆپەکانی جوان و باریکن. بەڵام دارقەیسی زۆر بەدە، پەلی تیژی هەیە.»

«ئێ باشە، تۆ بە دارە باشەکاندا هەڵگەڕێ.» ئیسابەکۆڤ پێ کەنی.

«باوکە، تۆ چ جارێک سێوی وات بینیوە؟» ئەنارا لە ناکاو پرسیاری کرد.

ئیسابەکۆڤ کەمێک شڵەژا. ئەوجا لەسەرەخۆ گوتی:

«بەڵی، جارێکم بینیوە... برۆ کەمێکی تریش یاری بکە، من تاوێک لێرە دادەنیشم.»

ئەنارا بەرەو باخەکە رای کرد، سێوەکەشی بەدەستەوە بوو. ئیسابەکۆڤ سێوە سوورەی گۆرینی کەوتەوە بیر. بەم رێکەوتە سەیر و سەمەرە لە ئاوەز بەدەرە سەری سڕما. جارێکیان سێوێکی دۆزییەوە هێندەی ئەم سێوە جوان بوو. لە هەمان ئەم باخەشدا بوو، بەڵێ، لەم باخەدا بوو. تەنیا ئەوە نەبێ لە دیوەکەی تر بوو، لەو شوێنەی درەختەکان لە نشێوە سەرەو لێژەکەی بەرامبەر بە کێڵگەکەدا رواون.

***

دوای تەواوبوونی شەڕ، هاتە شار و ناوی خۆی بۆ خوێندن لەو ئامۆژگە کشتوکاڵییە نووسی کە ئێستە دەرسی تێدا دەڵێتەوە.

رۆژێکی پایز، وەکو ئەمڕۆ، هەموو قوتابییەکان بۆ رنینی چەوەندەر چوونە کێڵگە هەرەوەزییە نێزیکەکە. بەیانی زوو بوو، بەرێگە بەردەڵانەکەدا کەوتنە رێ کە ئەو کاتە هێشتا قیرتاو نەکرابوو.

بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە کاریان کرد. دەمەدەمی ئێوارە بەبرسییەتی و ماندووەتییەوە بەرەو ماڵ بوونەوە. هەر لەو کاتەی نانە ڕەشەکەی بەیانییان خواردبوو هەتا ئێوارەی ئەو ڕۆژە زۆری پێ چوو بوو. لە پڕێکدا هەموو قوتابییەکان ڕژانە ناو باخەکەوە، مێوەجاتەکە تەواو رنرابوو، بەڵام هەندێک لە قوتابییەکان بەختەوەر بوون و بڕێک سێویان لەسەر کۆمەڵە گەڵا وەریوەکانی سەر زەوییەکەدا دۆزییەوە. سێوەکانیان بەیەکەوە خوارد. بەڵام لەتە سێوێک کەسی تێر نەدەکرد. ئەوجا هەریەکە و بەرێزە ددانێکی تیژەوە بەناو باخەکەدا وەربوون. بەڵام شتێکی ئەوتۆیان نەدۆزییەوە، بۆیە بەرەو ڕێگەکە گەڕانەوە.

ئیسابەکۆڤ بەئاشکرایی هاتەوە بیری چۆن لەگەڵ برادەرەکانیدا چوونە ناو باخەکە بۆ میوە چنین، هەروا چۆن ئەو کاتە شتێکی بریسکەدار لەناو گەڵاکانەوە دەدرەوشایەوە. لە شوێنی خۆیدا وەستا و زمانی چووە کلیلە. سەرەتا وای زانی چاوی ڕێشکە و پێشکە دەکا. خێرا چەند هەنگاوێکی بۆ نواوە هەڵێنا، ئەوجا گەڕایەوە دووا. خولێکی دەوری ئەو دارسێوە بچووکەی دا کە لە نێوان دارسێوە بەرزەکاندا روا بوو. ئەم دارە دڵخۆشکەرە لەوانی تر نەدەچوو. هەتا هەنگینێ بەگەڵای چڕ و پڕ و برۆنزی داپۆشرابوو. ڕەنگە برۆنزییە تاریکەکەی گەڵا پیسبووەکان بەبریسکەی وشک و گەرمی تیشکی هەتاو زێڕپۆش کرابوو، تیشک و ئاورینگی لێ دەپژا. دەتگوت ئەم دارسێوە ئەگەر بێتو شەمچەیەک بەئاستەم لێی بسوێ، ئەوا یەکپارچە گڕ دەگرێ... ئەوجا سەرنجێکی تری دایێ و بەسەرسامییەوە چرپاندی: «ئای – کە جوانی!»

سێوێکی گەورەی قرمزی، هێند گەورە بوو، پڕ بەهەردوو چەنگی پیاوێک. لەوانەیە تاکە بەری ئەم دارە ساوایە بووبێ. سێوەکە بەلکێکی باریک و چەماوەی دارەکەوە هەڵواسرابوو و بەگەڵایەکانی داپۆشرابوو. ئیسابەکۆڤ ساتەوەختێک لە ئاست ئەم ئەفسوون و پەرجووەدا داما. ئەوجا لەسەر نووکی پەنجەی پێ، خۆی بەو چڵەوە هەڵواسی کە سێوەکەی هەڵگرتبوو. چڵەکەی ڕاکێشا و سێوە سوورە گەورەکەی پچڕی. سێوی تاین بۆن و بەرامەیەکی

هێندە خۆشی لێ دەهات، خەریک بوو ئیسابەکۆڤ بەبۆن و بەرامە تیژەکەی ببووریتەوە. لەژێر توێژە روون و تەنکەکەیدا، کرۆکە بەورشە و ئاورینگ و ئاودارەکەی بەبتوونی دیار بوو، تیشکی دەدەلاند، ئیسابەکۆڤ ویستی سێوە سوورەکە بداتە بەر قەپاڵ و لەیەک ترووکەی چاودا بیماشێتەوە، بەڵام هەر کە ویستی بیکات بە دوو لەتەوە، لەپڕ شتێکی تری هات بەبیردا.

دەیدا بەکچەکە!

چ شتێک بوو ئەوکچەی هێنایەوە بیری؟ ئای چەند بەختەوەرە! ئەدی لە یەکبینە بیر لەو کچە ناکاتەوە، ئەو کچەی کە هەر ناویشی نازانێ. ئەو کچە هەرگیز لە بیر و هزری ئیسابەکۆڤ دوور نەدەکەوتەوە. ئێستە ناتوانێ بیر لە چ شت بکاتەوە. ئیسابەکۆڤ خەریک بوو سێوەکەی دەپەستایە ناو گیرفانی شەرواڵەکەیەوە، نەدەچووە ناوی، دوورمانی کورتەکەکەی هەڵوەشاندەوە و سێوەکەی پەستایە کونێکەوە.

هەر بەڕاکردن بۆ لای برادەرەکانی چوو، کە ئەو کاتە لەسەر رێگەکە وەستابوون، دەیانویست سواری ماشینێکی بارەبەر بن. ئیسابەکۆڤ بڕیاری دا ئەم شتە راست و رەوان بەبرادەرەکانی بڵێ.

«سەیرکەن! چۆن سێوێکم دۆزیوەتەوە، بەڵام نایدەم بەئێوە، دەیدەم بەکەسێکی تر.»

«کوا با بزانین؟ لە کوێیە ئەم سێوەی تۆ؟»

«ها ئەوەتا، دەستی بدێ.»

«ئای لەم درۆیە!»

«مەبەستت چییە؟ سێوێکی دۆزیوەتەوە.» "شێر" بەتیز و جەفەنگی و پێکەنینێکی ژێر لێوانەوە، شەپێکی پڕ لە سۆزی لە شەپێلکی ئیسابەکۆڤ دا.

«بەسە، ئیدی تیز و گاڵتە مەکە، بیبڕەوە!»

"شێر" بەرەنگ و روو و دەم و دووامانی ئیسابەکۆڤ پێکەنینی هات.

کورتەکەکەی راکێشا بۆ ئەوەی هەر بۆ گاڵتە یان بەراستی سێوەکەی لێ بستێنێ. ئیسابەکۆڤ پاڵێکی بەشێرەوە نا. شێر کەڵەمبازێکی دا.

کوڕەکان دایانە قاقای پێکەنین.

لەو کاتەدا، ماشینێکی بارەبەر وەستا بۆ ئەوەی هەڵیان بگرێ. هەموویان رایان کرد و خۆیان هەڵدایە ناوی.

ئیسابەکۆڤ بڕیاری دا سێوە یادگارەکە بدا بەکچە نەناسەکە. گەلێک جار لە کتێبخانەی گشتیی بینیبوو و زۆربەی رۆژان تەنیا بۆ دیتنی کچەکە، لە پەڕگەی شارەوە – کە ئامۆژگە کشتوکاڵییەکەی لێ بوو، هەیپێی دەکرد و دەهاتە جەرگەی بازێڕ. لە ژووری خوێندنەوە دادەنیشت و بەشێوەیەکی نهێنی دەیزانێ چ کاتێ کچەکە بەژوور دەکەوێ. بەتاسە و تامەزرۆییەکی ئەوتۆوە چاوەڕوانی دەبوو کە ئارامی لەبەر دەبڕا. خۆیشی نەیدەزانی چی دەخوێنێتەوە. لە بەرامبەری دەرگاکە کورسییەکی دەگرت، کە کچەکە بەژوور دەکەوت، ئیسابەکۆڤ سەری لەسەر کتێبەکەی هەڵدەگرت و بۆ ساتەوەختێکی کەم چاویان بەچاوی یەکتر دەکەوت. ئیسابەکۆڤ نەیدەوێرا لە یەکبینە سەیری کچەکە بکات. کچەکەش وەک بڵێی ئاگای لە شڵەژاویی ئیسابەکۆڤ هەبێ، بەنەرمە بزەیەکەوە، خێرا لەسەر کورسییەکی بەتاڵ دادەنیشت و دەستی بەخوێندنەوە دەکرد. ئیسابەکۆڤ چاوەڕوان دەبوو هەتا ئەو کاتەی جارێکی تر کچەکە بەبەر دەمیدا رەت دەبوو. سرک و سڵ و سەرفراز، هەتا بڵێی تەڕپۆش و پۆشتە بوو.

دەبێ ئەم کچە زۆر زرینگ و چاک پەروەردە بێ، ئیسابەکۆڤ بەسەرسڕمانەوە ئەم بیرانەی بۆ دەهات. زۆر دڵخۆش بوو کچەکە ئاوها بێ، بگرە شانازیشی پێوە دەکرد.

ئەگەر کچەکە لە ژووری خوێندنەوەدا بوایە، ئیسابەکۆڤ لەیەک کاتدا دڵشاد و خەمباریش دەبوو. حەزی دەکرد ناوبەناو بەتیلاییی چاو سووکە سەرنجێک بگرێتە دیمەنی بەژن و باڵای و پرچە خاوە بەرەوژوور

لەشەدراوەکەی و برژانگە رەشە – هەمیشە خەریک و روو لە کتێبەکەی و پەنجە ناسک و بزێوەکانی کە بەردەوام بەنووسینی شتێکەوە خەریک بوون. ئیسابەکۆڤ چەند دڵتەنگ دەبوو کاتێ دەیبینی کوڕێک لە تەک کچەکەدا وەستاوە، یا تێبینییەک لەسەر کتێبەکەی ئەو دەنووسێ و کچەکەش دەیخوێنێتەوە. ئیسابەکۆڤ مستی خۆی لەژێر مێزەکەوە دەگوشی، لە رک و تووڕەییيان سوور سوور هەڵدەگەڕا، ئامادە بوو لەو کاتانەدا شەلم کوێرم ناپارێزم وەریان گەڕێتێ و بەکۆڵەمست رێزە بەرێزەیان بکات. بەڵام پاشان کەف و کوڵەکەی دەنیشتەوە، ئای چۆن دەگەشایەوە! چۆن لە بنەبانی دڵەوە سوپاسی کچەکەی دەکرد کاتێ دەیبینی ئەو لەتە کاغەزە پڕوپووچانە تیکە بەتیکە دەکات و گوێش ناداتە زەردەکەنی و دەنگی بەچپەدووی ئەم و ئەو.

لەدڵی خۆیدا دەیگوت ئەم کچە هیچ کەسێکی خۆش ناوێ، مەگەر کەمێک ئیسابەکۆڤی خۆش بوێ! هێندەی تێ دەبیرا و هێندەی خەو پێوە دەبینی بەجۆرێک دەیتوانی گرژینەوە و نەرمەبزەی سەرلێوان و سووکە جووڵەی کچەکە نەبوێری و جیای بکاتەوە. وای دادەنا ئەمانە هەمووی بەواتەی ئەوەن کە کچەکە خۆشی دەوێت و حەزی لێ دەکات. بەڵام ئیسابەکۆڤ چ جاران نەیدەتوانی زاتێک بداتە بەر خۆی و بچێ خۆی پێ بناسێنێ... کچەکەی زۆر پێ جوان و ناسک و بەدەو بوو، خۆیشی کەڕەواڵەیەک، کوڕێکی ئاسایی لادێ و قوتابیی ئامۆژگە، وەک سەتان کەسی تری شار. لە لایەکی تریشەوە شەرمی بەجلەکانی خۆی دەهات. پانتۆڵێکی سەربازی و پۆستاڵێکی درێژ کە هی برا گەورەکەی بوو، زستانیش هەر دەبێ پاڵتۆی برایەکەی لەبەر بکات.

کچەکە لەچاو خەڵکی تر درەنگ دەهاتە کتێبخانە و هەتا دەمەدەمی داخستنی دەمایەوە، ئەوجا لەسەر مێزەکەی هەڵدەستا بۆ ئەوەی کتێبەکان بگەڕێنێتەوە. ئیسابەکۆڤیش بەپەلە کتێبەکانی خۆی کۆ دەکردەوە و زوو کتێبە خواستەنییەکانی دەبردەوە. بۆ ئەوەی چیی تر راگیر نەبێ دەردەپەڕییە دەرەوە و دەچووە ئەوبەری شەقامەکە، چاوەڕوان دەبوو هەتا کچەکە بەدەر دەکەوت. لە دوایەوە دەڕۆشت، هەتا نێزیک ماڵەکەی بەڕێی دەکرد و لەو دیوی سەری

پیادەکانەوە سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکرد، لێی ون نەدەبوو. نشینگەی کچەکە هێند لە کتێبخانەکەوە دوور نەبوو، تەنیا دوو کۆڵان لەودیو، لە باڵەخانەیەکی رەنگ بۆزی گەورەدا دەژیا.

دووای بینینی (ماڵەکەی)، دەبوو ئیسابەکۆڤ بچێتەوە پەڕگەی شار بۆ شوێنەکەی خۆی. لە رێگە بەناو سەیرانگەکەدا دەڕۆیشت، هۆڵێکی سەماکردن لەوێ هەبوو. چەندی ئێرەیی بەو کوڕانە دەبرد کە دەستی کچانیان دەگرت، بازوویان لە کەمەری کچەکان دەهاڵاند و سەمای (ڤالس)یان لەگەڵدا دەکردن. کوڕەکان بەهەستەم شتێکیان دەچرپاندە گوێی کچە دۆستەکانیان و ئەوانیش بزەیەکیان دەهاتێ. گەلێک جوانتر و شۆخ و شەنگتر دەهاتنە بەرچاو. ئیسابەکۆڤ سەمای خۆی لەگەڵ کچەکەی کتێبخانەدا دەهێنایە بەر چاوی خەیاڵ. پێی وابوو ئەم کچە جوانترین و بەدەوترین کچی سەر رووی هەموو دنیایە. خەیاڵ بەجۆرێک ئیسابەکۆڤی هەڵدەگرت نەک هەر تەنیا سەمای لەگەڵ دڵبەرەکەیدا دەکرد بگرە لەگەڵیشیدا دەدوا. ئەو وتووێژە خەیاڵییانە بەئاوایەکی ئاوها بوون:

«دەزانی، من تەنیا بۆ دیتنی تۆ دەهاتمە کتێبخانە»

«بەڵێ، دەمزانی. دەمزانی بەردەوام چاوەڕوانیت دەکردم.»

«من بەدرێژاییی رۆژ تەنیا بیر لە تۆ دەکەمەوە. لە دەرس، لە چێشتخانە، لە بەشی ناوەخۆیی، کە دەچمە سینەمە، هەر نازانم فیلمەکە چیی تێدایە. خۆزگە دەتزانی چۆن بیر لە تۆ دەکەمەوە.»

«سەیرە، منیش هەندێ جار بیر لەتۆ دەکەمەوە. بەڵام تۆ بۆ جارێک نایە لامەوە شتێک بڵێی؟»

«حەز دەکەم ئاوها بێت. ئەگەر بەدرێژاییی شەو لە کتێبخانە بمێنیەوە، ئەوا منیش دادەنیشم بۆ ئەوەی هەر سەیرت بکەم.»

«ئەدی ئەگەر یەکێک ویستی بمباتەوە ماڵی خۆیان ـ ئەوجا چی دەکەی؟»

«نایەڵم، تۆش نایەڵی. چونکە من تۆم خۆش دەوێ.»

«چووزانی من نایەڵم؟»

«تۆ لەوجۆرە کچانە نییت.»

«تۆ هیچ شتێک لە بارەی منەوە نازانی. چۆن لە خۆتەوە بڕیار دەدەی؟»

«من تەواو بڕوام پێتە. باش تۆ دەناسم، بۆنی پرچت دەناسم، دەزانم چۆن پێ دەکەنی، هەرچەندە چ جارێک گوێم لە دەنگت نەبووە. بڕوام بەو شتە هەیە کە لە چاوەکانتدا دەیبینم. تۆ زۆر نەرم و نیانی، تۆ جوانترین و شیرینترین کچی لە هەموو دنیا!»

«ئۆی، ئەمە چی دەڵێی، تۆ چۆن قسە دەکەی! بەڕاستیتە؟»

«بەڵی، بێگومان.»

ئەو شەوە کە ئیسابەکۆڤ گەڕایەوە بەشی ناوەخۆیی، سێوەکەی خستە ناو دۆڵابەکەی تەنیشتی و چوو پۆستاڵەکانی پاک بکاتەوە و بیانشوا. دەیویست خۆی ئامادە بکا و رابکاتە کتێبخانەکە، بەڵام کە سەیری کاتژمێری ناو کۆریدۆرەکەی کرد، هەستی کرد کات تەواو درەنگە.

ئەو شەوە هاوەڵەکانی تێکڕا نووستبوون. بەڵام ئیسابەکۆڤ خەوی لە چاوان تارابوو. لەناو نوێنەکەیدا گینگڵی دەدا و خۆی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد. دەیویست ئەو دیمەنە بێنێتە بەرچاوی کە چۆن بەیانی سێوە سوورەکە دەدا بەکچەکە. لە مێشکی خۆیدا وێنەی شادمانی و سەرسامبوونی کچەکەی دەکێشا. ئەم سێوە نایابە بەم رەنگە جوان و بەرامە خۆشەیەوە، لە کاتێکی وەکو ئێستەدا لە سەرتاسەری رووی زەوین دەست ناکەوێ. ورد و باریک بۆی گێڕایەوە چۆن سێوەکەی دۆزییەوە. باسی دارسێوە بچووکەکەی ناو پایزە کۆنە باخەکەی بۆ کرد، هەروا چۆن ئەو دارسێوە لەناو هەموو دارەکاندا دڵگیرترین بوو. بەگەڵای رەنگ برۆنزی داپۆشرابوو. لەبەر تیشکی هەتاودا رەنگێکی زێڕینی تاریکی دەنوواند.

ئەوجا خەونەکانی خۆی بۆ باس دەکرد. دانی پێدا دەنا چۆن هەموو رۆژێ هەتا ماڵەوە بەڕێی دەکرد، لە هۆڵی سەماکردنی ناو سەیرانگەکەدا سەمای

لەگەڵدا دەکرد و لەگەڵیدا دەدووا. بێگومان کچەکەش پێ دەکەنی و دەیگوت: «کوڕێکی چەند ساویلکەی!» لەگەڵ لەرەی دەنگیدا هەستی بەخۆشەویستی و دڵنەوایی دەکرد. ئیدی دوای ئەوە دەچوون بۆ سینەمە. بێگومان ئیسابەکۆڤ فیلمەکەی نەدەبینی، هەر بەلاشیەوە گرینگ نەبوو. خۆزگە دەستە جلکێکی باش و جووتە پێڵاوێکی دەبوو! شەرمی دەکرد بەم پۆستاڵە سەربازییەوە لەگەڵ کچەکەدا پیاسە بکات. بەڵام کچێکی هێندە وریایە گوێ ناداتە شتی وا.

بەدەم ئەم خەیاڵاتەوە خەو بردییەوە. بەڵام شەو کتوپڕ لەناو نوێنەکەی دەرپەڕی و کەڵەمبازێکی دا. خەونی بینیبوو، شێری لاسار و چەتوون سێوە سوورەکەی دابووە بەر قەپاڵ و دەیماشتەوە. ئیسابەکۆڤ بەچاوی نیوچە خەواڵووەوە، رامالی شێری دا کە ئەو کاتە وەک تەواوی کوڕەکانی تر لە شیرینی خەودا بوو، پرخەی دەهات. ئیسابەکۆڤ دەرگەی دۆڵابەکەی کردەوە، دەستێکی بۆ سێوەکە برد، هێور بووەوە: «تەنیا ئاگەداری خۆت بە.» بەچرپەیەکەوە گوتی.

بۆ بەیانی کاتێ کوڕەکان پەنجەرەیان کردەوە، بۆن و بەرامەیەکی خەست شالاوی بۆ دەم و لووتیان هێنا: «ئەمە چتۆ سێوێکە ئیسابەکۆڤ! چ بۆنێکی هەیە! ئەگەر نیازت وایە بیبەیت بۆ نەخۆشخانە بۆ یەکێک، ئەوا زوو بیبە، ئەگەرنا ئەمشەو شێر پەلاماری دەدا.»

«دوێنی دەمویست بیخۆم،» شێر نەڕاندی. «بەڵام ئێوە نەتانهێشت.»

«ئەگەر ئازای جارێکی تر دەستی بۆ دەبەی!» ئیسابەکۆڤ بەدەنگێکی نەوییەوە گەفی کرد. ئەوجا هەموویان بەرەو پۆلەکانیان داکشان. ئای دەرسەکانی ئەو رۆژە چەند دوور و درێژ بوون! دووای پشوودان، ئیسابەکۆڤ هەستی کرد شێر لە پۆلدا نییە. خوێن بەرەو دەموچاوی سەری کرد، سوور هەڵگەڕا. لەسەر کورسییەکەی خۆی راپەڕی و قسەی پرۆفیسۆری گیانەوەرزانیی بڕی.

«بمبورە پرۆفیسۆر، دەمەوێ ئێستە بڕۆم، کارێکی یەکجار بەپەلەم هەیە.»

«چیته کوڕی گەنج؟» پرۆفیسۆرەکە بەسەرسامییەوە گوتی.

«ناتوانم پێت بڵێم، بەڵام تکایە مۆڵەتم بدێ!»

ئیسابەکۆڤ بەهەڵەداوان و راکردن، لە ئامۆژگەوە چووە بەشی ناوەخۆیی، شێتگیر و ئارام لێبڕاو، لە ڕێگەدا مستی خۆی توند گوشیبوو. بەڵام شێری لە ژوورەوە نەبینی. ئیسابەکۆڤ رای کردە لای دۆلابەکە. سێوەکە لە شوێنی خۆیدا بوو، دامرکایەوە، شاگەشکەش و شەرمەزاریش بوو. کەواتە شێر هەر بۆ خۆی نەهاتبووە دەرسی گیانەوەرزانی. هەڵکوتانی ڕێگە و کەفوکوڵی تووڕەیی، پشووی پێ تەنگ کردبوو. ئیسابەکۆڤ بەچرپەیەکەوە: «بمبوورە شێر گیان، هیچ خەمێکم لێ هەڵمەگرە هەڵمەگرە، من بەداخەوەم، جارێکی تر مەزەندەی نارەوات بۆ نابەم، پێتدا هەڵناکاڵێم.»

ئێوارێ، سێوەکەی بەچاکی لە رۆژنامەیەک لوول دا و یەکراست بەرەو کتێبخانە هەیپێی کرد. زووتر لە وادەی ئاسایی گەیشتە کتێبخانە و هەروەکو جاری جاران کورسییەکی لە بەرامبەری دەرگەدا گرت. کتێب و کاغەزەکانی لەسەر مێزەکەدا دانا و کەوتە چاوەڕوانی. کتێبخانەکە وەک هەموو رۆژان کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی لێ بوو. چاویان بڕیبووە کتێبەکانیان و ورتەورتیان بوو، رایەڵکەی ژووری جگەرەکێشانیان دەکرد. ئیسابەکۆڤ وەک خەو ببینێ هەموو ئەو شتانەی بەبەر چاودا رادەبورد، سرتەیەک چییە نەیدەبوارد، چاوەڕوان بوو. سێوە سوورە لە رۆژنامە پێچراوەکەی لەژێر مێزەکەوە خستبووە سەر ئەژنۆی. هەڵتروشکابوو، جووڵەی جووڵە ئاسای نەدەکرد. سەعات و نیوێک رابورد. ئیسابەکۆڤ بووبوو بەیەک پارچە چاوەڕوانی، هیشک هەڵاتبوو، هەتا تاریکانێکی درەنگ لەوێ مایەوە. سۆمای چاوی داهات. هەر چاوەڕوان بوو. دوو سەعات ـ سێ سەعات بەسەر چوون، بەڵام کچەکە هەر نەهات. ئیسابەکۆڤ بەجارێ هیوای بڕا.

ڕۆژی دواتر، جارێکی تریش بەخۆی و سێوە بۆرەوە بەناو بازێڕدا دای قەڵاشت. دیسان دڵەکوتەیەکی پڕ لە کوڵ و کۆ سەرومڕ دای گرت، هەر

چاوەڕوان بوو، چاوەڕوانییەکی لە تووان بەدەر. کە کچەکە لە دەروازەکەوە بەژوور کەوت، ئیسابەکۆڤ داچڵەکی، هێندەی نەمابوو بەتەپوکوتی دڵ کەڕ و کاس ببێ. کچەکە وەک هەموو جارێک سووکە گرژینەوەیەکی کرد، ئیسابەکۆڤ دڵ و دەروونی کەیل بووبوو لە شادمانی. لە ئاشقان هەتا ناو کانگەی دڵ ئارەزووی لێ دەتکاوە. بەو خەیاڵەوە مەست بوو، وای دەزانی کچەکە بەهاستەم ئیشارەتی داوەتێ و بەدەم ڕۆیشتنەوە سڵاوی لێ کردووە. کچەکە دوور بەدووری ئیسابەکۆڤ کورسییەکی لە تەنیشت مێزەکەی تردا گرت و دەستی کرد بەموتالا.

ئیسابەکۆڤ لەگەڵ جۆش و خرۆشی ئاسوودەییدا هاتبووە کوڵ. بەدەستێکی لەرزۆکەوە سێوە دڵخۆشکەرەکەی لە ژێر مێزەکدا لەنێو لەپی دەست گرتبوو.

کچەکە دووای ئەوەی چەند کتێبێکی خواستەوە، هاتەوە و وەک هەموو جارێک بێ ئەوەی سەرنجی کەس بدا یا بایەخ بەشتێک بدا، دەستی کردەوە بەنووسین.

ئیسابەکۆڤ چاوەڕوان بوو. جارێکی تریش کات بەکاوەخۆ و بەشێنەییەکی ئازاردەرەوە دەڕۆیشت. ترس و سامێکی خەست و خوڵی لێ نیشتبوو، سەرتاپێ هەست و خوستێک دای گرت، ئەو هەستە لە موچڕک و گومان و ترسیش و لە خۆشی و شادمانیش دەچوو. ئەمڕۆ خەونەکەی دەهاتە دی. چاوی لەسەر لاڕوومەتە لە پەڕەی گوڵ نارینتر و پرچە کاڵە بەرەودوا لەشە دراوەکەی و برژانگە هەمیشە بەرەو خوارەکانی و پەنجە ناسک و بزێوەکانی هەڵنەدەگرت. زەردەخەنەی کچەکەی دەهێنایە بەر سەرنجی خەیاڵ کە دەیگوت «چەند ساویلکەی!». هەست و خوستی لەخۆی بڕیبوو. سرتەی نەدەکرد بۆ ئەوەی بیر لە شادمانی و دڵئاسوودەیی خۆی بکاتەوە. هەزار و یەک کەڵکەڵەی وای لە مێشکدا بوو. بەڵێ، هەموو شتێکی پێ دەڵێ. پێی دەڵێ کاتێ ویستی سێوەکە بخوات، چۆن ئەوی بیر کەوتەوە، چونکە بەردەوام لە خەیاڵیدا بووە. چونکە هەر کاتێ شتێکی جوانی لە ژیاندا دیبێ، هەنگینێ حەزی کردوە

لەگـەڵ ئەودا بێ، ئەمــەش سـەبارەت بەوەی کـە هەر ئەو دەتوانێ هاوبەشی شـادی و ئـاسـوودەییی ئـەم بێت. بەلای ئیسـابـەکـۆڤـەوە تـەنیـا لەگـەڵ ئەودا دەتوانێ شتی جوان بەرز هەڵبسەنگێنێ.

چرای شـەقـامـەکە دەمێک بوو داگیرسابوون. خـوێندەوارانیش وردە وردە بەرەو مـاڵ دەبوونەوە. بەڵام ئەو هێشـتـا هەر دانیشـتبـوو، شـتـی دەنووسی. ئیسـابـەکۆڤ هەر چاوەڕوان بـوو. کە کـچـەکـە ویسـتی شـتـەکـانی خـۆی کـۆ بکاتەوە، ئەمیش خێرا دەفتەری دەرسەکانی خستە ناو جانتایەکەیەوە، سێوە لوولدراوەکـەی هەڵگرت و چـووە دەرەوە. ئەمجـارە لە شـەقـامـەکـە نەپەڕییـەوە ئەوبەر، بگرە هەر لەبەردەم دەروازەکەدا وەسـتـا. دڵەکوتەیەکی شێتـانەی پێ کـەوتبـوو. دەمی هیـشـک بـووبوو، تێنووی بوو، بـەڵام دوای مـاوەیەک دەنگی پاژنەی پێڵاوی کچەکەی هاتە گوێ کە لە پلیکانە بەردینەکەوە دەهاتە خوار. کچەکە لـەژێر تیشکی چراخـانی شەقامەکەدا بەدیارکەوت. جوان و باڵا بەرز، چاکەتێکی دووا مۆدەی لەبەردابوو. ئیسـابـەکۆڤ سێوەکەی بەدەستـەوە بوو، خۆی وا نیـشـان دا کە بـەرەو رووی کـچـەکـە دێ، ئەویش بێ ئەوەی قـسـەیەک بکات بەتەکیدا رەت بوو.

«تکایە!» ئیسابەکۆڤ بەدوودڵییەوە گوتی.

«بەڵێ؟» کچەکە وەستا و ئاوڕێکی دایەوە.

وچانێکی تەنگ بوو، لێوی بەتەتەڵە کەوت.

«سێوێکم بۆ هێناوی.» ئیسابەکۆڤ بەئاستەم ئەو قسەیەی دەرپەڕاند.

«سێوێک؟ مەبەستت چییە! بۆ وا دەزانی هەرگیز سێوم نەدیوە؟»

«بەڵێ دیوتە، بەڵام دۆزیومەتەوە...»

«جا چییە؟ تێ ناگەم ئەمە پێوەندیی بەمنەوە چییە!» بەهەراسانییەوە گوتی.

لێی دا رۆیشت بێ ئەوەی ئاوڕی دواوە بداتەوە.

سێوە سوورەی بەجێ هێشت.

ئیسابەکۆڤ سەیرێکی کچەکەی کرد، سەرسام بوو. سامانەکەی لەنێو لەپی دەستیدا توند گوشیبوو. تێ نەدەگەیشت چی رووی دا. ئەو دنیا ئەفسوناوییەی بەهەزار و یەک ئاوات و هەویاوە بە دەوری سێوەکەیدا هەڵچنیبوو، لە ترووکەکەیدا هەرەسی هێنا و رما.

بەخەمبارییەوە بەرەو ماڵ بووەوە. لە پڕێکدا هەتا هێزی تێدا بوو سێوەکەی سرەواندە تاریکاییی شەو، سێوەکە بەر دیوارەکەی ئەوبەر کەوت و هەپڕوون بەهەپڕون بوو. بەلۆژەلۆژ و خەمباری، خۆی بەشەقامەکەدا پەلکێش کرد و بەرەو ماڵ بووەوە. وەک سەرخۆشێک بەناوەندی شەقامە چۆڵەکەدا ملی رێگەی گرتبوو، چەند ئۆتۆمۆبێلێک بەوریایی خۆیان لێ لادا و بەئەسپایی لە تەکیەوە رەت بوون.

ئیسابەکۆڤ لە ژیانی بەرەودوای خۆیدا گەلێک جار دۆستی کچی هەبوون، بەڵام چ جارێک نەیویست سێوی سووریان بداتێ، چونکە کەسیانی نەدەویست.

ئیدی ئێستە بۆی دەرکەوت کە تاکە ئافرەتێک هەبێ، بەرسنگەی لێ گرتبێ و بەئاو و تاوەوە داوای سێوە سووری لێ بکات (سابیرە)ی ژنیەتی. ئیسابەکۆڤ لە تەک پەرژینی پایزە باخەکەدا دانیشتبوو، وردە وردە ئەم شتەی بۆ روون دەبووەوە.

دەمەدەمی ئێوارە، ئیسابەکۆڤ و ئەنارا بەرەو ماڵ گەڕانەوە. تاریکایی خێرا دادەهات. چراخانی گڵۆپەکانی شار لە بەرامبەریانەوە دادەگیرسان. ئۆتۆمۆبێلەکە بەهێمنی بەسەر رێگە بەگەڵای وەریو داپۆشراوەکەدا دەڕۆیشت.

ئیسابەکۆڤ جگەرەیەکی دەرهێنا و دای گیرساند. سێوە سوورەی لەنێو لەپی دەستی ئەنارادا بینی. «باشە، ئەمە نەتخواردووە؟»

«نەخێر، بۆ دایەی هەڵدەگرم.» منداڵەکە بەهێمنییەوە گوتی.

«بۆ دایە؟» ئیسابەکۆڤ وشەکەی قۆستەوە. کڵپەی ئاگرێک لە گەروویدا کەوتە نێڵە نێڵ. «بەڵی، بۆ دایەی دەبەین.»

ئیدی قسەیان نەکرد. ئیسابەکۆڤ بیری لە کچەکەی دەکردەوە. وا پێ دەچێ هەموو شتێک بزانێ. خۆزگە دەیتوانی هەموو جارێک ئاوها بەرگە بگرێ. هیوادار بوو ژنەکەی سێوە سوورەی کچەکەی بەدوا نەداتەوە.

ئیسابەکۆڤ نامەکەی نەنووسی.

بۆ بەیانی کاتێ ئیسابەکۆڤ هێشتا هەر نووستبوو، ئەنارا برووسکەیەکی لەسەر مێزەکەی باوکیدا بینی کە ئامادەکرابوو بۆ دایکی بنێردرێتە مۆسکۆ:

«وا هاتین بۆ لای تۆ»

کچەکە دەستی دایە قەڵەمێک و بەخەتە درشت و رەوانەکەی خۆی، ئەمەی بۆ زیاد کرد:

«دایە گیان وەرە پیرمانەوە، سێوێکی سوورمان بۆ هێناوی»

.......................................

چنگیز ئێتماتۆڤ

ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی شیکیر لە قیرغیزیا لە دایک بووە، ساڵی ١٩٥٣ دەستی داوەتە نووسین، چیرۆکە ناسراوەکانی ئەمانەن: جەمیلە، یەکەمین فێرکار، چیرۆکی چیا و پێدەشتان، چنارەکەم دەسماڵێکی سوور لەبەردا، خاکی دایکزا، ماڵت ئاوابێ گولیزەر! کەشتییە سپی و رۆژی هەرە دوایی لە تەمەنێک درێژتر.

.......................................

## ئەوان مردن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بژین

ڤیکتۆر ئەستافییێڤ*

لەناو دارستانێکی سووره چناری کەڵەگەت کەڵەگەتدا کۆتەرەدارێکی بۆزی گەورەم کەوتە بەرچاو، کۆتەرەکە هێندە ئەستوور و گەورە بوو بەڕادەیەک ئەگەر بازووشم تێی وەربهێنایە هێشتا نەمدەتووانی تەواو لە ئامێزی بگرم. بەچەپکێک کوارگی سەربەکڵاوەی گرنج گرنج گەمارۆ درابوو، ترۆپکی بنکەدارەکە کڵاوێکی کەوزەی کاڵ رەنگی لەسەر نابوو، بەسێ چوار لکە دەوەنی بچووک رازابووەوە. هەر لەوێش چەند پنجە کاژێکی بچووک هەڵچووبوون و هەریەکەی دوو یان سێ چڵی بچووکیان هەبوو، نووکی چڵەکان زۆر تیژ بوون. هەرچەندە دڵۆپە کەتیرە بەسەر نووکی چڵەکانەوە دەدرەوشانەوە و تەواو دایان پۆشیبوو بەڵام دەمتوانی گۆپکەی چڵە نوێیەکان بەچاکی ببینم. ئەم گۆپکانە هێند بچووک بوون، کاژەکان خۆیشیان هێند لەڕ و لاواز بوون هەلی ئەوەیان بۆ هەڵنەکەوتبوو خەباتی چڕ لە پێناوی ژیانی خۆیاندا بکەن و پەرە بەگەشەیان بدەن.

یاسای ژیانە، دەمریت ئەگەر گەشە نەکەیت. ئەم کاژانە لەگەڵ لەدایکبوونیاندا دەمردن، ڕاستە سەریان لێرە دەرهێنابوو بەڵام نەیاندەتووانی بەرگە بگرن.

جگەرەکێشێک لەتەک کۆتەرەدارەکەدا دانیشتم و سەرنجم دایە یەکێک لە کاژەکان کە لە نێوانی ئەوانی ترەوە سەری دەرهێنابوو، بەشادی و بەبوێرییەوە لە ناوەندی کۆتەرەدارەکەدا وەستا بوو، نووکەکانی تاریکتر بوون، باڵا لاوازە کەتیرە گرتووەکەی و تاجە بەرزەکەی هێند بەورەبەرزییەوە

وەستابوون، دڵنیایی و تەنانەت جۆرە بەخۆوە نازینێکیشیان دەنوواند.

پەنجەم بردە ژێر کەوزە شێدارەکە و کەمێکم بەرز کردەوە. لە دڵی خۆمدا بەبەزەییەکەوە گوتم: «ئاها، هۆیەکەی لێرەدا بوو!»

کاژەکە شوێنێکی چاکی لەسەر کۆتەرەکەدا بۆ خۆی بەدەست هێنا. ڕەگە باریک و دەزوولەییەکانی وەک باوەشێنە کرانەوە، لە کاتێکدا کە گرنگترین شوێنی کاژە بچکۆلەکە لەسەر ناوەندی کۆتەرەدارەکەدا بەچاکی چەسپیبوو. ڕەگە باریکەکان دڵۆپە خوناویان لە کەوزەکەوە هەڵمژی، ئەمەبوو هۆی ڕەنگی کاڵەوەبووی پنجە کاژەکە. لە هەمان ئەو کاتەدا رەگی ناوەندیی پنجە کاژەکە لە پێناوی بژێویی خۆیدا بەرەو خوار شۆڕ بووبووەوە.

کاژە بچکۆڵەکە پێش ئەوەی بگات بەزەوی، دەبوو رەگەکانی خۆی بەناو جەرگەی کۆتەرەدارەکەدا بەرەوژێر ببات، کارێکی دژوار و درێژخایەن بوو، دەبوو بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەرگی دارینی کۆتەرەکە بپۆشێ و لەناو دڵی دارەکەدا گەشە بکات کە بەراستی بۆی بووبوو بەدایک، ئەو دایکەی تەنانەت لە دوای مردنیشی منداڵەکەی دەپاراست و بەخێوی دەکرد.

تەنانەت دووای ئەوەیش کە کۆتەرەدارەکە دەبوو بەخاک و خۆڵ و لەناو دەچوو، بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی لە پاش بەجێ بمایە، ڕەگ و ڕیشاڵە رزیوەکانی لە کووراییی زەویدا هەتا ماوەیەکی زۆر دوا تەڕاییی خۆیان دەرخواردی کاژە ساوایەکە دەدا و دڵۆپە خوناوی لە چیمەن و گەڵا و لکی چیلکە کێویلە وەریویان بۆی گل دەدایەوە، بەدوا هەناسەی ژیانی بەساڵداچووی خۆیان ئەو کاژە ساوایەیان لە سەرماوسۆڵەی زستان گەرم دەکردەوە و دەیانپاراست.

کاتێ بیرەوەریم بەبێ ئەنداز بەکوڵ و کۆڤان دێ و لێم دەبێ بەدڵەڕاوکە – ڕەنگە بەردەوامیش ببێ بە دڵەڕاوکەی ئەوانەی لەسەروبەندی شەڕدا ژیاون، کاتێ بەچاوی خەیاڵ ئەو کەسانە دەبینم کە لە بەرەی شەڕدا کەوتن و کوژران، زۆربەشیان ئەو کوڕە گەنجانە بوون کە هێشتا ژیانیان نەدیتبوو،

دڵدارییان نەکردبوو، تامی ژیانیان نەچێشتبوو، تەنانەت تێریشیان بەزگی خۆیان نەخواردبوو، ئەوا بیر لەو کاژە ساوایە دەکەمەوە کە لە سەر کۆتەرەدارەکەی ناو دارستانەکەدا گەشە دەکات

## سوێسکە

کاتێ لە پاوانە بەرزەکانی (ئۆرال) نێزیک کەوتینەوە، بێشەڵانەکە وردە وردە تەنک بووەوە. گاڕانمان بۆ لەوەڕی هاوینە بەرەو ئەوێ دەبرد.

نێزیکەی زۆربەی دار و دەوەنەکان داری کاژ بوون، بەهۆی رەشەبا و سەرماوسۆڵەی باکورەوە چەمابوونەوە. تەنیا لێرە و لەوێ نەبێ، لە نێوان دار (نەوزی) کەم لک و پۆپ و دارکاژ و هەڤرێسکدا، دارپەڵکیک یا دار (تێرو)یەک گەڵا شەرمنە رزیوەکانی دەخستە بەر چاوان، یا کەرەوزە کێویلە گەڵای لوولبوویان بەملا و بەولادا بڵاو دەکردەوە.

گاڕانی گاوگۆتاڵ بەبڕست لێبڕاوی ملی تووڵەڕێیەکی بەداروباری رماو داپۆشراوی گرتبووە بەر، ئێمەش هەروا بەکەشەنگی و ماندووەتییەوە بەو شوێنەوارە چڕ و ئاڵۆز و پڕ لە داروبارە بەرەشەبا رماوەدا هەڵگەڕاین.

بڵندایییەکی بچووک لەسەر تووڵەڕێیەکەدا بەدەر کەوت، تووترکی گەڵا کاڵڕەنگی ـ کە تازە گوڵی دابوو، بڵندایییەکەی داپۆشیبوو. دەنکە وردیلە کەسکەکانی تووی دوارۆژ بەئاستەم گوڵووکی بچووک بچووکی رەنگ بۆزیان دەرکردبوو، گوڵووکەکان بەهێمنی لە شوێنی خۆیاندا سیس بووبوونەوە. وا ئێستەش تووەکان دەئاوسان و رەنگیان بەرەو ئەرخەوانی و پاشان شین دەگۆڕا، هەتا لە کۆتاییدا دەبوون بەڕەشێکی ئاماڵ بۆز. تووترک کاتێ پێ دەگا شیرین و بەبۆن و بەرامەیە، بەڵام رەنگە لە هەموو تووێکی تر بێ نازتر بێ.

ژاوەژاوێک لە تەک بڵندایییە تووترکەکەدا هاتە کایەوە. گاوگۆتاڵەکە بەو ناوەدا هەڕایان کرد و کلکیان بەرز کردەوە، ئەو کوڕیژگانەی گاڕانەکەیان

لەگەڵ ئێمەدا رادەدا کردیانە هەرا و هۆریا.

«ئەوەتا هێلانەیەک، هێلانەیەک.» کوڕیژگەکان هاواریان کرد. چاوم بەو ناوەدا گێڕا، بڵندایییەکەم بەسەرنج دابێژت، بەڵام چ نیشانەی هیچ هێلانەیەکم نەبینی.«ئەوەتا! ها ئەوەتا!» کوڕیژگەکان ئاماژەی ئەو بنکەدارە کەسکەیان کرد کە من لە تەکیدا وەستابووم.

سەرنجم بەردایەوە، دڵم بەترسێکەوە داچڵەکی، هێندەی نەمابوو هێلانەکە بپڵیشێنمەوە. هێلانەکە لەسەر بڵندایییەکە دروست نەکرابوو، بگرە راست لە ناوەندی تووڵەڕێیەکەدا بوو، لەژێر سواڵەیەک ڕەگ و ریشاڵی نەرم و شل. خانووەکی بچووک بوو، سەر و هەر چوار تەنیشتی بەچاکی کەوزە گرتبووی، هەروا بەباوەشێک پووشی بۆز داپۆشرابوو، دەرگەیەکی بچووکی هەبوو بەسەر تۆپەڵە تووترکەکەدا دەکرایەوە. هێلانەیەک لە ناوەوە هەبوو، ئەویش کەوزە گرتبووی، چوار هێلکەی ترووکاوی رەنگاوڕەنگی مەیلەو قاوەیی لەناو هێلانەکەدا هەبوون، کەمێک لە هێلکەی مریشک بچووکتر بوون. پەنجەم لە یەکێکیان دا، گەرم بوو.

«با بیانبەین!» ئەو کوڕەی لە بەرامبەرم وەستابوو بەپشوو سوارییەوە گوتی.

«بۆچی؟»

«هەر بۆ فشە!»

«ئەدی سوێسکە دایکانەکە؟ سەیری کە!»

سوێسکەکە تۆزێک بەولاوەتر خۆی لە خۆڵ دەگەوزاند. باڵەکانی هێشتا کرابوونەوە، زەوییەکەی پێ دەماڵییەوە. تومەز بەباڵکراوەیی لە هێلانەکەیدا هەڵنیشتبوو، هێلکەکانی پێ داپۆشیبوون و گەرمی داهێنابوون. باڵەکانی بەهۆی بێ جووڵەیی سڕ بووبوون و توانای فڕینیان نەمابوو. دواجار بڕیاری دا هەڵفڕێتە سەر چڵی دارێک و بەسەر سەری ئێمەوە هەڵنیشت. ئیدی ئەو کاتە بوو ئێمە بەرزگی هەتا بن مل رووتاوەکەی سوێسکەکەمان بینی، پێستە

زیپکەدارە رووتاوەکەی بەرسنگی بەتەپوکوت کەوتبوو. دڵی مەلەکە بەترس و تووڕەیی و بێ ورەییەوە تریوی دەدا.

«پەڕ و تووکی خۆی بەدەندووک هەڵدەکێشی و بەسکی رووتاوەی خۆی، هێلکەکان گەرم دادێنێ، بۆ ئەوەی هەموو تنۆکێکی گەرمی بداتە ئەو بێچووانەی بەم زووانە لە هێلکە دەردەچن،» مامۆستا فێرکارەکە هەڵی دایێ.

«وەکو دایکی خۆمانە، هەموو شتێکمان دەداتێ، هەموو تنۆکێک...» یەکێک لە منداڵە بچووکەکان بەخەمباری و بەشێوەکی پیاوانەوە گوتی. رەنگە بەهۆی شلەژاویی ئەوەی یەکەمین جار بوو لە ژیانی خۆیدا ئاوها پیاوانە بدوێ، بەدەنگێکی لە گەروو تاساوەدا هاواری کرد: «با بڕۆین! با گارانەکە کۆ کەینەوە!». هەموویان بەخۆشییەوە لە هێلانە سوێسکەکە هەڵبڕان. سوێسکەکە لەسەر چڵی دارەکەوە ملی بەدوایاندا درێژ کردەوە، بەڵام چاوی لەسەر شوێنێکی تر بوو. سەرنجی لە هێلانەکەی خۆی بڕیبوو. کاتێ ئەوان دوور کەوتنەوە، ئەمیش بەسووکی لە دارەکەوە دابەزی و خزایە ناو هێلانەکەی، باڵی کردەوە و کڕ کەوت.

چاوەکانی پڕ بوون لە خەو، بەڵام هێشتا بەترس و پارێز بوو، هەموو گیانی کرژ هەڵاتبوو، دڵی بەتوندی تەپوکوتی بوو، گەرمی و ژیانی بەردەدایە ناو ئەو چوار هێلکەیەی لە حەفتەیەک یا دووان یان رەنگە لە ماوەی چەند رۆژێکی کەمدا چوار زەڕنەقووتەی سەر زلیان لێ دەردەکەوت.

هەروا کاتێ هەراشیش دەبوون، لە بەیانییەکی رۆناکی پڕ لە تیشکی گوڵاندا، کاتێ یەکەمین ئاوازیان دەچریکاندە نێو دنیای سەرسڕهێن و بەرهەڵدای دەوروپشتیان، رەنگە لە نێو وشەکانی گۆرانی و ئاوازی سەر زاری ئەو مەلانەدا کە ئێمە تێیان ناگەین، هەندێ وشە لەبارەی ئەو دایکانەوە هەبن کە هەموو شتێکی خۆیان – تەنانەت هەندێک جار ژیانیشیان، پێشکێشی بێچووەکانیان دەکەن.

## کاتێدراڵی دۆما

دوم. دوم. دوم.

کاتێدراڵی دۆما، ئەو کاتێدراڵە مەزنەی بەخۆی و بایەوانی سەر کەلوویەوە، بڵند و بەردین وەستاوە، دەنگی خۆی بەسەر ڕیگا (Riga)دا بڵاو دەکاتەوە.

مۆسیقای ئۆرگۆن ژێرزەوینەکان پڕ دەکات، بەگرمە و گاڵەوە بەرەوژێر شۆڕ دەبێتەوە، دەبێ بەدەنگی ناسکی بەچپەدووی دوو ئەڤیندار، بانگەوازی رەبەنێکی نەسمراو، ئاوازی کەرەنا، هەوای پیانۆیەکی شێوە گیتار یا شورەشوری جۆگەلەیەک. جارێکی تریش شەپۆلێکی بەگوڕی بەجۆش و خرۆشی رەشەبا ئاسا هەمووان هەڵدەگرێ، گرمەگرم تێ هەڵدەکاتەوە.

دەنگ وەکو دووکەڵی بخوور شەپۆڵ دەدەن، سفت و چڕن، هەموو شوێنێک پڕ دەکەن، هەموو شوێنێک دەتەننەوە، دڵ، خاک، دنیا.

هەموو شتێک ماتە، ناپەڕژاییی دەروون، بۆشاییە بەتاڵەکانی ژیان، سۆزی کرچ و کاڵ، دەرد و مەرەدی رۆژانە، هەموویان لە شوێنێکی تر، لە دنیایەکی تر، لە دنیایەکی تردا بەجێ مان، زۆرم لێ بەدوور کەوتن.

دەشێ هەموو ئەو شتانەی لەمەوپێش روویان دا خەون بووبن؟ شەڕ، خوێن – بۆچی ژیان لە دنیایەی ئێمەدا هێندە دژ و دژوارە، بۆ؟ لەبەر چی؟

دوم. دوم. دوم.

ئۆرگۆن ئاواز دەژەنێ، مۆسیقا بڵاو دەبێتەوە، تاریکی رەویوەتەوە، هەتاو هەڵاتووە، هەموو شتێک گۆڕاوە.

کاتێدراڵەکە بەخۆی و چراخانی کارەبایی، جوانی و پیرەتەمەنی و مینای رەنگین بەوێنەی لە نەدیتە کێشراوی ژیانی بەهەشتەوە، دڵگر و هەوەس بزوێنە.

تەنیا من و دنیا لێرەین، کپ و بێدەنگ خەریکە لە بەردەم مەزنایەتیی جوانیدا چۆک دابدەین.

هۆڵی کاتێدراڵەکە پڕە لە خەڵک، گەورە و بچووک، رووسیایی و ناڕووسیایی، دڵۆڤان و دڕندە، تاوانبار و بێتاوان، بێزار و هیوادار.

کاتێدراڵەکە هێشتا چۆڵە.

هەموو لەودیو دەرگاوەن، تەنیا بێدەنگیی من لێرەیە، گیانێکی بێدەنگ ناسۆری نادیار دەکێشێ و فرمێسکی شادییەکی کڕوکپ دەبارێنێ.

گیانی من خۆی پاک کردەوە، پێم وایە هەموو دنیا - ئەم دنیا بەگەف و گێچەڵەی لەمەڕ خۆمان، هەناسەی لەخۆی بڕیوە و خەریکە لێوی وشکم بەکانیاوی لە وشکبوون نەهاتووی چاکەی خواییەوە بنێ.

لە ناکاو وەک مۆتکەی شەو، وەکو سۆدرە، نیشانیان گرت، ها لەم ساتەدا بەمەترەلۆز و ناپاڵم و رۆکێت نیشانیان لەم مۆسیقا بەهەیت و هوت و گیانی ئەم مرۆڤانە گرت.

کوڕە نەکەن، هیزە وا نابێ!

ئای کاتێدراڵی دۆما!

دوم! مۆسیقا! چیتان لێم کرد؟

ئێوە هێشتا لە بنمیچی کەوانەییدا دەهەژێنەوە، هەتا ئێستە گیان پاگژ دەکەنەوە، موچرک و تەزوویێک دەبەنە خوێنەوە، ڕووناکی داوێنە سەر دەوروبەر. بەڵام ئێستە نا ئێستە پیاوێکی رەشپۆش دەردەکەوێ و لە سەرەوەڕا دەنووشتێتەوە. ئەم گەندەپیاوە دەیەوێ خۆی بەخۆی بسەلمێنێ کە ئەو بوو ئەو پەرجووەی داهێنا، کە جادووکەر و سروودبێژی ئاینی، نەدیتە و خواوەند دەسەڵاتیان بەسەر هەموو شتێکدا - بەسەر مان و نەماندا دەشکێ.

کاتێدراڵی دۆما، کاتێدراڵی دۆما!

لێرە کەس چەپڵە ناکێشێ، هەمووان لە داخانا دەگرییێن، هەرکەسە بۆ

خـەمی خـۆی، بەڵام گـریانی هەمـوویان لە داخـی ئەوەیە خـەونە خـۆشکەڵەکـە تـەواو دەبێ، بـەتـاڵ دەردەچێ و ئـەو ئـەفـســــوونەی دەیبــــردنە نێــــو خــــۆ لەبیرچوونەوەیەکی بەلەزەتەوە، ئاوها کورت دەبێ.

کاتێدراڵی دۆما، کاتێدراڵی دۆما!

تۆ لـە نێــو دڵی تریودەری منداڵی، مـن لە ئاسـت مـۆسـیـقـای تۆدا ســەر دادەنوێنم و سـوپاسی خۆشـییـەکـەیت دەکـەم، هـەروەها بـەکورتی سـوپاس بۆ: خۆشی و بڕوای ژیریەتیی مرۆڤ. بۆ ئەو پەرجووەی ئەم داناییە دەیخولقێنێ، سوپاست دەکەم، سوپاسی هەموو شتێکت.

.......................................

ڤیکتۆر ئەستافییێڤ

ساڵ ١٩٢٤ لە گوندێکی هەرێمی گراسنۆیارسک لە سیبیریا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥١ یەکەمین کورتە چیرۆکی چاپ کردووە. بەرهەمەکانی بریتین لە: ئەستێرەی رژاو، کوڕەشوان و کچەشوان، ئەسپی یاڵ و بژ مێخەکی.

.......................................

# هــەزارولا

نۆدار دومبادزێ*

بەبیـرم دێ ئـەو کـاتە تەمــەنم چواردە ســاڵان بـوو، یەکــەم جـارم بوو لەگــەڵ بنـەدارێکدا بدوێـم. بنەدارەکــە بەناو ســاڵ کــەوتبــوو، وەک داپیــرەم خــۆی لە سەرووی شێست ساڵی دەدا. داری سێو بوو، پێیان دەگوت هـەزارولا.

هـەموو ساڵێک داپیرەم سێوی هـەزارولای دەهێنایە تبلیسـی، لەگەڵ یەکەمین شــەمــەندەفــەری بەیـانیـدا دەگــەیشــتــە جێ و یەکــڕاسـت لە وێســتگەی شەمەندەفـەرەوە بۆ ماڵی ئێمە دەهات. ڕوومەتـە سوور هـەڵگەڕاوەکانی بەزەردە کەنییـەکی بریسکەدارەوە دەگەشـانەوە، تەنانـەت خـۆشـی بۆن و بەرامی تیژی گـوندی لێ دەهـات. ئامـێـزی بۆم دەکـردەوە و تـوند بەسـینگـەوەی دەگـوشـیم، ئەوجا سێوێکی ساردی پڕ بەچەنگێکی بۆم هـەڵدەدایە سەر جێیەکەم.

«ها ئەمــە بۆ تۆ نینا[1]، ســێـوی هـەزارولای خـۆمـانە. هەرچـەندە ئێـســتــە هـەزارولا پیـر و بێ سـەمـەر بووە و کـتـومت وەک (داتـینۆ)ی دزە بەکەشـوفش و خۆهـەڵکێشـەکەی ئەڵماسـخانی بەسەر هاتووە، بەڵام هێشـتا چ لەوە خـۆشـتـر نییە سبیانان لە خورێنی سێوێکی هـەزارولا بخۆی. ئێ دەبیخۆ گیانی گیانانم، دەردت لە من کەوێ، خەم و پەژارەت لەگەڵ من بێتە ژێر گڵ.»

جا بەڕاستی سێوی بەلەزەت بوون.

لەگـەڵ هـەڵگیرسـانی شـەڕدا هـەیپێم کردە لای داپیرەم لە گوند. ئەو جـاری بوو بەدیمانەی هـەزارولا گـەیشـتم و ئاشنابیم لەگـەڵیدا پەیدا کرد. دارسـێوی تـایین خـۆی بەسـەر (مـەڕانـی)یەکەدا[2] هـەڵکێشـابوو، دارێکی بەبۆن و بەهـەیت و هـووت بوو، هـەرچـەند کرم کـون کونی کردبوو، گەلێ شـوێنی لێرە و لەوێ وشک

بووبوون، بەڵام هێشتا دارێکی بەناز و فیز و گران و سەنگین و جوان بوو، لک و پۆپی بەسێبەر و نسێی هەبوو، کەوگیر و دەفری گڵێنە و گۆزە و دیزەی گەورە و بچووکی پێوە هەڵواسرابوو، بەڵام مخابن! بەدرەنگەوە پێم زانی هەزارلایەکەمان نەوەک جاری جاران گوڵی دەکرد و نەبەری دەدا.

جارێکیان، سەرەتای بەهاری ١٩٤٢ بوو داپیرەم لەگەڵ گزنگی بەیاندا بەئاگای هێنام. تەورێکی بەبریسک و هۆڕی وەک گوێزان تیژی بەدەستەوە بوو.

«ئۆی داپیرە ئەمە چی دەکەی، دەتەوێ بمکوژی؟» بەگریان و ترس و لەرزێکی بەدرۆوە خۆم لەژێر نوێنەکەمدا شێردەوە.

«گاڵتە مەکە هەی گەوج!» بەتووڕەیی هاواری کردە سەرم. « هەستە دەنا گوێت دەگرم و لەناو نوێنەکەت تێ هەڵدەدەم. هەستە دەست بدە کارێک.»

« بەم گەردوگۆڵی بەیانە چ کارێک لە گۆڕێدا هەیە؟» بەتووڕەیی پرسیم. «ژنێ، تۆ بۆچی هەستاوی؟»

«کارەکە دەستی پیاوانی دەوێ، هەر هێندەت پێ دەڵێم و چی تری لەسەر نارۆم،» بەرووگرژییەوە چرپاندییە گوێم.

« داپیرە کەڵکەڵەی کوشتنی کێت کەوتووەتە سەر، هیتلەر یا دەستەی کارگێڕیی کێڵگەکەمان؟»

«سەیرکە کەرە گچکەی لاسار. بیبڕەوە، ئیتر گاڵتە بەسە، چیت پێ دەڵێم وا بکە.»

«زۆر باشە داپیرە، وا هەستام. بەڵام تۆ پێم بڵێ ئەم هەرایەت لە چییە؟» گوتم و دەستم پێ کرد جلکەکانم لەبەر بکەم.

«دەڵێی نەتزانیووە ـ هەزارولا! چ پێ ناچی ئەم نانکوێرە بچووکترین هەستی شەرم و شوورەیی یان تام و تۆرەی هەبێ، ئای چ کەڵەکبازێکی ناجسنە، بەتایبەتیش لەم گرانی و برسیەتییەدا!»

«مەبەستت... بنەدارەکەیە!» بەسەرسامییەوە زارم هەڵێنا.

«بەڵێ بنەدارەکە، بنەدارەکە!»

«مەبەستت دار سێوەکەیە؟» هێشتا باوەڕم بەگوێی خۆم نەبوو.

«ئاخۆ دارسێوێکی بەبێ سێو شایەنی ناوەکەی خۆیەتی؟» وەڵامی دامەوە. پرسیارەکەمی بەپرسیارێکی تر وەڵام دایەوە، هەر خۆیشی وەڵامەکەی بۆ راست کردمەوە و گوتی: «نەخێر، دارسێو نییە ئاگردووە.»

«زۆرباشە، دەتەوێ بیبڕمەوە یا چیی لێ بکەم؟»

«دەسبەجێ مەیبڕەوە، جارێ لە پێشەوە کەمێک ئەم بێ مێشک و ئاوەزە دەترسێنین، ئەگەر نەترسا ئەوا دەیبڕینەوە. هەرا و جاوەجاو دادی چی دەدا؟»

داپیرم تێی گەیاندم چۆن هەزارولا بترسێنم. ئەوجا تەورەکەی لەسەر نوێنەکەم دانا و وەرسووڕا بڕوا.

«پێت وایە تێم دەگا؟» بەبزەیەکەوە پرسیارم کرد.

«ئەگەر دەماری دەمارئاسای تێدابێ، هەست دەکا،» داپیرە گوتی.

«لەگەڵم دێی؟» پرسیم.

«نا، دەبێ تەن بەتەن لەگەڵیدا بدوێی، تۆ و هەزارولا،» داپیرە لە نێزیک دەرگە ئەمەی گوت و لێی دا رۆیشت.

چوومە دەرەوە، تەورەکەم خستە سەر نەرەی شانم، بە(مەڕانی)یەکەدا هەڵگەڕام، چوومە سەر ترۆپکەکەی. رووبەڕوو لەبەرامبەر هەزارولادا وەستام. گۆپکەکانی هەزارولا وردە وردە دەپشکووان، سەرم سڕمابوو ئاخۆ بەراستی دەشێ بنەدار لە مرۆڤ بگات؟ بیرم کردەوە و بزەیەکم هاتێ.

تەورەکەم هەڵگرت و بەگورج وگۆڵی لە بەردەم باڵای دارەکەدا کەوتمە هەڵشەقاندنی. ئۆف! دواجار دەمی تەورەکەم خستە سەر ریشاڵی دارسێوەکە و بەهێواشی کەوتمە هێنان و بردنی.

«بیبڕمەوە یا نەیبڕمەوە؟» ئەوجا کەوتمە بیرکردنەوە.

تاوێکی پێ چوو، دوای تێـڕامـانێکی دوور و درێژ، بەڕاتەکـانێکی دەست بیرەکەم لە مێشکم بەدەرنا و بەدەنگێکی ئەوتۆ بـەرز دەسـتم بەقسـە کرد کـە نەک هـەر هـەزارولای تـێ دەگـەیشت، بگرە ئەو تـاوێرە بەردەشـی بەئاگـا دەهێنا کە (کڤیڤری ـ کوپە شەرابە گەورە لە زەوی رۆچووەکەی) داپۆشیبوو.

«هـەی بەپەند بی،» گوتم، «سـاڵێکی تریش چاوەڕوانت دەبم، بەڵام چاک بزانە ئەگەر دوای ئەو سـاڵە بەرت نەگرت ئەوا گـازەندەی خۆت لەسـەر خۆت، لە ڕەگ و ریشـەوە دەتبڕمەوە!»

کورت و کرمانجی فـەرمانی داپیرەم بەجێ هێنا. ئەدی وەڵامی هـەزارولا چی بوو؟ بێدەنگ لەوێ وەستا بوو، بێ ئەوەی چڵێکی چڵ ئاسای لەبەر تیرێژی ئەو گەرمە هـەتاوەدا ببزوێ.

پێکەنینم هـاتێ، ئەمـجـارە نەک بەداپیرەم، بگرە بـەخـۆم. بیورەکـەم خـسـتـە سـەر ئەو لیسـەی بە دارسێوەکەوە هەڵواسرابوو و چوومە (ئۆدە)[٣].

«چۆن بوو؟» داپیرەم پرسیاری لێم کرد.

«باش بوو... وام ترساند زیڵکی رژا، ئاگات لێیە بەستەزمانە چۆن وەک بیی ناو ئاو دەلەرزێ؟» بـەشـێـوەیەکی گرینگ گوتم و بەئـامـاژەی دەست سـەرنجی داپیرەم بۆ لای هەزارولا راکێشا.

ئیتر دامە قـاقـای پێکەنین. هـەزارولا بەڕاستی دەهـەژایەوە، چونکە ئەو کـاتە بای شـەماڵ هەڵی کردبوو.

بـەهـار بـەهـەنگاوی گـــورج و درێژ بـەچـیـــایـەکـــاندا هـەڵگـەڕا، لەو دیوو بێشـەڵانەکـەی (گـوبازاوس)ەوە سـەری دەرهێنا و بەپـێی پەتی و سـەری کۆتەوە هـاتە ناو زەوییـەکـەی ئێـمـە. وەک کـچـۆڵەیەکی سرکی داوێنی بنفش (تەنوورە) هـەڵمـاڵاو، بەنـاو شـیـنـاوەردەکـەدا خـۆی گلۆر دەکردەوە و هـەمـوو شت و هـەمـوو کـەسێکی وێڵ و شـەیدا دەکرد. مـەڕومـاڵات، پەڕەوڵ، گـیـاوگۆڵ، ژیان لە هـەمـوو رووێکەوە بووژایەوە. دارباهـیڤ گوڵ و گۆپکـەی کرد. هـەروا بێتـەوە گـێلاس و هـەڵووژە و دارسـێـوەکـەی (نـانتسـارا) و خـۆخ بەکـولیکە سـوورەکـانییـەوە و

دارهەرمێ، هەموو لە هەموویان چرۆیان کرد. هەزارولاش دەتگوت لە خەوێکی تیر راست بووەتەوە، چاوەکانی دەترووکاند و لکەکانی لێک دەکێشایەوە. کەس نەیدەزانی هەزارولا چۆن وا رەنگاوە.

رۆژێکیان تاریک و روونی بەیانی بوو، داپیرە بەئاگای هێنام و ئاماژەی لای هەزارولای بۆ کردم.

«سەرنجی بدێ، نینا!»

هەزارولا بەوپەڕی سەربەرزییەوە لەوێ راوەستابوو، خۆی لە تۆی کراسێکی سووووری کاڵ هەڵکیشابوو. چەندین پوورە هەنگی تێ ئاڵابوون! لک و پۆپەکانی بێ ژمێرە بەروبۆیان گرتبوو! سێوەکان پێ گەیشتن، سێوی گەورەی ئاودار بوون. هەزارولا، ماڵی خۆمان و ماڵی دەرودراوسێی پڕ لە سێوی، تەڕ و وشک، کاڵ و کوڵاو کرد کە بەشی ساڵێکی دەکرد. مەڕوماڵات هەرگیز شەویلاگەیان لە سێو کرۆشتن نەدەکەوت. لەبیرمە هەموو رۆژێ سەبەتەیەک سێوم بۆ چێڵەکەی (تیۆفان دووشادزە) دەبرد.

«بەسە کوڕە واز لە چێڵەکە بێنە!» جارێکیان تیۆفان بەتووڕەیی سەیری ئەم راوێشکە بەهەڵەداوانەی منی کرد، «ئەگینا هەر بزانە لە جیاتی شیر سێواوی داینێ.»

«ئەمە چیت کردووە هەزارولا؟ چۆن توانیت کتوپڕ ئەم هەموو خێر و خۆشییە بۆ سەرجەم گوند بێنی؟» رۆژێکیان پێش سەرەتای زستان بوو ئەم پرسیارەم لێی کرد. ئەوکاتە خەریک بووم بەدارێکی درێژ سێوێکی چۆلەکە کونکردوو لە چڵە پۆپەی دارەسێوەکەوە بەردەمەوە.

«ئەگەر تۆ داری بەردار بیت، بەولاوەتریش داری سێو بیت، پێویستە ئاوها بیت.» هەزارولا بەکرتەی پیرە جومگەکانی خۆی وەڵامی دامەوە.

هەتا ماوم ساڵی پاشترم لەبیر ناچێتەوە، لەبەرئەوەی هەزارولا ئیتر بەری نەگرت. ترسم داێ، هەڕوگیفم لێی کرد، گەلێکی لەبەر پاڕامەوە بەڵام دادی نەدا! هەزارولا هێزی لەبەر بڕا.

ساڵێک پاشتر، جارێکیان داپیرە بادەی لە (کڤیڤری) دەردەهێنا، لە ناکاو سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، ئەوجا رووی لە هەزارولا کرد، سەرێکی بادا وەک بڵێی لەگەڵ کەسێکی بیانیدا بدوێ، گوتی:

«ئەمڕۆ بەفر دەکەوێ، چ ئاگردووشمان نەماوە،» بێزاری بەدەنگییەوە دیار بوو، «لە سەرمانە وشک هەڵدێین، دەبێ هەزارولا ببڕینەوە!»

«با ساڵێکی تری لەسەر بووەستێن داپیرە، ئەوجا دەیبڕینەوە،» لە داپیرە پاڕامەوە. «جارێکی تریش ترسی بەبەر دەنێم...»

«بۆچی نینا، ئاخۆ نازانی ئەمە کۆتاییە؟ پیر بووە، جارێکی تر لە هیچ شتێ ناترسێ، وەک خۆم...»

«نا،» بەراشکاوی گوتم. «ناتوانم بیبڕمەوە.»

«مەبەستت چییە ناتوانی!» داپیرە لە رکانا شێت و هار بوو.

«تێ گەیشتی چیم پێ گوتیت، یا وەتدەزانی سەگوەڕە؟»

«بەڵام نا داپیرە!» دەمویست کۆڵ نەدەم. «نا... پێم ناکرێ.»

«بۆ؟» داپیرە بەسەرسامییەوە گوتی.

«ئەدی خۆت پێت نەگوتم بنەدار هەموو شتێک دەبیستێ؟»

«ئافەرین، نینا. خوا دەزانی یەکێکی وەک منی بەناوساڵ کەوتوو چ شتێکی لە زار دەردەچێ و تۆش ئاوها لێت دەبێ بەڕاست. خەڵک زۆر جار بڕوا بەیەکتریش ناکەن کەچی تۆ بڕوات بەبنەدارێک کردووە... من هەر بۆ گاڵتە وام گوت کوڕۆ، چوزانم ئاوها دەچێتە مێشکتەوە.»

«نا، من پێم ناکرێ!» سوور بووم. «من نەک هەر بڕوام بەوەیە کە بنەدار شت دەبیستێ، بگرە زۆر چاکیش دەبینێ. سەیرکە چۆن پشتی تێمان کردووە.»

«توایهوو، توایهوو، کەڕوکوند بم چێترە نەک گوێ لەم شتانە بگرم!» داپیرە دەستی کردە گریان و رۆڕۆ، تێکڕای گوندی بەسەرماندا کۆ کردەوە.

«ها بێوەژنە کالاندزە، چیت لەم کوڕە دەوێ؟ بۆ دەتەوێ خوای گەورە گیانی بستێنێ؟» ئەنانیا سالۆکڤادزە بەلۆژەلۆژ شان بەشانی تانۆکە لە ئەستری هەڵچنراوەکەی خوار گالیسکەڕێیەکە و لەوێشەوە بەرەو کێڵگەکەی ئێمە وەرسووڕا. بەهاواری شیوەن و گریانی داپیرەوە هاتبوو.

«باتۆنۆ[4] ئەنانیا گوێ بدێ ـ دوو ساڵ لەمەوپێش بەکوڕەزایەکەم گوت ئەو هەزارولایە بترسێنێ، ئێستەش تکای لێ دەکەم و دەپاڕێمەوە بەڵام نایەوێ بیبڕێتەوە. دەزانی بۆ؟ دەڵێ بنەدار هەموو شتێک دەبینێ... خوا دەزانێ کوڕەکە چیی بەسەر هاتووە!» داپیرە بەتووڕەیی ئەمەی گوت و کۆتکێک شەرابی دایە مێوانەکە.

«بەیانیت باش و خوا لێت ڕازی بێ، کالباتۆنۆ[5] داریجان.» ئەنانیا دەستخۆشانەی لە داپیرە کرد و هێندە بەلەزەت شەرابەکەی خواردەوە دەمم لەگەڵیدا ئاوی کرد، وەک بڵێی خۆم لە تەک (کڤیڤری)یە پڕ لە شەرابە دەم والایەکەدا نەوەستابم.

«کەواتە دەبینێ... هەروەها دەشبیستێ؟» ئەنانیا پرسیاری کرد و دەستێکی بەسمێڵە خورماینەکەی داهێنا.

«ئەنانیا گیان، نەک تەنیا دەبینێ و دەبیسێ! بگرە ئەم گەوجە وا زێڵکی رژاوە پێی وایە ئەم بنەدارە بەچاکی قسەش دەکات!» داپیرە سکالای کرد. «تاوانی ئەو نییە، تاوانی خۆمە، من بەدەستی خۆم مەژیی ئەم کوڕەم تێک دا. با ئێستەش بچم لە داخانە خۆم هەڵواسم!»

«ئەم بەیانییە هیچ شەرابی نەخواردووەتەوە؟» ئەنانیا سالۆکڤادزە پرسیاری کرد.

«رەنگە خواردبێتییەوە...» داپیرە وەڵامی دایەوە. جارێکی تریش هیوا و ئاواتی تێ گەڕایەوە.

«زۆرباشە، کۆتکێکی تریشم بۆ تێکە کالباتۆنۆ داریجان.» ئەنانیا بەبزەیەکەوە گوتی. «ئەوسا پێت دەڵێم کێ سەری دەسووڕێ ـ تۆ یان

شەرابەکە!»

داپیرە جامێکی تریشی بۆ تێ کرد. ئەویش بینی پێوە نا.

«کالباتۆنۆ داریجان پێم وایە،» دوای تاوێکی زۆر دەستی بەقسە کرد، «تۆ و شەرابەکە هەردووکتان مێشکی کوڕەکەتان تێک داوە، بەڵام بۆ ئەوەی بڕیاری یەکجارەکی بدەم، پێویستیم بەکۆتکێکی تریش هەیە.»

داپیرە دوای ئەوەی کۆتکێکی تری لە شەرابەکە بۆ تێ کرد، سەرنجێکی وای تێ گرت ئەگەر من لە شوێنی ئەو بوایەم هەرگیز نەمدەوێرا چۆڕێکی لێ بخۆمەوە. بەڵام ئەنانیا بینی پێوە نا، بێ ئەوەی هەر سەریشی گەرم ببێ. ئەمجارە یەکسەر بڕیاری دا و گوتی:

«بەڵێ، ئێستە زۆر چاکی تێ گەیشتم چ شتێک ئەقڵی کوڕەکەی شێواندووە.» ئەمەی گوت و ئاماژەی بۆ شەرابەکە کرد. «کەواتە تۆ سووری،» رووی زاری لەمن کرد «لەسەر ئەوەی بنەدارێک هەموو شت دەبینێ، وا نییە؟»

«بەڵێ،» دووپاتم کردەوە.

«ئەدی بەرد؟»

«ئەویش دەبینێ.»

«رووباریش؟»

«بەڵێ، رووباریش...»

لە خوا پاڕایەوە بۆ ئەوەی بەزەیی پێمدا بێتەوە و ئاوڕێکم لێ بداتەوە، ئەوجا رووی لە داپیرە کرد.

«کالباتۆنۆ داریجان، وەک پێتم گوت، دەشێ شت زۆر سووک و سانا بێ. باشە با بڵێین تۆ بنەدارێکی وەک ئەم هەزارولایە. ئێستە تۆ ئەگەر ببینی و ببیستی، وەک چۆن کوڕەکەت بەدەمی گرتووە، ئەدی چۆن پیاوێکی ـ بڵێین گوندییەکی وەک من ـ نابینی کە تەورێکی ناوەتە سەر نەڕەی شان و بۆ بڕینەوەی تۆ هاتووە؟ تێم دەگەیت ـ کابرا دەیەوێ بتبڕێتەوە، تۆش ئەم هەموو

شتانە دەبینی، بەڵام چیت لەدەست دێ. ناتوانی لە شوێنی خۆت ببزوی. وا بزانم هێندەت پێ ناچێ لە رکانە تلّیش دەبەی، وا نییە؟»

ئەنانیا کۆتکە بەتاڵەکەی بۆی بردە پێشەوە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ داپیرە نەیدەویست وا زوو بۆی پڕ بکاتەوە.

«دەی ژنێ، پڕی کەوە!» ئەنانیا سالۆڤاکدزە هاواری کرد. «ئێستە شتە گرینگەکەت پێ دەڵێم.»

داپیرە، کۆتکەکەی بۆ پڕ کردەوە.

«ئێی منداڵە شاری، ئاوها! کوڕی خۆم،» لێم نێزیک کەوتەوە، «کاتی ئەوە هاتووە ڕێورەسمی گوندەکییانەی ئێمە فێر ببی. سێ شت هەن گوندەکی حەز ناکات لە دەوروبەری ماڵەکەیدا بمێنن: ماڵاتی ئەستەویر، داری بێ بەر، ژنی...» لێرەدا ئەنانیا دوودڵ بوو، بیڵێ یا نەیڵێ، چاوی بەسەر چاوی داپیرەوە گیرسایەوە.

«بۆ وا تێم ڕاماوی ئەنانیا،» داپیرە پێ کەنی. «دە بڵێ دەی، شەرم مەکە، ئەگەر من کوڕم نەبوایە، ئەم کوڕە زایەم لە کوێ دەبوو؟»

«ڕاست دەکەی، وایە، لەگەڵ ژنی نەزۆک. داپیرە حەوت منداڵی هەبوو، ڕاست دەکا.»

«چیت لێم دەوێ، لالۆ ئەنانیا؟»

«بۆ ئەم دارە نابڕییەوە؟» بەپرسیار وەڵامی دامەوە.

«دڵم بۆی دەسووتێ.»

«کەواتە دڵت بۆی دەسووتێ، وا نییە؟ کوڕی ئاوزای تۆ ئێستە لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا، بەنارنجۆکەوە خۆیان هەڵدەدەنە سەر تانک، کەچی تۆش...»

«لە کاتی پێویستدا مریشکێکی پێ سەر نابڕێ، ناوی بەرخ هەر مەهێنە،» داپیرە گوتی. «ئێستەش وا ئەم دارە نابڕێتەوە، چونکە دڵی بۆی دەسووتێ. ئەمە نیوەشی نابێ، دوو ساڵ لەمەوپێش، رۆژێکیان سەری ساڵی نوێ بوو،

پێـمـان گـوت بەرازەکـە بکوژێتـەوە، هـەر باش بوو ئەم سـاڵ لە ئنتـابیـووتی گـرتمانەوە. کـێردەکـەشی هـەر بەملـەوە بوو! نابێ، شـتی وا هـەتا سـەر نابێ» داپیرە وەڕس بوو.

«ئەم قسانە راستن؟» ئەنانیا پرسیاری کرد.

«راستن، لالۆ ئەنانیا. ئیدی ئامـۆژگاریم مـەکـە، چونکە من بەهیـچ جۆرێک هـەزارولا نابڕمەوە،» بەراشکاوییەوە گوتم.

«لەبەرئەوەی دڵت بۆی دەسووتێ؟»

«بۆ نا؟ گوناحە بنەدارێک ببڕییەوە.»

«هـەی ناوکت کـەوێ کـوڕ، ترسنۆک! جـامـێکی ترم بۆ تـێ کـە، کـالبـاتۆنۆ داریجـان شـتێک هـەیە بیکـەم بەسـەر ئەم بادەیەدا؟» بەتووڕەییـیـەوە ئەمـەی گوت.

«چۆنە لە ئـەستوونـی پەرژینەکەوە دەسـتی پێ بکەی؟» داپیـرە بەگـرژییـەوە پرسیاری کرد.

ئەنانیـا بێ ئـەوەی ورتە لە زاری بێـتـە دەر، کـێـڵـگەکـەی بـەجێ هێـشت و بەلارەلارە بەگالیسکە ڕێیەکەدا هەڵکشا.

«هۆو باتۆنۆ ئەنانیا، ئەمە چییە؟» داپیرە، لە دوایەوە هاواری کـردێ. «پێش تاوێک تۆ بەرت بەم لایەوە بوو.»

«بەڵێ، کەمێک ئیشم لەم خوارەوە هەبوو کالباتۆنۆ داریجـان،» ئەنانیا دانی پێدا هێنا، «بەڵام حـەز ناکـەم بەم سـەرخۆشییـە بچمـە رەزی سـەرتیـپـەکـەی خۆمان، کەڵکی کارم پێوە نەما.» گوتی و دەستی خۆ بەکەم زانینی هەڵتەکاند.

«دە ئەم پیاوەتییـەم لەگەڵدا بکە باتـۆنۆ ئەنانیا، خـۆت بەسـەر پەرژینەکەی شاکرۆندا بگرە، ئەوەکەی من گەلێک شل و شێوە.» داپیرە گوتی.

ئەنانیـا خـۆی بەسـەر پـەژینەکـەی (شـاکـرۆن مـیکابەریدزە)دا گـرت و بەگـالیسکەڕێیـەکدا هـەوراز هەڵکشا، بەڵام لـە ناکـاو هـەڵوەسـتـەیەکی کرد و

ئاوڕی دواوەی دایەوە.

«هۆو کوڕیژگە!» هاواری کردمێ. «کەواتە تۆ دەڵێی هەزارولا دەتوانێ شت ببینێ؟ هەی بەنەفرەت بی... باشە، ئەگەر من خۆم نەتوانم شتی ناڕەوا ببینم هەزارولا چیی پێ دەکرێ،» بەسەرسامییەوە گوتی، بەملا و بەولادا دەهەژایەوە و شان بەشانی پەرژینەکەدا خۆی پەلکێش دەکرد.

بەڵام هێشتا من لەسەر راستی بووم، بنەداری کەڕ و کوند و بێ بەرهەم، هەموو شتێکی دەبینی و دەبیست. هەزارولا هەتا درەنگانی شەو بەبیرێکی قووڵدا چوو. پاشان دڵی گرژ بووەوە و ریشاڵەکانی هێنایەوە یەک. ئەو (کڤیڤری)یەی ریشاڵەکانی هەزارولای لە خۆیەوە پێچابوو، لە ترسانە لەرزی هاتبوویێ. هەزارولا هەستی بەترس و لەرزی خۆی کردبوو و لە جاران چێتر رەگ و ریشاڵەکانی کێشابووەوە یەک، دیواری گڵینی کووپەکەی گوشیبوو بەجۆرێک هەر درزیش نەبا. هەزارولا جارێکی تریش تینی دایە خۆی و رەگ و ریشاڵەکانی وێک هاتنەوە و یەکەمین درزی لە کووپەکە کرد. ئاوێکی سوور چۆڕایە دەرەوە و ریشاڵە درێژەکانی رەنگاند. هەزارولا بەموچڕکێکی توند راچەنی، موچڕکەکە بوو بەشتێکی نامۆ، هەزارولا تێنووی بوو، بڕیاری دا سووراوەکە هەڵمژێ. ئاوەکە چۆڕایە ناو دەمارەکانی. هەزارولا رێژەنی سەرسڕهێنی ئەو سووراوەی هەڵمژی کە حەفتا ساڵی تەواو بوو لەنێو ریشاڵەکانیدا شارابووەوە و تامی نەکردبوو. هەموو ئەو ساڵانە بەدڵخۆشییەوە رەگە بزێوەکانی خۆی تێوە پێچابوو.

ئای چۆن ئامێزی تێوە وەرهێنابوو.

خۆشاوە سوورەکە لە درزی کڤیڤرییەکەوە چۆڕاوگەی بەستبوو، هەزارولاش زۆر بەچاکی هەڵی مژیبوو. زۆر بەتامەزرۆیی لەزەتی لەو خۆشاوە بێ کۆتاییە وەرگرتبوو. تەزووی هەست و سۆزێکی سەیر موچڕکەی گەرم و خۆشیی بەدەمارەکانیدا گێڕابوو. هەر مژیبووی و مژیبووی بێ ئەوەی تێر ببێ، هەموو شتێکی دنیای لەبیر چووبووەوە. ئیدی سەرخۆش بووبوو و دنیای

جوانتر و پرشنگدارتر هاتبووه بەرچاو.

ئەو کاتەی هەزارولا خۆی گەنج بوو، پێی سەیر بوو چۆن ئەو خەڵکە دەتوانن بژین بێ ئەوەی رەگ و ریشاڵیان بەزەویدا رۆچووبێ؟ چۆن بەدەوری هەزارولادا دەسووڕێنەوە؟ بەڵام پاشان خۆی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا راهێنابوو، شتێک نەتوانێ تێی بگا یان لێکی بداتەوە با هەر بیری لێ نەکاتەوە چێترە. هەرچۆنێک بێت، کەس نەبوو وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. بەڵام ئەمڕۆ پەرجووەک رووی دا! هەزارولا بینی پێوە نا هەتا ئەوەی سەرخۆش بوو. لەناکاو نامۆییی ئەو خۆشاوە بیانییەی ناسی. ئیدی لەمەودوا سەرسام نابێ ئەگەر خەڵکەکەی دەوروپشتی خۆی ببینێ یەکتریان لە ئامێز گرتبێ یان یەکتر رابمووسن، بگریێن، راوی یەکتر بنێن، کووکە و هەرا بکەن، پێ بکەنن، گۆرانی بڵێن، یەکتر بگرن و بەدەوری هەزارولادا سەما بکەن. هەزارولا سەرسام نابێ ئەگەر ببینێ بە چ ماندووبونێک کفیڤرییەکە دەشۆن و چۆن بەرێزەوە لەم خۆشاوە سەیرەی پڕ دەکەنەوە. بەڵێ ئێستە هەزارولا لە هەموو شتێک گەیشت. زۆری حەز دەکرد، ئەمیش وەک ئەوان گۆرانی بڵێ، باوەش بگرێتەوە و ماچ بکا، بگری و بەو ناوەدا رابکا و سەما بکا. بەڵام ئاخۆ هەزارولای بێ دەرەتان دەتوانێ شتی وا بکا! هەرچییەک بێ هەزارولا بنەدارە نەک مرۆڤ. بۆیە ئەوەی لە دەستی هات کردی، هەتا بەیانی هەژایەوە و منگەمنگی کرد. بەیانی هەستی کرد شتێکی سەیریان سرەواندە کەلەکەی. هەستی بەهیچ ئێشێک نەکرد، بۆیە هیچ گوێی پێ نەدا. ئەوجا هەستی بەدەنگێکی تر کرد سرەوایە لایەکەی تری، گوێی نەدایە ئەمیش. ئیتر بۆ ماوەی ساتەوەختێک یان پتر، گرمە و لێدانی بێ ژماری بەسەردا باری. لە کۆتاییدا هەستی کرد گرانایییەک لەلای چەپییەوە کەوتە سەر لای راستی. گرانتر بوو، ئەوجا شریخەیەک هات، بەلاداهات و زرمەی لێ هەستا. سەرەتا بەخەواڵوویی نووشتایەوە، ئیدی بەبێدەسەڵاتی رەتێکی برد و کەوتە سەر زەوی. دواتر هەستی بەشکان و لەبەریەک ترازانی دەست و باڵ و شان و جومگەکانی کرد و ئێسکەکانی هەپڕون بەهەپڕون بوون. هێشتا هەستی

بەئازارێکی ئەوتۆ نەکرد. چاوەکانی خستنە سەریەک و کەوتە خەوێکی شیرین و قووڵ.

«هەستە، نینا، هەستە!» داپیرە بەئاگای هێنام. «ئەنانیا، هەزارولای بڕییەوە. تۆش دەست بدە تەورەکە و هەرنەبێ پەل و پۆیەکانی بڕووتێنەوە.» گوتی و چووە ناندینەکە.

شەو بەفر باریبوو، گوند دەتگوت بووکی ژێر تارایە و ئامادەیە بۆ کڵێسای ببەن. هەزارولای لەندەهۆڕی پەل و پۆ تێکشکاو مینای مردوو بەسەر (مەڕانی)یەکەدا کەوتبوو. بەدەروونێکی خەمبارەوە بە(مەڕانی)یەکەدا هەڵگەڕام. پێش ئەوەی لک و پۆپەکانی ببڕمەوە تاوێک لەسەر باڵای دارەکە دانیشتم. دانیشتم و بەوردی سەرنجم دایە هەزارولا و لە شوێنی خۆم سیس بوومەوە. دەمارەکانی دارە پەککەوتووەکە خۆشاوێکی سووری رەنگ خوێنینی لێ دەچۆڕایەوە.

«داپیرە!» هاوارم کرد.

«چیت دەوێ؟» پرسیاری کرد و سەیرێکی دەرەوەی خانووەکەی کرد.

«تاوێک وەرە ئێرە.»

«چی رووی داوە؟»

«وەرە ئێرە و خۆت بیبینە.»

«ئەمە چییە؟» پرسیاری کرد.

«لەوانەیە ئەمە خوێنی دارەکە بێت،» بەدەنگێکی تاساوەوە گوتم.

«شتی وا نابێت، ئێستە مانگی بەفرانبارە و دار و دەوەن هەموویان کپ و ماتن، هەتا مانگی ئاخەلێوە ئاو سەرناکەوێ،» داپیرە گوتی.

پەنجەکەڵەی خستە ناو شلە سوورەکە و بۆنێکی کرد، پاشان بەترسێکەوە سەیری کردم.

«کفیڤرییەکە هەڵدەوە!» پێی گوتم.

«ئای لەم پیت و فەڕ و پەرجووەی لە ئاسمانەوە بۆ ئێمە هات. دایکی تیرەی مرۆڤ، نەینۆکی راستی... مێرەمی پاکیزە بەزەییی پێماندا هاتەوە و بەکردەی خۆمانی لەگەڵماندا نەکرد، ئێمەی بەندەی بەدکار!» داپیرە لە خوا پاڕایەوە، دەنگی نووسابوو. دانەوییە سەر چۆکان و دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی.

هەزارولا بەم سەرمایە چاوەکانی کردەوە. لەم بارە نائاساییەی ئەودا، دنیا بەرەواژ دیار بوو، سەرسام بوو. سەرەتا گلەیی لەم خۆشاوە کرد کە بووبووە سۆنگەی ئەم رووداوە. پاشان ئەو کوڕە وێڵ و خەمبارەی بینی لە ژوور سەرییەوە دانیشتبوو، سەری خستبووە سەر دەسکی تەورەکە، بەولاوەتریش، لەتەک کووپەکەدا ژنێکی رەشپۆش دەستی بەرەو ئاسمان بەرز هەڵبڕیبوو و لەسەر بەفرە زۆر سپییەکەدا دانیشتبووە سەر چۆکان.

هەموو ئەو شتانەی بینی و ئیتر تێ گەیشت کە خۆی، (هەزارولا) مردووە.

چاوەکانی خستنە سەریەک.

ئەمجارە هەتا هەتایە.

[1] نینا: لە بەشی رۆئاوای جیۆرجیادا وەک نازناو بۆ منداڵ دێتە گوتن. [2] مەڕانی: کۆگەی دەرەوەی ماڵ. [3] ئۆدە: جۆرە خانووێکی جیۆرجیایە لەسەر کۆڵەگەی بەرز دروست دەکرێ. [4] باتۆنۆ: نیشانەی رێزگرتنە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ پیاودا. [5] کالباتۆنۆ: نیشانەی رێزگرتنە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ ئافرەتدا.

......................................

نۆدار دومبادزێ

ساڵی ١٩٢٨ لە تبلیسی لەدایک بووە، چیرۆکنووس و درامانووسە، یەکەمین کورتە چیرۆکی بەناوی کوڕی لادێ لە ١٩٥٨دا بڵاوبووەتەوە، کتێبەکانی تری: داپیرەم و ئیلیکۆ و ئیلیتاریۆن و من، هەتاو دەبینم، خەمێ مەخۆ دایەگیان، ئاڵای سپی و یاسای نەمری.

......................................

# تاقیکردنەوە

ڤاسیلی شوکشین *

«بۆچی دوواکەوتی؟» پرۆفیسۆرەکە بەتیژی و تووڕەییەوە لێی پرسی.

«من... بمبوورە... یەکڕاست لەسەر کارەوە هاتم... ئەرکێکی بەپەلەم هەبوو...» قوتابییەکە گەنجێکی کەتە و بەکەلەش، دەموچاوێکی رووخۆش و ئێسک سووکی هەبوو، بەدوودڵی لەبەر دەرگەی ژووری تاقیکردنەوەدا وەستابوو. چاوەکانی زیتی و وریاییان دەنوواند.

«پەڕەیەک هەڵگرە و ژمارەکەیم پێ بڵێ!»

«حەڤدە.»

«پرسیارەکان چین؟»

«یەکەمیان: داستانی پەلاماردانی ئیگۆر. دووەمیان...»

«پرسیارێکی چاکە.» پرۆفیسۆرەکە هەستی بەگرانایی تووڕەییەکەی خۆی کرد. پەژیوان بووەوە.

«خۆت ئامادە کرد؟»

قوتابییەکە بەسەر پرسیارەکەدا نوشتایەوە و کەوتە بیرکردنەوە. پرۆفیسۆرەکە وچانێک تێی راما. لە تەمەنی دوور و درێژی خۆیدا بەهەزاران کوڕە گەنجی وای بینیبوو. بەردەوام بەچاوی قوتابی سەیری کردبوون، بەڵام لە راستیدا هەر یەکێک لەو هەزارەزیلەیەت بگرتایە لەوانی تر نەدەچوو، هەموویان لە یەکتر جیابوون. خەیاڵ بردییەوە، "ژیان دەڕوات و هەموو شت دێنە گۆڕان. جاران پرۆفیسۆر بەخۆیان دەگوت مامۆستا... بەڵام ئێستە

پرۆفیسۆرین و بەس".

«پرسیارت نییە؟»

«نا، نەخێر.. سوپاس.»

پرۆفیسۆرەکە بەرەو پەنجەرەکە وەرسووڕا و هەنگاوی هەڵهێنا، ئەوجا جگەرەیەکی داگیرساند.

ویستی جارێکی تریش لەبارەی پرۆفیسۆرەکانی جارانەوە بیر بکاتەوە. بەڵام لە جیاتی ئەوە سەرنجی لە شەقامەکە گیربوو.

تەواو ئێوارە داهاتبوو، بەڵام شەقامەکە هەر ژاوەژاوی بوو. ورشە و هاژەی ترامێک هات. لە سەرتیلەی شەقامەکەدا پریشکی سوور لە وایەرەکانی کارەباوە بەرزبووەوە. کۆمەڵێک ئۆتۆمۆبێل لەبەردەم ترافیک لایتەکەدا کەڕەسیسەیان کرد. لایتە کەسکەکە تریسکەی دا، ئۆتۆمۆبێلەکان بەرەو پێش تەکانیان دا و هەڵمەتیان برد. بەدرێژاییی پیادەڕۆیەکەدا خەڵک بەتەقڵەکوت هەڵیان دەکوتا.

«سەیرە!» پرۆفیسۆرەکە خەیاڵ بردیەوە. «باشە ئێمە بەرەو کوێ لە یەکبینە وا هەیپێمان لێ کردووە؟ وا دیارە بۆ هیچ کوێیەک نییە، بەڵام بەڕاستی...»

«ئەحم... » قوتابییەکە شڵەژابوو.

«ها ئامادەی؟ فەرموو...» پرۆفیسۆرەکە رووی لە پەنجەرە وەرگێڕا. «وا گوێم بۆ شل کردووی...»

قوتابییەکە تیلمە کاغەزەکەی لە نێوانی پەنجە ئەستوور و بەگرێوگۆڵ و لەرزۆکەکانیدا توند گرتبوو.

هەستی بەشڵەژاویی قوتابییەکە کرد. (بەڵام بۆ! پێویست بەشڵەژان ناکات)

«داستانی پەلاماردانی ئیگۆر بەرهەمێکی بەرزی هونەرە،» قوتابییەکە دەستی پێ کرد. «شاکارێکی رەسەنە، لە بەرەو دواییهاتنی سەدەی دوازدەمدا

نووسراوە. بنووس لەم بەرهەمەیدا خولیا و مرازی خەڵکی رەنگاندووە...»

لە سەر و سەکوت و کاپێلکی گەورەی قوتابییەکە راما. بەمەزەندە وای بۆ چوو کە بنووسی (داستانی ئیگۆر)یش دەبێ کوڕێکی گەنج، زۆر گەنج بووبێ، ئێسک سووک و بلیمەت وەک لێرمنتۆڤ.

«لەو سەردەمەدا میرانی رووس یەکگرتوو نەبوون... بەشێوەیەکی گشتی، رووسیا یەکگرتوو نەبوو، ئیدی بەم شێوەیە پۆڵۆنەکان شاڵاویان بۆ رووسیا هێنا،» قوتابییەکە لێوی خۆی کرۆشت و نێوچەوانی گرژ کرد. دەبێ خۆشی زانیبێتی وەڵامەکانی بێ سەروبەر و کرچ و بێ لەزەتن. خوێن زایە ڕوومەتی و لە شەرمانە سوور هەڵگەڕا.

«نەیخوێندووەتەوە!» پرۆفیسۆرەکە سەرنجێکی پڕ لە تووڕەیی و ڕکی گرتە قوتابییەکە. «نەیخوێندووەتەوە، تەنیا پێشەکییەکەی نەبێ، هەی بەر نفرِی ئیبلیس کەون. ئەمەیە ئەنجامی خوێندنی بەنامە!» کاتی خۆی پرۆفیسۆرەکە دژی خوێندنی - بەنامە بوو، ویستی وتارێک لەمبارەیەوە بڵاو بکاتەوە. بەڵام وتارەکەی خرایە پشتگوێ. هەندێ کەس لە ترسانە هەترەشیان چوو. وتیان "چیتە؟ ئەمە چی دەکەی؟ دەفەرموون! میران یەکگرتوو نین!"

«چاوێکم پێیدا خشاندووە... ئەحم...»

«شەرم و شوورەییت بەخۆت نییە؟» دەنگی مامۆستایەکە مەندێکی دڵتۆقێن بوو. چاوەڕوانی بەرتەکی قوتابییەکە بوو. قوتابییەکە لە شەرمانە هەردوو لاڕوومەتی سوور هەڵگەڕان.

«هەلم نەبوو، پرۆفیسۆر سەرگەرمی کارێکی تر بووم... ئەرکێکی بەپەلەم هەبوو...»

«بایی مووەک چییە پێوەندیم بەکاری تۆوە نییە. ئەگەر راستت دەوێ من سووم لەوە دەبێتەوە کە گەنجێک، گەنجێکی رووس، هەلی ئەوەی نەبێ گەورەترین شاکاری ئەدەبیی نەتەوەکەی خۆی بخوێنێتەوە، من زۆر بەپەرۆشی ئەمەم.»

پرۆفیسۆرەکە جارێکی تریش بەرکێکی خەست و خۆڵەوە لە کوڕە گەنجە تێروتەسەلەکە راما.

«تۆ بەئارەزووی خۆت هاتی بۆ خوێندن؟»

«بێگومان.»

«وات دەزانی چۆنە؟»

«چی؟»

«خوێندن! یان هەروا بۆ کەشوفش هاتی؟»

وچانێک لەیەکتریان ڕوانی.

«پێویست بەمە ناکا.» قوتابییەکە بەشێنەیی گوتی و سەری بەردایەوە.

«پێویست بەچی ناکا؟»

«پێویست ناکا ئاوها بێ...»

«زۆر جوانە!» پرۆفیسۆرەکە دەستی بەبۆڵەبۆڵ کرد، شەپێکی بەکەشکەژنۆیدا کێشا و هەستایەوە.

بەتەوسێکەوە، «زۆر جوانە! تەواوە، ئاوها نابم، تۆ شەرم و شورەییت بەخۆت هەیە؟»

«بەڵێ.»

«باشە، سوپاس بۆ خوا.»

تاوێک کڕ و بێدەنگ بوون، پرۆفیسۆرەکە بەرەو لای تەختەڕەشەکە وەرسووڕا و چەند هەنگاوێکی هەڵهێنا. پیشی دەخواردەوە و سەری بادەدا، تەواو دەمارگیر بووبوو، وەک گەنجێکی بەگوڕ دەهاتە بەرچاو.

قوتابییەکە کروشکەی کردبوو و لە پرسیارە (چاک)ەکەی دەڕوانی...

وچانێکی وەڕسکەر و بێزهەستێن بوو.

«پرسیارێکی ترم لێ بکە!»

«داستانی ئیگۆر لە سەدەی چەندەمدا نووسراوە؟» پرۆفیسۆرەکە کە تووڕە

بووایە، وەک منداڵێکی سرک و بزێو دەهاتە بەرچاوان.

«سەدەی دوازدەیەم ـ لە بەرەو کۆتاییهاتنی سەدەی دوازدەیەمدا»

«راستە، میر ئیگۆر چیی بەسەر هات؟»

«میر ئیگۆر بەدیل گیرا.»

«راستە، میر ئیگۆر بەدیل گیرا. هەی بەنەفرەت بن!» جارێکی تریش شەپێکی بەکەشکەژنۆیدا کێشا و سەرێکی بادا. زۆر دڵتەنگ بوو لەوەی میرئیگۆر بەدیل گیرا، هەروا لەوەیش کە وتووێژ لە بارەی ئەو رووداوە گرینگەوە، بەشێوەیەکی ئاوها بێ تان و پۆ بێت.

پرۆفیسۆرەکە نەیدەزانی تیز و گاڵتە بکا، بگرە بەراستی دەمارگیر و سەرگران بووبوو. پەژیوان بووەوە لەوەی لەوەی قوتابییەکەی لەم تیز و گەمەیە ئاڵاندبوو. هەست و نەستی نالەبار بوون، لە ئاست قوتابییەکەدا تەواو تاوگیر بووبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەزەییی پێدا دەهاتەوە.

«بەڵێ، زۆر ئەستەم و نالەبار بوو! بەڵام میر ئیگۆر چۆن بەدیل گیرا؟»

«چەند وەردەگرم بۆمی دانێ و ئیدی بەسە خۆت ماندوو مەکە.»

قوتابییەکە ئەمەی گوت و هەستایەوە.

ئەم بەرتەکە کتوپڕە پرۆفیسۆرەکەی سارد کردەوە. پیرەمێر لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە.

«باشە با لەبارەی میرئیگۆرەوە بدوێین، پێم بڵێ هەست و نەستی میر ئیگۆر لە دیلییەتیدا چۆن بوو؟ بۆ وەستاوی، دانیشە!»

بەڵام قوتابییەکە هەر بەپێوە بوو.

«چەند وەردەگرم بۆمی دانێ، بمکەوێنە.»

«میرئیگۆری دیل چۆنی بیر دەکردەوە؟» پرۆفیسۆرەکە هاواری لێ هەڵستا و شێتگیر بوو. «رووسێک بەدیل گیرابێ چۆن بیر دەکاتەوە؟ ناکا ئەمەش تێ نەگەی؟»

قوتابییەکە دەمێک بوو بەپێوە وەستابوو، چاوە روون و گەشەکانی بێ ترووکە لە پرۆفیسۆرەکە بڕیبوون.

«ئەمە دەزانم.» گوتی.

«ئێ، دەباشە، چی دەزانی؟»

«من خۆم بەدیل گیرابووم.»

«چۆن؟ لە کوێ؟»

«لەلای ئەڵمانەکان.»

پرۆفیسۆرەکە چاوێکی سەرتاپێگری بەقوتابییەکەدا گێڕا، جارێکی تریش بۆی دەرکەوتەوە کە دەبێ بنووسی (داستانەکە) کوڕە گەنجێکی چاوگەشی چاوکووژەکەیی بووبێ.

«بەینێکی زۆر بەدیل بووی؟»

«سێ مانگ.»

«دووایی چی؟»

جارێکی تریش لەیەکترییان روانی و چاویان بەسەر چاوی یەکترەوە گیرسایەوە. هەردووکیان هەراسان بووبوون.

«دانیشە، بۆ بە پێوە وەستاوی؟» پرۆفیسۆرەکە گوتی. «هەڵاتی؟»

«بەڵێ.» قوتابییەکە دانیشتەوە. جارێکی تریش پەڕەی پرسیارەکەی هەڵگرت و تێی روانی. زۆر بەپەلە بوو بۆ رۆیشتن.

«چۆن هەڵاتی؟ ئەمەم بۆ باس بکە».

«شەو بوو، مانگی ئادار،»

«بەدرێژی، بەدرێژی،» پرۆفیسۆرەکە گرژ بوو. «کوڕی گەنج، فێربە چۆن چیرۆک بگێڕیەوە. ئەمە شتێکە دەبێ هەموو خەڵک فێری ببن، حەز لە رووالەتە ئاساییەکەی ناکەم. حەزم لە رووە سایکۆلۆجییەکەیەتی. چۆنت بیر

دەکـــردەوە؟ زۆر ســـەخـــتـــە مـــرۆڤ بـەدیل بگیـــرێ، وا نیـــیـــە؟» تێـــڕوانینـی پرۆفیسۆرەکە گرژ و مۆن و شیرینیش بوو.

«چۆن بەدیل گیرای؟ بریندار بووی؟»

«نەخێر، گەمارۆ دراین... ئەمە بەسەرهاتێکی دوور و درێژە پرۆفیسۆر.»

«کابرایەکی چەند بەپەلەیە!»

«من بەپەلە نیم، بەڵام...»

«کە بەدیل بووی دەترسای؟...»

«بێگومان دەترسام.»

«بەڵێ وایە.» پرۆفیسۆرەکە ئەم وەڵامەی سەبارەت بەچەند شتێکەوە بەدڵ بوو. جگەرەیەکی داگیرساند. «بەڵێ پێم وایە بیرت لە گوندەکەتان دەکردەوە؟ لە دایکت؟ ئەو کاتە تەمەنت چەند دەبوو!»

«هەژدە ساڵی بووم.»

«بیرت لە گوندەکەتان دەکردەوە؟»

«من خەڵکی شارم.»

«بەراستیتە! نازانم بۆ پێم وابوو خەڵکی گوند بیت. وا بزانم...»

پشووێک بێدەنگ بوون. قوتابییەکە هەر سەیری پرسیارە دزێوەکەی دەکرد. پرۆفیسۆرەکەش گەمەی بەدارجگەرە درەوشەدارەکەی دەستی دەکرد، پاشان سووکە سەرنجێکی دایە قوتابییەکە.

«لە نێوانی خۆتاندا باسی چیتان دەکرد؟»

«لە کوێ؟» قوتابییەکە سەرێکی هەڵبڕی. ئەم پرسیارە تەواو تەنگاوی کرد.

«لە سەربازگەی بەدیل گیراوان؟»

«هیچ، باسی چی بکەین!»

«ئای ئیبلیس، بەڵام ئەمە زۆر تەواوە!» پرۆفیسۆرەکە لە پڕێکدا هەڵچوو و

هەستایەوە. دار جگەرەکەی ئەم دەست و ئەو دەست پێ دەکرد و بەدەوری سەکۆیەکەدا دەخولایەوە. «ئەمە زۆر راستە، ناوت چییە؟»

«ئەمە راستە. تێ دەگەی؟»

«چی راستە؟» قوتابییەکە سووکە گرژینەوەیەکی کرد و پرسیارەکەی لەسەر مێزەکە دانا. وتووێژەکە کەوتبووە بارێکی سەیر و قوتابییەکە بەتەواوی نەیدەزانی چی بکا.

«زۆر راستە کە قسەتان نەدەکرد. لەوێ باسی چی دێتەکردن؟ زۆر زۆر راستە، بێگومان. دەبێ مرۆڤ لەبەر چەنگی دژمندا دەمی خۆی ببەستێ و ورتەی لە زار دەرنەیە، شتێکی ژیرانەیە. باشە چ جارێک شاری (کیف)ت بینووە؟»

«نەخێر!»

«گەڕەکێک لەوێ هەیە پێی دەڵێن پۆدۆل. بەشێکی ئەو گەڕەکە زۆر بەرزە. لەوێوە هەتا چاو هەتەر دەکا دیمەنی جوانت لێ دیارە. کە یەکەم جار بینیم، وام دەزانی لە رۆژانی بەرێوە هەر لەوێ ژیاوم، نەک لەم ژیانە، بگرە لە سەردەمانێکی کۆنەوە. سەدان ساڵی پێشتر، تێ دەگەی؟»

رەنگ و رووی پرۆفیسۆر گرژ و ئاڵۆسکا بوو، وەک بڵێی زۆر بەکڵۆڵی لە بابەت شتێکی شاراوەوە بدوێ. ئێستەش دەترسا، یەکەم: نەوەکا قوتابییەکە لێی تێ نەگەیشتبێ، دووەمیش: چونکە لە قسەکانی خۆی پەژیوان بوو. بەچاوێکی پڕ لە ترس و تەزوو سەرنجی قوتابییەکەی دا. دەیویست لەیەک کاتدا رووخۆش و رووگرژیش بێ.

قوتابییەکە شانێکی بۆ هەڵتەکاند و گوتی:

«خۆت دەزانی شتێکی ئاڵۆزە، پرۆفیسۆر.»

«بەڵام چی ئاڵۆزە؟» پرۆفیسۆرەکە جارێکی تر هەنگاوی بەناو ژوورەکەدا هەڵێنا. پەژیوان بوو، بەڵام چ شتێک نەبوو بەر لە رێژەنی وشە بگرێت.

بەدەنگێکی بەرز و بەشێوەیەکی ورد گوتی: «دەتگوت سەردەمانێکی زۆر زوو، لە ڕۆژانی ئیگۆردا بەوێدا ڕۆیشتووم. ئەگەر وەک ئێستە بووایەم دەمگوت دەردە پیرییە بەڵام ئەگەر تەنانەت گەنجیش بووایەم هەست و نەستم هەر وا دەبوون. تێ گەیشتی؟»

وچانێکی سەرسڕمێن ڕابورد، هەردووک لە یەکترییان ڕووانی. دەتگوت جەوسەری وتووێژەکەیان لەدەست بەرەڵڵا بووە.

«تێ ناگەم!» قوتابییەکە بەچرپەیەکەوە گوتی: «پێوەندیی پۆدۆل بەم شتانەوە چییە؟»

«چونکە ئاماژەکردنەکەتم سەبارەت بەقسەنەکردن زۆر بەراست زانی. من چ جارێک بەدیل نەگیراوم، تەنانەت نەچوومەتە شەڕیش. بەڵام لەوێ، لە پۆدۆل، بەشێوەیەکی زۆر سەیر هەموو شتێکم لە بارەی شەڕەوە بۆ بەدەرکەوت. بۆ نموونە تێ گەیشتم، کاتێ بەدیل دەگیرێی دەبێ ورتەت لە زار دەرنەیە و لە نێوانی خۆتاندا باسی هیچ نەکەن. نەک تەنیا لەکاتی لێتۆژینەوە، بگرە لە کاتی ئاساییشدا - دەتوانم زۆر شت لەم بارەیەوە بخوێنمەوە - هەروەها چەند جارێک بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بەسەر پاسەوانەکاندا زاڵ ببم. باشترین شت ئەوەیە زارەترەکیان بکەی، پێویستە بەپێدزکە لێیان بچییە پێش و خۆتیان لێ مەڵاس بدەی. «تکایە سات چەندە؟» ئەو یەکسەر دادەچڵەکێ، تۆش ڕامالّی بۆ ببەی و سواری سەر و کۆکڵی ببی،»

قوتابییەکە بزەیەکی هاتێ.

«چییە پەرتاو دەکەم؟» پرۆفیسۆرەکە سەیرێکی قوتابییەکەی کرد. گوێی هەڵخست بۆ ئەوەی بەڵکو دەنگێکی بەرزی دڵخۆشکەری بێتە گوێ «نا، نا، پرۆفیسۆر! هەموو ئەم شتانە بیر و سەرنجی باشن.»

قوتابییەکە بەپەلە گوتی: «بۆچی؟ وا بزانم لە مەبەستت گەیشتووم!»

پرۆفیسۆرەکە تێ گەیشت قوتابییەکە هەر هیچی لێ حاڵی نەبووە، بەخۆیدا شکایەوە، بەڵام حەزی دەکرد نەختۆکەیەکی تریشی بۆ ڕوون بکاتەوە.

«لەبەرئەوەی وڵاتەکەمان گەلێک جار چووەتە مەیدانەوە و جارِی شەڕی داوە. شەڕی گەورە و گران. زۆربەی هەرە زۆری ئەم شەڕانەش سەرجەم خەڵکیان تێ گلاوە و چەرمەسەرەی زۆریان بەسەر هاتووە. تەنانەت ئەو کەسەی نەچووەتە کۆڕی شەڕیش هەستی بەبارگرانی و پەژارەی خەڵکەکە کردووە. من ئەم شتانەم لە کتێبیان دەرنەهێناوە، خۆت دەزانی. هەر لە نەدیتە هەستم پێیان کردووە و بڕوام پێیانە»

دووای ئەوە هەردووکیان بەینێکی تەواو بێدەنگ بوون، لەیەک دابڕان. هەر چۆنێک بێ دەبوو بگەڕێنەوە سەر بناوانی بابەتەکە (داستانی پەلاماردانی ئیگۆر) و چۆنیەتیی گوێ پێنەدانی ئەم شاکارە لەلایەن قوتابییەکەوە. بەڵام پرۆفیسۆرەکە نەیتوانی خۆی لەم دوو پرسیارەی دووایی ببوێرێ.

«بەتەنیا هەڵاتی؟»

«نەخێر، حەوت کەس بووین.»

«پێم وایە بەپیرێکی گەوجی درێژدادڕم تێ دەگەی؟ وا نییە!»

«بێگومان، نەخێر، شتی وا نییە!» قوتابییەکە سوور هەڵگەڕا، دەتگوت هەر بەراستی ئاوهای بیر کردووەتەوە، «بەڕاستی پرۆفیسۆر قسەکانت زۆر بەجێن.»

دڵی پرۆفیسۆرەکە داچڵەکی.

«زۆر باشە سەرباز، دڵشادم لە مەبەستم گەیشتووی، بێگومان دەبێ (داستانەکە) بخوێنیتەوە. بەم بۆنەیەوە دانەیەکی زیادەم لەلایە، پێشکێشتی دەکەم...» ساکەکەی هەڵگرت و دانەکەی (داستانی پەلاماردانی ئیگۆر)ی دەرهێنا، تاوێک داما، ئەوجا بەبزەیەکەوە لە قوتابییەکە راما.

«دڵنیای بەپیرێکی گەمژەم تێ نەگەیشتووی؟»

«بێگومان وا تێ نەگەیشتووم پرۆفیسۆر!» قوتابییەکە بەدەنگێکی بەرز گوتی.

«باشە.» پرۆفیسۆر بەخێرایی شتێکی لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسی، ئەوجا کتێبەکەی دایە دەستی قوتابییەکە. «ئێستە مەیخوێنەوە، دەتوانی لە ماڵەوە بیخوێنیتەوە، ئاگات لێ بوو ئەمڕۆکە چۆن وەک زاوایەکی نابەڵەد شڵەژابووم. هەندێک جار ئەم شتە ئەنجامی دڵتەزێنی دەبێ»

قوتابییەکە نەیدەزانی لە بەرامبەری ئەمەدا چی بڵێ. شانێکی هەڵتەکاند.

«هەر حەوتتان بەزیندوویی گەیشتنە جێ؟»

«بەڵێ»

«نامە بۆ یەکتر دەنووسن؟»

«نەخێر، خۆت دەزانی...»

«بێگومان دەزانم. ئەمە شتێکی رووسانەیە، هێشتا ناتەوێ (داستانەکە) بخوێنێتەوە کە هەست بزوێنترین داستانی رووسە!

لەو دیو (سولا) حیلەی ئەسپە،

لەرەی زەنگی سەرفرازیش لە شاری (کێف)،

لە (نۆڤگۆرۆد) فیقەکێشانی زوڕنایە،

لە (پۆتڤل) ئالآهەڵدانە،

ئەمە چۆن بوو؟» پرۆفیسۆرەکە پەنجەیەکی بەرەو ژوور بەرز کردەوە بۆ ئەوەی گوێ بۆ زرینگانەوەی دووا دەنگەکانی ئەو داستانە نازدارە بگرێ. «دەفتەری تاقیکردنەوەکانتم بدێ!» دەفتەرەکەی دایێ، ئەویش شتێکی تێدا نووسی، دەفتەرەکەی داخست و دایەوە دەستی.

«خوا حافیز!» پرۆفیسۆرەکە بەبێزارییەوە گوتی.

قوتابییەکە ژووری پۆلی بەجێ هێشت و چووە دەرەوە، ئارەقەی نێوچەوانی سڕییەوە، تاوێک لە دالآنە چۆلەکەدا وەستا، چاوی لە زەوی بڕی. دەفتەری تاقیکردنەوەکەی هێشتا بەدەستەوە بوو. دەترسا سەیری بکات. دەبێ چیی بۆ دانابێ، (باش) یان (زۆرباش)، شەرمێک دای گرت. بیری کردەوە، لەوانەیە

(مامناوەندی) بەس بێت. ئاوڕێکی دەرگای ژووری پۆلی دایەوە و دەفتەرەکەی کردەوە، بەسامێکەوە تێی راما. جارێکی تر ئاوڕی دەرگەی ژووری پۆلەکەی دایەوە، بزەیەکی هاتێ و لێی دا رۆیشت. لە دەفتەرەکەدا (خراپ)ی بۆ نووسیبوو.

لە دەرەوە کتێبەکەی بیر کەوتەوە، کردییەوە و پێشکێشەکەی خوێندەوە:

بخوێنە لاوۆ، بخوێنە. ئەمەش کارێکی هێندە ئاسان نییە.

پرۆفیسۆر: گریگۆریەڤ

قوتابییەکە ئاوڕێکی پەنجەرەکانی ئامۆژگەکەی دایەوە. پێی وابوو لە بەردەم یەکێک لە پەنجەرەکاندا پرۆفیسۆری بینی. جا بەراستی ئەو کاتە پرۆفیسۆرەکە لەبەر یەکێک لە پەنجەرەکاندا وەستابوو، سەیری شەقامەکەی دەکرد و بەسەری پەنجە تک تک لە میناکەی دەدا و بیری دەکردەوە.

........................................

ڤاسیلی شوکشین

ساڵی ١٩٢٩ لە دایک بووە. بنووس و خۆنوێن (ئەکتەر) و دەرهێنی فیلمە. چیرۆک و رۆمانەکانی ئەمانەن: من هاتووم ئازادیت بدەمێ، بنەماڵەی لیۆباخین، لەوێ لە دوور، کوڕانی ولاتی من. لەگەڵ شانۆنامەی (مرۆڤی بەهێز)دا. ساڵی ١٩٧٥ لە لووتکەی داهێنان و رێژەوی نووسیندا کۆچی دوایی کردووە.

........................................

# بابیشێڤ

گریگۆری باکلانۆڤ *

لە پۆلەکەی ئێمەدا، پۆلی شەشەمی (ب) لە فێرگە، کوڕێکی کوڵەبنەی بەخۆوە هەبوو (بابیشێڤ)یان پێ دەگوت، ئەو کوڕە بەدەست دەردێکی بەمەترسییەوە ئازاری دەکێشا. منداڵ لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا هەست و سۆزیان بۆ دەردەدار و لەشبەباران ناجووڵێ، پێیان وایە بوێر و بێ دەرد سەردەستن و تەرازووی ئاکووفی و دۆستایەتین. ئەگەر یاریی فووتبۆڵێنمان بکردایە ئەوا بابیچێڤ لە تەک گۆڵەوە دەوەستا، لە دوورەوە پێی بەزەویدا دەکێشا و بەکاوەخۆ دەیگوت: «نەبوو!». ئەگەر گۆڵپارێزەکە گۆڵێکی لێ بهاتایەکردن ئەوا (بابیشێڤ)مان لەوێ هەڵدەبڕی، وەک بڵێی هۆی بێ بەختیمان ئەو بووبێ. کچێک لە پۆلەکەی ئێمەدا هەبوو، دەمانزانی بابیشێڤ خۆشی دەوێ بەڵام ئەو شەرمی لە بابیشێڤ دەکرد و خۆی لێ دەبوارد نەبادا ئێمە پێی پێ بکەنین. پاشان کتوپڕ هەواڵێک هات گوتیان بابیشێڤ مردووە، دەبوو ئێمەش هەموومان بۆ ناشتنی ئەو بچین.

کەس بەمردنی بابیشێڤ سەرسام نەبوو. ئەو بەردەوام لە فێرگە بەدەر بوو. هەروەها ئەو بەمردنی خۆی نەمریی ئێمەی ئیسپات کرد، چونکە ئەو وەک ئێمەمانان نەبوو، دەردەدار بوو، بەردەوامیش نەخۆش دەکەوت لە کاتێکدا ئێمە لەشساغ بووین.

رۆژی دواتر، دوو لۆری بەخۆ و بەشریتی پەڕۆی سوور و رەشی ئەم تەنیشت و ئەو تەنیشتیان و تەختە کورسیی پاشکۆیان، هاتنە ناو گۆڕەپانی فێرگەوە. تیپی ساز و سەمتوور خۆیان هەڵدایە ناو یەکەمین لۆری و لێی

دانیـشتن. ئەو تیـپە تایبـەت بوو بەو شـاگردانەی هەمیـشـە پلـەی نزمیـان لە تاقیکردنەوەدا دەهـێنا، یان بەدوو سالان پۆلێکیـان دەبڕی. بەردەوام ماوەیەکی زۆر پێـشـی ڕۆژانی بۆنە و ئاهـەنگ خـۆیان لـە پۆل دەدزییـەوە، بـەوە دەنازین لە خـەڵکی تر جـودا بن. لـەژێر پێپلیکانەکـەدا دادەنیشـتن و لە ئامێریان دەژەنی. ئێستـەش وا خۆیان لە لۆری بارکردووە و دانیشـتوون، هـەریەکە و لە شـوێنی خـۆیەوە بەناڕێکوپێکی دەسـتـیـان کـردووە بە ژەنـین و کـەف لـە لالێـویانەوە دەردەپەڕێ. کـچـانیش لەسـەر کورسییە تەختـەکان دانیشـتوون و هـەریەکەی باوەشە گوڵێکیان لە ئامێز گرتووە.

سـەبارەت بەهـەندێک هـۆ، لۆرییـەکـان مـاوەیەکی زۆر بـەڕێ نەکـەوتن، شـاگردەکانی تر لە پەنجەرەکانەوە سەرەتـاتکێیـان دەکرد. ئەوان هـەموویان لە ژوورەوە بوون هـەر ئـێمـە نەبێ، هـاوپۆلێکمـان مـردووە و بۆ ناشـتنی دەچین. سەرەنجام، هـەردوو لۆری بەڕێ کەوتن، کاتێ بە ناو شـاردا تێ پەڕین گوتمان با سرووودی (پێشڕەوی بچکۆڵەی دیدەوانی) بەدەنگی بەرز بڵێینەوە، بەڵام ئەم شتە نەدەگونجا، دەزانی بۆ؟ چونکە ئالای پرسە بەهەردوو دیوی لۆرییەکانەوە هەڵواسرابوون. پیادە ئاوڕیان لێمان دەدایەوە، بەسـەرسامی لێمـان رادەمان و دەمیـان دەبوو بەتەڵەی تەقیو. لە وێستگەکانی ترام بەسـەرنجی بەسۆز و پڕ لە بەزەییەوە سەیری ئێمەیان  دەکرد. ئێمەش مات و مەلوول، خەمبار و لێوبەبار هـەڵتوتابووین.

پاشان، لە پشت تیپی ساز و سەمتوور و لەنێوانی دار(تێڕوو)ەکان، لەسەر لێواری گۆڕستـانە پەرژین نەکراوەکەدا ریزێکی دووروودرێژمـان بەست. ئێـمـە هـەمـوومـان کراسـی سپی و کـەرەواتی سـووری دێدەوانیمـان لەبەردا بوو، وەک بڵـێی بـۆ خـۆپێشـاندانی ڕۆژی ئایار دەرچووبین. هـەتاو لە ناوەندی ئـاسـمـاندا دەدرەوشـایەوە، وشکەبا لـچکی ملبەندەکانمانی دەڕفـاند و هـەڵی دەدایە سـەر شـانمان. ئێمـە لە ڕێزەکانی پشتـەوەدا دەنگی تیپـەکـەمان نەدەبیست، تەنیا گـوێمـان لە گـرمـەژنی سـیـمـبـال و رمـبـەی دەهـۆڵ دەبوو. دەمـانبـینی چۆن دەهۆڵکوتەکە ئەو دەهۆڵەی هـاویشـتـووەتە سـەر ورگی، چۆن داردەسـتـەکـەی

بەرەوژوور هەڵدەبڕێ و بەرەوژێر دای دەوەشـێنێ، بەڵام دەنگەکـە درەنگ دەگـەیشـتـە ئێـمـە، تەنیـا ئـەو کـاتە دەنگەکـەمـان دەبیـست کـە جـارێکی تر داردەستەکەی هەڵدەبڕییەوە. من شڵەژابووم، کاتێ هەنگاوم بەرەوپێش هەڵێنا و لەبەر خـۆمـەوە بۆڵەبۆڵێکم کـرد. خـاتوونی دەرسـبـێـژی رابـەری پۆل رای سپاردبووم دووانێک بدەم، دەبوو بڵێم ئێمە ئەمڕۆ هاتووین سێریۆژا بابیشێڤ (بەشۆرەت پێی دەگوترا بابیشێڤ)ی هاوپۆلمان بنێژین، ئەو کوڕەی هەمووماں خۆشـمـان دەویست. هاوەڵێکی چاکمـان بوو، ئێمـە بەردەوام بەیادی دەکەین. هەروەها دەبوو بڵـێم ئەو بەهۆی نەسـاغییـەکـەی نەیتوانی ببێ بەدێدەوانێکی چالاک، بـەڵام چی بکەین ئاوها بوو، هـەر کـاتێ بۆی بلوایە ئـەوا... دەترسـام هەندێ شتم لێ تێکەڵ و پێکەڵ ببێ، یان هەندێک شت لە بیر بکەم.

خاتوونی دەرسبێژ لە تەنیشت خۆیەوە وەستاندمی، دەبوو قسەکەری پاشتر بەگوێرەی لیستەکە بێتە بانگکردن، سووکە پاڵێکی بەخۆشەویستییەوەی پێوە نام و بۆم دانەوییەوە، پێی نیشاندام چۆن و لە کوێوە سەربکەومە سەر بارستە خۆڵەکە، چۆن دەست پێ بکەم و روو لە کوێ بکەم. ئەوەبوو خـاتوونی دەرسبێژ ناوی منی هێنا «ئێـسـتـەش بەناوی پۆلی ب ــ دوە...» و سـەرنجی گـرژی خـۆ گورجکردنەوەی دامێ. هەنگاوم بۆ پێش هەڵێنا و سـەرکەوتمـە سـەر گومـەتە خۆڵەکـە، لەوێ وەسـتـام. هـەندێ گرمـتـە خـۆڵ لەژێر پێـمدا ورد و هەڕا بوون، بیرم کەوتەوە کەوا سەیرێکی ژێرەوە بکەم و بزانم گومەتە خۆڵەکە لە کیهە لاوە رووخـا. لەودیوی چاڵەکـە و لەسـەر گـومـەتـە خـۆڵێکی شێـداردا، دارەبازەیەک داندرابوو، گوریسێکی لە ژێردا راخرابوو.

ویستم سەیری ئەوبەر نەکەم، هەرچەندە هێشتا دارەبازەکەم بەگۆشەی چاو لێوە دیار بوو، بەڵام بەدەنگێکی بەرز و بەرەو با دەستم بە قسە کرد. خاتوونی دەرسبێژ بەلەرەی سەر، سەری رازیبوونی بۆ رادەلەقاندم. ئەندامی تیپی ساز و سـەمـتوور ئـامێـرەکـانی خـۆیان لەسـەر زەوی دانابوو و لـەژێر دارکـاژێکدا هەڵتـروشکـابوون. سـێـبـەرێک کـەوتبـووە سـەر ئێـمـە و لەسـەر ئەوانیـشـەوە سێـبـەرێکی بازنەیی هەبوو. لە هـەمـان کاتدا، تەبارەی گـەنم لە کـیلـگـەکـان و

لەژێر تیشکی هەتاودا شەپۆلانی دەدا و بەکەروێشکە کەوتبوو.

لە ناکاو، گریان و شینێکی بەکوڵم هاتە گوێ. لەو دیوی دارەبازەکەوە پیرێژنێکی رەشپۆش دانیشتبوو، بەنەرمییەک سەردولکەی دەگوت و پێداپێدا سەری رێزی بۆ تەرمەکەی بەردەمی نەوی دەکردەوە. کوڕە گەنجێک لە پیلی پیرێژن نەوی، ویستی لەسەر تەرمەکەی هەڵسێنێ. ئەو کوڕە هیچ لە بابیشێڤ نەدەچوو، رەنگ پەڕیوێکی مۆن، سێبەرێکی تاریک کەوتبووە بەر چاوی و پەڵەیەکی وەنەوشەییی بەبریسک و هۆر هەر لە لاملییەوە هەتا بناگوێی گرتبووەوە. کراسێکی سپیی لەبەردا بوو، پرچی بەرێکوپێکی لە شە درابوو، دەستە سپی هەڵگەڕاوەکانی لە زگە تۆکمە دەرپەڕیوەکەی وەرهێنابوو.

ئەو کاتە شتێک لە ناخمدا تەقییەوە. ناتوانم بڵێم چۆن بوو. دەنگم لە ئەوکمدا گیرا و فرمێسک بەچاوانمدا لووزەوی بەست، درێژەم بەقسەکانم دا و فرمێسکم لە چاو گیرساندەوە. نەموێرا ئیدی رووبەڕوو سەیری منداڵەکان بکەم. خاتوونی دەرسبێژ گوتی تۆ هەموو کاریگەرییەکەت هەڵوەشاندەوە، بەڵام ئەگەر دەیزانی! ئەگەر بیتوانیایە هەڵبێنێ...

کاتێ گۆڕستانەکەمان بەجێ هێشت، باوکی بابیشێڤ بازووی هاوێشتە سەر شانم و لە تەک خۆیەوە بەڕێی کردم. گوتی: «بێ بەخت بوو، بەڵام چیمان لەدەست دێ؟ کار لە کار ترازابوو. هەر لەو رۆژەی لە دایک بوو زانیمان. بەردەوام خەریکی کتێبەکانی بوو، دەیویست لە ئێوە بەدوا نەکەوێ، بەڵام خۆمان دەمانزانی،»

هەستم بە نالەباریی ئەو بازووە گران و گەرمانەی کرد کە خستبوویە سەر شانم. رووالەتە پیر و لۆچدارەکەی دەتگوت بزەیەکی تێ زاوە، وەک بڵێی سەبارەت بەشتێک داوای لێبووردنمان لێ بکات. کاتێ بەڕێ کەوتین، باوکی بابیشێڤ کەوتە باسکردنی شەڕی یەکەمی دنیا کە خۆی تیایدا شەڕی کردبوو، باسی ئەوەی کرد چۆن کاتی خۆی گەیشتبووە رۆمانیا. بەینێکی تەواو بێدەنگ بوو، خۆی لەناو بیرەوەرییەکانیدا بزر کرد، منیش زاتی ئەوەم

نەدەکرد بازووی ئەو لەسەر شانم لا بدەم. منداڵەکانی تر بەترسەوە لە دەوری ئێمە وەستان، ئەویش چووە ناوەڕاستمان، لە هەموومان کەڵەگەتتر بوو، بەچاوی پڕ لە سۆز و خەمەوە لە ئێمەی دەڕوانی، ئێمە ئاوزای کوڕەکەی ئەو بووین.

« لەوێ لە رۆمانیا هەموویان هەژارن. جوتیارانی ئەوێ زۆر هەژارن.» ئاهێکی هەڵکێشا.

خۆمان هەڵدایە سەر پشتی لۆرییەکەمان و لەسەر کورسییە تەختەکان دانیشتین، چاوەڕوان بووین لۆرییەکان بەڕێ بکەون. دایک و باوکی بابیشێڤ یەکجار پیر و کەلەلا بوون، لەبەر دەروازەی گۆڕستانەکە ــ وەک بڵێی لەبەر دەرگەی ماڵی خۆیان بەڕێمان بکەن، دەستیان بۆمان هەڵتەکاند. جارێکی تریش بەناو باژێڕدا هاژوامان، چاوی تەواوی خەڵک لە ئێمەی دەڕوانی، ئێمە ئاگامان لە تێڕوانینی ئەوان هەبوو، حەزمان دەکرد هەر باژۆین و باژۆین. پۆلەکەی ئێمە و تیپی ساز و سەمتوور دوو لۆریمان پڕ کردبوو... هێندەی نەبرد شەڕی دووەمی دنیا و شەڕی نیشتمانیی ئێمە داکەوتن، ئەو شەڕەی سەرجەم قوتابییان بەچاک و خراپیانەوە لە کاتی پێویستدا بۆ ئەو پێ دەگەیشتن. ئێستەش ئەو دوو لۆرییەم هەر لەبەر چاوە کە پڕاوپڕ بوون لە شاگردانی فێرگە و شانازییان بەوە دەهات بەبەرچاوی خەڵکەوە لە ناشتن دەگەڕێنەوە. خەڵک، وەک نازانن چۆن ژیانیان دەست پێ کردووە بەهەمان شێوەش ناتوانن پێشبینیی ئەنجامەکەی بکەن، ئەمە شتێکی چاکە. کەس نایەوێ پێشوەخت چارەنووسی خۆی بزانێ.

زێدە لە هەموومان بابیشێڤ مرد. مردنی ئەو یەکەمین مردنێک بوو لە پۆلەکەی ئێمەدا، ئەو کات (پۆل) بۆ ئێمە لە (وەچە)یەک پتری واتە دەدا. ئەو کاتە ئێمە واتای ئەو جۆرە زاراوە رووتانەمان نەدەزانی. پاشی ئەوە شەڕی بەسەردا هات، شەڕێکی گەلێک دوور و درێژ، لە ساڵی چوارەمی شەڕدا، لە ئاخر و ئۆخری مانگی ئاب بەخۆم و بەپۆستاڵی تۆزاوی و پشتێنی قایش و کڵاوی قوت و ئەستێرەی سەر شانەوە، هەرچەندە گەلێک گەنجیش بووم، بەڵام

وەک ئەفسـەرێکی پایەبەرز لـەناو بێسـتـانێکی شـووتی لەناو سـەربـازەکانمدا دانیشـتـبووم. دوو جوتیـاری رۆمـانـی بەخـۆ و بەکـڵاوی قـووچـی کـەوڵەمـەڕەوە لەگەڵ ئێمەدا دانیشتبوون، وتووێژمان دەکرد. یەکەمیان و پاشان ئەوی تریان، هـەریەکـەو شـووتیـیـەکیـان بەسـەر زەوییە وشـکەکـەدا بۆم گلـۆر کـردەوە و لەو تاریکی و نووتەکییەدا بریسکەیەکیان نیشان دام. ئەو کاتە نەدەهاتەوە یادەم باوکی بابیشێڤ چیی لەمـەڕ خەڵکی رۆمانیا یا جوتیـاری رۆمانیـاوە گوتبوو. منیش وەکو ئەفسـەرێکی پایەبەرز دەبوو چەقـۆیەکەم دەربـێنم و شـووتیـیەکـانی پێ بشکێنم. شـووتیـیـەکـان تەقین و بوون بەدوو لەتی ئـاودارەوە. لە تاریکـیـیـە ئەنگوست لە چاوەکـەی پشت بێـسـتـانی شـووتیـیـە بەراوەکـەدا تۆپەکـەی خۆمانمان دانابوو، ئێمە ئەو تۆپەمان لە چیا رژد و تووشـەکانەوە بەکێشـەکێش بۆ ئێرە هێنابوو، لەو شـوێنەی باڵداری بۆ بچـووایە باڵی دەوەری و ناڵداری بۆ بچـووایە ناڵی دەپەڕی. کاتێ بایەکە لەو لایەوە هەڵی کـرد، بۆنی گریز و رۆنی لە تراکتۆرەکانەوە هێنا.

ئەوە سـاڵی چل و چوارەمـی سـەدەی بیـسـتـەم بوو، ئەو سـەدە فـرەشـەڕەی لەمـەڕ خـۆمـان. تەمـەنم هـەر بیـست سـاڵێک دەبوو، ئەو کـاتـە نەمـدەزانی، هـەروەهـا نەشـمـدەتوانی بزانم زێدە لە هـەمـوو کـوڕانی هاوپـۆلی خـۆم، کـە تێکڕایان بۆ بەرەی شەڕ چووبوون هەر تەنیا من بەزیندوویی دەگەڕێمەوە.

.......................................

گریگۆری باکلانۆڤ

سـاڵی ١٩٢٣ لە ڤـۆرۆنێـژ لەدایک بووە. سـاڵی ١٩٤١ چووەتە کـۆڕی شـەڕەوە. لە سـاڵی ١٩٥٠دا یەکـەمین بـەرهـەمی بڵاوبـووەتەوە. هـەندێ لە نووسینەکانی ئەمانەن: یەک ئینجە زەوی، نێچیری مردار بەرپرسیار نییە، تەمووزی ١٩٤١. ئێستە لە مۆسکۆ دەژی.

.......................................

## گردی جودابوونەوە

ڤاسیلی بیلۆڤ *

چوون لە (گۆمەشینە)دا مەلەوانی بکەن، هەتا دوور دەکەوتنەوە تارماییان بچووکتر و بچووکتر دەبووەوە. ماریا چاوی چرکردەوە بۆ ئەوەی بەهۆی جلوبەرگەوە کچەکەی خۆی بناسێتەوە. بەڵام ئەوان لە ناو شەپۆلانی شیناوەردە چڕەکەدا بزربوون. شنەبایەک لە پاوانە دوورەکەوە هەڵی کرد، پێکەنین و حیلکەحیلکی کچان و فیکەکێشانی کوڕوکاڵی هاتە بەرگوێ. بەڵام پاشان بایەکە لێی کردەوە، کشی و ماتی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا و پاوانەکەی بەجارێک گەرم داهێنا.

هێشتا زۆری مابوو ئێوارە دابێ لەبەرئەوەی ئەوان زووتر لە مەزەندەی خۆیان کۆمەڵەکانیان تەواو کرد. سۆڵێکی لە کێڵگە بەجێماو و شەنەیەکی لک درێژی فڕێدراوی هەڵگرتەوە. پاشان کەپەک وتۆزی لە دەسرۆکەکەی تەکاند، بەشادییەوە سەرنجی لەسەر دیمەنی هەر سێ کۆمەڵە پووشە چۆنیەکەکە راگرت، دەتگوت لە خۆشییانە گۆرانی دەڵێ و سەما دەکا، کۆمەڵەکان هێندە گەورە و دڵگر بوون.

بەخۆوەنازینێکی دایکانە بەسەرتاپێیدا سەری کرد، بەورتەورتێکەوە گوتی:

«هۆ منداڵینە، منداڵینە...»، کچەکەی خۆی و کچە قوتابییەکانی تری هاتەوە بیر چۆن بەڕۆژەوە زۆر زوو پووشکەیان کۆمەڵ کرد. بیری کردەوە «هەموویان کیژوکاڵی گوندی خۆمانن، بەڵام ئێستە کەسیان لە ماڵەوە نین. تەنانەت ئەو کاتەی لێرەش کۆبوونەوە، شتە کۆنە، خاکییەکانیان بینییەوە، خوێنیان هاتەوە

کوڵ ـ گوتیان روومەت سوورکردن، یا نینۆک رەنگکردنیان پێ ناوێ.»

ماریا دووا خەرمان و لە هەموو خەرمانان گەورەتری لەگەڵ کچەکەی خۆی و (سێرگی)ی کوڕی دراوسێیەکەیاندا – کە کوڕێژگەیەکی تۆزێک لە منداڵ هەراشتر بوو، کۆمەڵ کرد.

خۆی لەسەر تۆقەڵەی خەرمانەکە بەپێوە وەستا بوو، سێرگی بەشەنە پووشەکەی بۆ هەڵدەدایە سەرەوە. کچەکەشی پاشماوەی پووشەکەی بۆ کۆ دەکردەوە و تەنیشتەکانی کۆمەڵەکەی دەپەستایەوە. کە کاتی ئەوە هات کۆمەڵەکە بپەستێتەوە، سێرگی لە شەرمان سوور هەڵگەڕا و دەسبەجێ لەوێ دوور کەوتەوە. گوتی دەچێت هەندێک چڵەبی ببڕێت. کچەکەی ماریا لە مەبەست نەگەیشت و لە رکانە سەرێکی بادا، تەپوتۆزی لە پرچە کاڕەنگییەکەی کە هەر لە پرچی باوکی دەچوو، تەکاند.

«دەتۆ سەر کۆنەی مەکە، کچێکی جوانی لێیە،» ماریا لەبەر خۆیەوە بزەی هاتێ و پاکانەی بۆ کوڕێژگەکە کرد، ئەو چەند دوا باوەشە پووشەشی گرتەوە کە کچەکەی بەشەنە بۆی هەڵدایە سەرەوە و کۆمەڵەکەی پەستایەوە. پاشان چڵە بییەکانی لەو دارتیرەیەی سەری لە خەرمانە پووشەکەوە دەرهێنابوو بەستایەوە بۆ ئەوەی بتوانێ پێوەی دابەزێتە سەر گومەتە خۆڵەکە و پاشان دابەزێتە سەر زەوی. ها ئەمە بوو بەرزیی ئەو کۆمەڵە پووشە دڵگر و سەرنج بزوێنە.

«رووت بۆ ئەولا وەرگێڕە سێرگی،» هەر بۆ تیز و تەشەر ئەمەی گوت، هەرچەندە دەیبینی سێرگی وا دانیشتووە و پشتی لە کۆمەڵە پووشەکە کردووە. هەروا دەشیزانی سەرەڕای ئەوەی سێرگی سەیری لایەکی تر دەکات، بەڵام بەپشتی سەر دەبینێ چۆن ماریا لە کۆمەڵە پووشەکەوە دادەبەزێتە سەر زەوی. جارێکی تریش لەبەر خۆیەوە بزەی هاتێ «تۆ هەر مێرمنداڵێکی ئەم تەمەنەی ئەو بگرە، کاتێ لنگی هەتا سەر چۆک رووتی ژنێک دەبینێ یەکسەر خوێنی دێتە کوڵ. ئەمە رووالەتی ئاساییی هەموو شتێکە».

کچەکەی خۆیشی هیچی لێ ناگیرێ ئاوها درەنگ لە مەبەست گەیشت و سەرکۆنەی کوڕەکەی کرد کاتێ نەیویست لە کاتی پەستینەوەی کۆمەڵە پووشەکەدا لەوێ بێت.

ئێستە وا هەموویان لێیان دا ڕۆیشتن لە (گۆمە شینە)دا مەلەوانی بکەن. سەرتاپێی دەوروبەر هاوینی تازە هاتوو بوو، هاوینەکە هێشتا تین و تاوی نەساندبوو، چڵە کەسکەکان دەشنانەوە. ڕووبارەکە شینێکی تێر بوو، لە بەرامبەر تیشک و ئاورینگی هەتاودا دەدرەوشایەوە. ئاسۆی لێڵ و وێڵ کەوتبووە لەرزانە، بەهەور و هالاوی گەرما تێک هەڵشێوا بوو. ماریا جارێکی تریش خولێکی ناو پاوانەکەی دا بۆ ئەوەی ئەگەر کارێک مابێت تەواوی بکا. بەڵام هەموو شتێک ڕێکوپێک بوو. بەئەسپایی رووی لە (گردی جودابوونەوە) کرد.

گەرمای دووای نیوەڕۆ بەرەو کەمتینی دەچوو. کۆترە باریکە لە بێشەڵانە دوورەکانەوە بەجارێک سرتەی لەخۆی بڕی. ماریا لە نێزیک تاوێرە بۆزەکەی خۆیدا دانەوییەوە و سواڵەیەک گیای نیوە وشکی دوێنێ - دووراوەی هەڵگرتەوە. هەتاوی بەرەوژێر داکشاوی ڕەنگپەڕیو، هێندەی گۆیەکی لێ هاتبوو و بەرەو دارستانە دوورەکان شۆڕ دەبووەوە، بایەکە هەڵی کردەوە.

هەتا چاو هەتەر دەکا کەس دیار نەبوو، ماریا لەسەر تۆقەڵەی گردی جودابوونەوەڕا پێدەشتە هەراوەکەی گوندەکەی خۆیانی لێ دیار بوو، وا پێ دەچوو ئەم دەشتە لە بڕاننەهاتووە بەبێ کۆتایی بەردەوام پان و بەرینتر ببێتەوە.

ڕێگە زیخەڵانەکە لە گردەکە شۆڕ دەبووەوە و بەرەو ژێرتر دادەکشا. هەتا دەهات پێچەکانی تیژتر دەبوون و دواجار وەک شریتێکی باریک لە پەنای گردۆلکە دوورە رووتەنەکەوە لە چاوان ون دەبوو.

ماریا چاوی لەو گردە بڕی، هەستی کرد خەمێکی شیرین بەکول و

کەسەرەوە بەسەر تاپێیدا سەر دەکات. ئەو خەمە لەمێژینە و چاوەڕوانییە بێ بڕانەوەیە وەک گیاوگۆڵی ڕەگاژۆی (گردی جودابوونەوە) بەتوندی لە دڵی ئەودا پنجی بەستبوو.

(گردی جودابوونەوە)، ئەو گردە سەربەرزەی ناو مەزرای پووشەڵانەکە، لە دێرزەمانەوە هەموو جۆرە خەڵکێک لەوێدا لەیەک هەڵدەبڕان. ئەگەر کەسێک کەسێکی تری بەڕێ بکردایە لەم گردە بەولاوەتر نەدەچوو. ئەوانەی گردی جوودابوونەوەشیان دەبوارد، دەیانزانی ئیدی دەستیان لە ماڵ بەرداوە، چوونیان هەیە و هاتنەوەیان نییە.

لەمێژ بوو ماریا سەری بێرەدا نەکردبوو. ئێستە لە بەرامبەر مێردەکەیدا هەستی بەشەرمەزاری دەکرد. جارێکی تریش دەسرۆکەکەی تەکاند. پرچی کۆکردەوە و هەڵی بەست. پاشان گووارەکانی لە گوێ کردەوە و لەسەر تاوێرەکەی دانان. دەیویست سەیری ئەو گردە دوورە نەکات کە ڕێگە زیخەڵانەکەی لێ ون دەبوو. لەناو کرۆکی دڵییەوە ئاهێکی هەڵکێشا و بەو هیوا دڵخۆشکەرەی جاری جارانییەوە دانیشت. دەتگوت ئەو بیست و پێنج ساڵەی نێوان ئەم بەرەبەری ڕۆئاوابوونەی وەرزی پووش کۆمەڵکردن و ئەوساتە ڕۆناک و تاڵەی کە ئەویش هەر کەوتبووە وەرزی پووش کۆمەڵکردن، هەر بەسەر نەچووبن.

بەکورتی، ماریا چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەی بوو، پێی وا بوو هەر دێتەوە. ئەمە چتۆ چاوەڕوانییەک بوو، بیست و پێنج هاوینی تەواو کلۆ پێکوڕە بەسەر گیاوگۆڵدا کەڵەمبازی دا و (شنگ)ی بەرز و بڵند بۆ بیست و پێنجەمین جار زەرد بوو.

نەیدەزانی چەند دەبێ لەسەر بەردەکەدا دانیشتووە. گوڵە شنگەکان یا بەهۆی ئەوەی لەبەر پێڵووە نیوە داخراوە لەبەر هەتاو کاڵبووەوەکانی، یا بەهۆی ئەوەی لەو دیو چینە تەنکە فرمێسکە روونە لە چاو تێزاوەکانییەوە دەبینران، زەردێکی لێڵ و سپیپات دیار بوون. ماریا بەبیر و هۆشێکی روونەوە

وەک ئەوەی لە خـەودا بێ دانیـشـتـە سـەر بـەردەکـە. یەکـەمین بیـرەوەریی بەسـانـایی و بەبێ هیچ مـانـدووبوونێک هـاتەوە یاد. ئـەو ڕۆژە دوور و درێژەی بـەهـار بـەڕوونـی هـاتـەوە یادی. ئـەو ڕۆژە، وا پـێ دەچـوو هـەر لـە تـەواوبـوون نەیەت. ڕێگە نەرمـەڵانە بەترسی ئەسپ قاوەیی هەڵگەڕاوەکە و بارستە بەفری روو لە توانەوەی نـاو باخـەکـانی ئەمـبـەر و ئەوبەری ڕێگە. دەتگوت لەو ڕۆژەدا هیـچ شـتـێک رووی نـەدا. ها لەوێ بوو، ئـەو ڕۆژە درێژە پڕ بـووبوو لە هـەتاوی بەهـاری تازە هـاتوو. قـەلەڕەشکە و قـەلەبەڵەک لە دارچنارەکـەوە بەقیـڕەقـیـڕی (مـاسیگر)انەیان گردی جوداببوونەوەی هێـشتـا لە سـەرمـا رچیـویان لە خـەو بەئاگا دەهێنا و کاتێ کچۆڵەیەک بەجـزمەیەکی لبادینی گەورە و دەستـەوانـەی دایک لە دەستەوە سـەر دەکەوتە سـەر گردەکە، هـەرگیز نـەدەسـەنگلانەوە. گەلێک جـاران ئەم وشـە نـامـۆیەی (گـردی جـودابوونـەوە)ی لە دەمی مـێـرمـندالانەوە بیستبوو. وا ئێستـەیش تین و تاوی منداڵیی گورج کردووەتەوە و بەتەنیا و بێ ئەوەی کـەسـێکی گـەورەی لەگـەڵدا بێ هـاتووەتـە ئێرە و بـەشـادمـانیـیـەوە لەو دوورییـەی ژێرەوە ڕاماوە. ڕەشـەبای توندی ئادار لەگـەڵ شـادمـانییەکـەی ئەودا تێکەڵ دەبوو، لە ئەوکی دەگیرا، هێندەی نەدەمـا پشووی لەبەر ببڕێ، بەینێکی زۆر پشـــووی نـەدەهـات و نەدەچـوو. لە بـنـەوەش، لەو شــــوێنـەی تـوولەڕێـیـــە زسـتـانیـیـەکـە دووا پشـووی تەمـەنی دەژیا، گـردۆلکە سـپـیـیـەکـان لە هـەمـوو لایـەکـــــەوە بـەرز بـووبـوونـەوە و دۆڵـی رووبـاری چۆمـــــەکــــان رۆچـووبـوون و دەوەنجـارێکی چڕ گـرتبـوونی. ئەو کـاتە هیـچ نـاوێکی بۆ ئەو هـەمـوو بۆشـایی و پانتاییـیانە لەلا نەبوو. سەرنجی ئەو تەنیا لـەبارەی شتێکی بـێ سـەروسنوور و ڕووناکـەوە بوو. پاشـان، دایکی و ئاگردانە گـەورەکـەی مـاڵـی خـۆیـانی هاتەوە بیـر. لە بـەرامـبـەر ئەم بۆشـاییـیـە بێ سنـوورەدا ترسـێکی بەسـامـی هـاتێ و لە هـاواری دا . هـەتا تینی تێدا بوو بەرەو گوند ڕای کرد.

دەسـتـێکی گـەورەی دەسـتـەوانەدار، بۆن و بەرامــەی بەفـر و ئەسـپی لێ دەهـات، هـەڵی گرت و سواری گـالیسکـەیەکی کرد. ئەو دەر و دراوسـێیـانـەی بۆ

گونديان بردەوە چيرۆكی ئەفسانەيیی (هێلكەی زێڕین)يان بەدەم ڕێگەوە بۆ گێڕايەوە. پێكەنينێكی نەرمی هاتێ، هێور بووەوە و سەيرێكی كلكە هەڵكفاوەكەی ئەسپەكەی كرد. هەر هێندەشی لەبير مابوو.

ماريا لە ئاستی ئەو ڕۆژەدا بزەيەكی هاتێ و جارێكی تريش سەيری ئەو گردەی كرد كە ڕێگەكەی لێ بزر دەبوو. لەو دەمەوەی مێردەكەی بۆ شەڕ چووبوو، بەبيريدا نەهاتبوو ئيتر جارێكی تر بەر بەماڵەوە نادات، پێی وابوو هەر زيندووە.

لە يەكبينە چاوەڕوانی بوو. هيوابڕ نەدەبوو. ويستی دەست بەگريانەكەی بكاتەوە، بەڵام جارێكی تريش گردی جودابوونەوەی هاتەوە ياد، لەو ڕۆژەی مانگی حوزەيراندا دار گێلاسەكان نيشتبوونە نێو گوڵ و چرۆ، كوڕگەل ئۆكۆرديۆنەكانيان لە لايەكەوە دانابوو و لە نێزيک ئەم تاوێرە بەردەدا گەمەيان دەكرد. مارياش بەدەم يارييەوە يەكەمين بالۆرەی خۆی لەگەڵ كچاندا گوت و چڵی دار گێلاسەكانی دەشكاندەوە. زۆر لەمێژ نەبوو يەكەمين كلاوكوڕە بەئاسمانی گردی جودابوونەوەدا هەڵفڕيبوو. تيترواسک بەئاسمانەوە فيتوويان دەكێشا. داربييەكانی دەم رووبارەكە ژيانيان تێ گەڕابووەوە و شيلەيان بەردابووە ناو چڵە شينەكان.

بەهارێكی هێندە بەكەيف و سەفا بوو، شەوانە كەس نەيدەويست بنوێت، يەكشەمان گردی جودابوونەوە گوێی بۆ بەزم و هەرای هاتوچۆكەران شل دەكرد. ئەو كاتە ماريا هێشتا پێی نەنابووە هەژدە ساڵييەوە، بەڵام شەوێكيان دووا كەس بوو گردەكەی بەجێ هێشت. كاتێ هەتاوی گەرمەتين هەڵهات، هەموويان بەبێ شەرم و شۆ بەسەرتاسەری شەقامی گوندە نووستووەكەدا ڕۆيشتن. ماريا دەسرۆكە سپييە لێوار بەريشكەكەی - كە يەكەمين يادگاری بوو، لەناو چەنگە توند و گەرمەكەيدا گرتبوو. هەتا زستان هات دەستيان لە بەزم و شايی هەڵنەگرت...

ماريا بەموچڕكەی شادمانييەكی تفت و تاڵ ڕاچەنی. سێبەری ئەستووری

گردەکە سەرتاپێ تەلانی پاوانەکەی داپۆشیبوو.. پێشکەی شەو لە شوێنێکی نێزیک ویزەویزی دەهات، ئەو گردۆلکە دوورەی ڕێگەکەی لێ بزر دەبوو نیشتبووە نێو شلێوە و تاریک و روونی ئێوارەوە.

ئاهەنگەکە تۆزێک بەپەلە ساز درابوو، هەرچۆن بێ ئاهەنگێکی چاک بوو. ئەویشیان هەروا کەوتبووە وەرزی پووش و پەلاش کۆمەڵکردنەوە... بیری پووش کۆمەڵکردنی ئەوێ جارێی تاریکە، تاکە بیرەوەرێکی روون هی رۆژێکی باراناوییە، ئەو جارەی خۆی و مێردەکەی پووشیان کۆدەکردەوە، بەلام پێش ئەوەی بپەرژێن پووشەکە لە یەک شوێندا کۆمەڵ بکەن، ماریا سەری هەڵبڕی و زەینی دایێ وا باران هێنای. بەترسەوە دەستی بۆ ژوور هەڵبڕی: «هۆ خوایە گیان، خوایە گیان، چەندین تۆن پووشی کۆمەڵ نەکراو لە تەڕ و لە هیشک هێشتا ماون. گیای سەرجەم گردی جودابوونەوە و پاوانە نەورەکە دووراونەتەوە و ئەوا ئاسمانی تاریکیش بەباران ئاوساوە.» هەتا دەهات بەری رۆئاوای ئاسمان لەبەر چاوی ماریا رەشتر و رەشتر دادەگەڕا. هەندێ کەس هێشتا هەر رایان دەکرد. لەناکاو لێرەو لەوێ دەمە شەنەی پڕ پووشت دەبینی بەرەو ئاسمانی شین تێر دەبریسکانەوە، بەلام بەئاشکرا دیار بوو کاتی هیچ بەدەستەوە نەماوە، لافاوەکە دەربازبوونی لێ نییە، هێشتا هیچ گەواڵەیەک نەیگرماندبوو، بەلام دڕکە ژاراوییەکانی برووسک بەوپەڕی چەتوونی و لاسارییەوە دەچەقینە هەورە ئۆپاڵ رەنگییەکانەوە. کپی و ماتی ئامێزی لە گردی جودابوونەوە گیر کرد، دەتگوت خۆی ئامادە دەکات بەرسینگە لە هەورە برووسکە بگرێتەوە. ماریا ئەو ساتەی بەهەموو وردایەتییەکەوە هاتەوە بیر. کاتێ لەگەڵ مێردەکەیدا بەراکردن بەرەو گوند هەیپێیان کرد، هەموو شتێک تاریک هەڵگەڕا. هەموو شتێک، وێنجە و سێپەڕە و گولیلکی ناو پاوانەکە یەکپارچە رەنگی مردنیان لێ نیشت. (تاڵیشک)ی سپی چوونەوە باڵ یەک، مێشهەنگ خۆیان شێردەوە. چۆلەکەش لە ناو گیاوگۆڵی شیناوەردی گونددا دەستی لە هەڵەبەز و دابەز هەڵگرت. ئاسمانی تاریکی بەری رۆئاوا لە

گرمەژنی دا و تلیشی برد. داوێکی باریک بەئاوازێکی بەرزەوە لە گەردووندا بەدەنگ هات و پاشان پسا. نەخێر هەرگیز کۆتاییەکانی ئەو داوەت بۆ نەدەدۆزرایەوە، نەتدەتوانی شیرازەی ئەو داوە گرێ بدەیتەوە.

ماریا روومەتی خۆی سڕییەوە و بزەیەکی هاتێ، ڕۆژ ئاوا بووبوو. هیچ گیانلەبەرێک لە چاوان دیار نەبوو، تەنیا ئەو رێگەیە نەبێ کە وەک شتێکی زیندوو بەرەو گردە دوورەکان دەکشا. جارێکی تریش سەیری دەوروبەری خۆی کردەوە. هەتا مەودای چەند میلێک کەس دیار نەبوو. بەرامبەر بەتاوێرە بەردەکە بەچۆکدا هات، لێوی خۆی کرۆشت و سەری بادا، سەیرێکی گردە دوورەکەی کرد. هەردوو دەستی لە نێوچەوانی خۆی ئاڵقاند، دانووشتایەوە، هەنیەی خستە سەر چیمەنەکە. پاشان خۆی راست کردەوە و دەستی بەلاواندنەوەکەی کرد: «ئای دەستی سپیم شل و شۆڕ بوون، چاوی روونم لێلاییان داهات، روومەتی سپیم رەنگی مردنی لێ نیشت، هەمووی لە سۆنگەی ئەو کۆستە گەورەیەم. تۆ رۆیشتی، گیانەکەم، خۆشەویستم، رۆیشتی وەک سەربازێک بەرگری بکەی، ئەمجارە وەک جاری جاران - جارانی پێشوو، نەبوو. ئەمجارە کەوتییە بنی دنیا، کەوتییە ئەو شوێنەی هەتاوی ناگاتێ.»

بەنەرمی، بەبێ وەستان و ماندووبوون دەگریا و دەناورایەوە. وشەکانی سەردولکەکەی بەسەر باڵی دەنگە ناسکەکەیەوە بەرەو ئاسمان دەفڕین، دەفڕین، دەفڕین وەک ئەوەی گیانی بچووک و ماندوونەبووی ئەو لە بڕان نەیەت. وشەکانی دانە دانە دەبوون و دەپرژانە ناو دنیا، چەندی بڵاوتر دەبوون ماریا پتری هەست بەئاسوودەیی و دڵنیایی دەکرد. دەتگوت دەتووێتەوە، هەموو گیانی دەبوو بەدەنگەکەی. وردە وردە خۆی لەبیر دەچووەوە. هیچ شتێک نەبوو سەردولکەکەی بوەستێنێ، ئەو سەردولکەیە وەک گیانی خۆی لەگەڵیدا دەژیا.

«ئای گیانەکەم، سەری لاساری تۆیان پاک تاشی، پرچە زێڕینەکەی تۆیان بڕی. پرچی زێڕینت داوداو بووەوە، هەر داوە پرچێک دڵۆپێک فرمێسکی تاڵ

بەسەرەوە. ئەو پاڵتۆ سوپاییە بۆ تۆ هەڵنەبڕابوو، نا نا بۆ شان و شەپێلکی تۆ نەبوو، پۆستاڵەکان بۆ پێی تۆ نەبوون، دەستەوانەکان بۆ دەستی تۆ نەبوون. لەوێ، لەو وڵاتە بیانییە میلە دوورییەکان لە پێوانە نایەن، هەموو خەڵکی ئەوێ بێگانەن، دادوەرانی ئەوێ بێ بەزەیین.»

شەوەکەی ئەوجار شەوێکی رووناک بوو، ئەو و پاڤێل بۆ شەڕ دەچوون. ماریا لەگەڵیاندا چوو بۆ ئەوەی هەتا گردی جودابوونەوەیان بەڕێ بکات. ئەو کاتەی گالیسکەکە بەپاڤێلی سەرخۆشەوە کەوتە رێگە، ماریا لەوێ لەسەر گردەکە لەگەڵ مێردەکەیدا پێکەوە وەستان...

مێردەکەی دەستە گرانەکانی خستە سەر شانی ماریا، ددانی توند لە جگەرەکەی گوشی، پێی گوت نەگریەت، ئەویش نەگریا. بەڵام هێندەی نەبرد ماریا لە سەڵای گریانی دا. ویستی جارێکی تریش هێوری بکاتەوە. گالیسکەکە هەر لەتری دەدا و پاڤێلی سەرخۆشی دوورتر و دوورتر دەبرد. خەرمانێک ئەستێرەیان بەسەر سەرەوە بوو. ئەگەر بەچاکی زەینت بدایە، دەتبینی ئاسمانی شین تێری لەپلاک رەنگ وردە ئەستێرەی نوێ دەزا و بۆن و بەرامەی گەرمی بۆشایی تێکەڵ بەساردیی ئاونگی نیشتوو دەبوو. مێردەکەی لە ئامێزی گرت – توند بەخۆوەی گوشی، ماریا هەستی بەهیچ ئێشێک نەکرد. پاشان بەبێ ئاوڕدانەوە لە گردەکە شۆڕ بووەوە. ماریاش هیچ جارێک لەم بەردە نێزیک نەکەوت و پێی وابوو مانگێک یا لای ئەوسەری دوو مانگی پێ دەچێ و دێتەوە.

بەڵام پاشان پایز داهات، ئاگری شەڕ پتر پەرەی سەند، گەلێک لە دەستەخوشکانی بێوەژن کەوتن، گەلێک جار بەشەو، ترس شاڵاوی بۆ دەهێنا. پاشان دانەوێڵەی لە گالیسکە بار دەکرد. شەوان درەنگ دەگەڕایەوە ماڵ. گریە و ناڵەی دێو و درنجی لە گردی جودابوونەوەرا دەهاتە گوێ. خاتوونە بارانێکی بێ بڕانەوە لە تاریکیدا دای دەکرد. گۆمیلکەی سەر رێگە لە ژێر پێچکەی گالیسکەدا بەشلپ و هۆڕ دەکەوتن.

بەیانیان هەور و هالاوی تەمتومانێکی بۆز و تاریک لە گردی جودابوونەوە دەئالاّ و توێژێکی تەنک و ڕێکی وەک تۆشکەسەر دەنیشتە سەر زەوی. زستان هات، نەک زستانێک، لە یەک پشوو زستانێک و زستانێکی تر و زستانێکی تریش هاتن. هەموویان زستانی پڕ تۆف و وەیشوومە و چاوبرسی بوون، چەندی دوورتر دەکەوتنەوە بەترستر دەهاتنە بەرچاوان.

هەموو بایەک هەڵیان کردە سەر گردی جودابوونەوە، جارێک لەمدیو و جارێک لەودیویان دەدا، ڕنوو بەفر بەشێوەیەکی پڕ مەترسی لە نشێوەکاندا هەرەسیان دەهێنا، تاوێرە بەردە سەهۆڵ گرتووەکانیان دادەپۆشی و ڕێگەکەیان تەسک دەکردەوە و دەیانکردە توولەڕێیەکی باریک. شەوانە بەفر و بەستەڵەک ئەستێرەی کزی پایزیان دەچریسکاندەوە. مانگی چواردەی ڕەنگ پەڕیو تیشکێکی کاڵی زەردباوی دەهاوێشتە سەر بەفرە شین ئاماڵەکە. بەیانیانیش هەتاوێکی سارد هەڵدەهات، گوێیە زلەکانی هەڵدەکێشا، باڵدار و پەلەوەری مردارەوەبووش وەکو پلووکەبەرد بەردەبوونەوە ناو بەفر.

زستانێکیان، شەو ڕاشکابوو. ماریا چووبووە گەرماو. پاڤێلی ئامۆزای مێردەکەی بەخۆی و قۆڵی بەتاڵی پاڵتۆ کەوڵەمەڕە لە گیرفان ئاخنراوەکەیەوە، لە نێزیک بێلاییەکەدا وەستابوو. ماریا وەک پووشبڕێکی ناو پاوان چۆن بەدەوری هێلانە مەلێکدا دەسووڕێتەوە، ئاوها بەسڵۆکی و وریایی لێی سووڕایەوە، هەتا گەیشتە بەر کۆسپەی دەرگە. پاڤێڵ ویستی بەرەو بێلاییەکە بەدوای کەوێ، ماریا بەرەوڕووی وەرسووڕا و بەچرپەیەکەوە ڕووی دەمی تێ کرد:

«بڕۆوە ماڵێ... بڕۆوە ماڵێ، پاڤێل بیر لە شتی وا مەکەوە... هیچ نەبێ ئەوت بەبیر بێتەوە، پیاو، شەرمت هەبێ پیاو... بڕۆ!»

پاڤێل ئەو سەرەی بەری دایەوە ئیدی هەڵی نەبڕی و لێی دا ڕۆیشت. بەفر لە ژێر پۆستاڵە لبادینەکانیدا سیڕەی دەهات. پاڤێل گەنج بوو، کە شەڕ تەواو بوو، ڕۆژێکیان هات و بەڕاشکاوی داوای شوو پێکردنی لێ کرد. ئەو کاتەی

پاڤێل هات رۆژ بوو، بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە خەڵک و خوا چیی لەبارەوە دەڵێن. هات لەوێ لە ناوەندی ژوورەکەدا وەستا و بەخەمێکی پڕ لە شادمانییەوە دەستی پێ کرد:

«چاوەڕوانیکردنی ئەوت باش نییە، ئیدی نایەتەوە! نایەتەوە، ماریا، من دەزانم، من خۆم لەوێ بووم. دەزانم مەبەست چییە کە دەڵێن فلانە کەس بزرە...»

ماریا هەموو شتێکی لەبەر چاوان تاریک بوو. بەم رەفتارە ناشیرنە رەنگی سپی هەڵما و تفێکی لە چاوی پاڤێل کرد. ئەژنۆی چەمایەوە، کەوتە سەر زەوی. بەدەم و دوامانی کابرای یەکباڵ هەرەسی هێنا و گێژ و وێژ بوو. کاتێ بەخۆی هاتەوە، پاڤێل رۆیشتبوو. کچەکەی لە پاینیەوە دانیشتبوو، شانە لاوازەکانی هەڵدەلەرزین، لشمەی کەپووی دەهات و بەرەنسکی دەدا، چاوەکانی ماریا پڕ بووبوون لە فرمێسک و رووی گرژ و مۆنی مێردەکەی.

بزر بووە، نەکوژراوە، نەخێر. نەخێر بڕوای نە بەبەڵگە و نە بەخەڵک نەدەکرد، تەنیا دڵی خۆی نەبێ. پێویستە بەژیان مابێ. لە سەربازگەی بەدیلگیراوانی جێگەیەک، یا رەنگە بردبێتیانە شوێنێکی دووری وەک ئەمەریکا. پارەی تکیتی پێ نەبێ بۆ ئەوەی بێتەوە، یا لەوانەیە رێگەی نەدەن و دژ بەدژی ویستی خۆی، لەوێ دەستیان بەسەریدا گرتبێ.

بەهاران و پایزان، گەلێ جار ماریا بۆ گریان و سەردولکە گوتن دەچووە سەر گردی جوودابوونەوە. چاوەڕوان دەبوو هەتا رێگەکە چۆڵ دەبوو و هاتوچۆی بەسەرەوە دەبڕا. دەستە جلکێکی لەبەر دەکرد وەک هی خەڵکی تر کۆن نەبوو. سەوزەگیای چڕی نێزیک بەردە بۆزەکە بەفرمێسکی ئەو تەواو تەڕ دەبوون. تەیر و تلوور ئاشنایەتییان لەگەڵیدا پەیدا کردبوو. تیترواسکی بچووک لە هاوین و قەلەڕەشکەی دەندووک درێژ و کلاوکوڕەی ئێسک سووک لە بەهاری تازە گەیشتوو بەبەر گوێیدا دەفڕین، تەنیا کۆترەباریکە نەبێ لە هێلوونی خۆی بەدەر نەدەکەوت:

هۆ مێوانانی ئازیز، مێوانانی ئازیزمان
مێوانانی ئازیزمان، خۆشەویستانمان
ئێوە تاوێکی کەم، بوونە مێوانمان
تاوێکی کەم، مێوانانی مات و بێدەنگمان
لە زەریای دوورەوە، لە زەریای بەرینی شینەوە...
هیچ بایەک هەڵناکات، کزەی هیچ بایەک نایەت
بارانی پایز بەگوڕ داناکات
هیچ وشەیەک لە ئازیزی زۆر خۆشەویستمەوە نایەت
نەوشەیەک، نەڕستەیەک
نەڕستەیەک، نەبرووسکەیەک
لە ئازیزی هەرە خۆشەویستمەوە بۆ من نایەت

ماریا چاوی خستە سەر یەک و ویستی ئەو وڵاتە بیانییە بێنێتە بەر بینینی خەیاڵی. بەڵام هەموو جارێک هەنگاوی بۆ هەڵنەدەهات. بیرەکانی پەرت دەبوون و دەڕەوینەوە. چ لە خەودا بێت یان بەئاگا تەنیا تاکە وێنەیەکی لەو ساڵە دوورانەوە بۆ دەهاتە بەرچاو... وێنەیەکی هێندە هۆگر بەدڵ و دەروونی، مێردەکەی بەبێزارییەوە بەرێگەیەکی پان و بەرین، پۆستاڵ لەپێ و کۆڵەپشت بەکۆڵەوە، چڵەبی لەناو دەست، بەلۆژەلۆژ ملی رێگەی گرتبوو. سەبارەت بەهۆیەکەوە دەلەنگی، لک و پۆپی تێکچڕژاوی دارێکی بیانی بەسەر سەریەوە دەهەژانەوە.

ماریا بەکول و کەسەرەوە هەستی کرد مێردەکەی چەند پێوە بووە هەتا ئەو پۆستاڵەی لەپێ هەڵکێشاوە. هەموو ئەو ساڵانە بەڕێگەوە بوو. هەر دەڕۆیشت و دەڕۆیشت. ماریاش هەموو ئەو ساڵانە چاوەڕوانی هاتنەوە ماڵەوەی بوو و هەموو دەمێک ئامادە بوو رابکاتە دوکانی شەڕاب فرۆشەکە و گەرماوێکی

چاکی بۆ ساز بدات...

شــەوە لێــڵــەکــە بەتـاریکیــیــەکی روونـی هێــمنـەوە گـردی جـودابوونەوەی داپۆشـیـبوو. مـاریا بەپێکەنینی نەرمی یەکێک بەئاگـا هات، سـەیرێکی گردە دوورەکــەی کـرد، لەو شــوێنـەی رێگەیـەکـە بـەرەو دۆڵە پووشــەڵانـەکـە پێــچی دەکردەوە کۆنە ئاشێکی بای بەسەرەوە بوو.

رێگەکـە نەکـەسی بەســەرەوە بوو و نـەنیشـانـەی هـیچ جـووڵەیەک، جـارێکی تریش زەڵە و دەنـگە دەنگێکی تری هاتـەوە گــوێ، دەنگەکـــە لە کلکەکــوتەی کـۆسـەمـاسـیی ناو رووبـار دەچوو. بیـرێکی تاریک سـەر و دڵی مـاریای گـرت. ئاوڕی دایەوە و کراسە سپییە مێخەکییەکەی کچەکەی خۆی لە نێوانی کۆمەڵە پووشەکاندا بینی.

«کێیـە لەوێ لەگەڵ کچـەکەمدا؟» ترس و سـامـی لێ نیشـت. تەزییەک پەڕییە دڵی و بەنـاولەپ پاڵی بـەشـتـێکەوە نا کــە لە بەرامـبــەریدا وەک مــردووێک بێ دەرەتان و دەستـەپارچە بوو. مەترسییەکە گەورە بوو و لە نێوانی ئێسکەکانی گـەردەنی – لـە گـەروویدا گـیـرا. بۆ ئەوەی بەرگـە لـە شـتـێکی سـەرووی تواناى خۆی بگرێ، بەهیوایەکەوە چاوی کردەوە. بەڵام کراسە سپییەکە هێشتا لەوێ کەوتبوو.

«تەواو گـەورە بووە، کچـەکـەم بەم زووانە دەبێـتـە بووک... بووک! ئای خـوایە گیـان!...» کتوپڕ بوورایەوە و دەسـتی شل بوو. «کچـەکـەم بووکە، ئای گـیـان، گیان... ئەم ماوە دوور و درێژە هـەموو ئەو فرمێسکە رژا...»

کــەس بەرێگەکــەدا رانەدەبوورد و تیــتــرواسکی خـــەواڵووی شـــەو لـەناو پاوانـەکــەوە بـەتەنیـــایی و بـەبێ هـۆ دەســتـی بەخـــوێندن کـــرد. هـەر تـەمــە سەرکێشـەکە نەبێ لە یـەکبینە بەسـەر زەوییـەکەدا دەکشا. ئیدی وا ئێسـتـەش ترس و پرینگانەوە لـە شـتـێکی نـەدیتـە رێگەی بـۆ بیـرێکی روون چۆڵ کـرد و هـەرچی ناهـەمـوارییـەک هـەبوو ئێستە بوو بەم بیرە روونەی:

«نایەتەوە، نا، نایەتەوە. چ جاران، نەسبەی، نەدووسبەی، چ جاران.» ماریا تاوێک لە بەرامبەر گیایەکەدا داما بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینێ. پاشان بەهێمنی سەری بۆ لایەک جوولاند، دەنگێکی بیان هێندەی نەمابوو لە ناو کرۆکییەوە بەزریکەیەکی سامدار رووەو ئاسمان و ئەو شەوە لێڵە بتەقێتەوە، بەڵام دەنگەکە پەنگاوی دا و دامرکایەوە. دەماودەم کەوتە سەر گیایەکە، وەک باڵندەیەکی بریندار گینگڵی دا و سەرتاپێی گیانی راهەژا. بەبێ جووڵە و بزاوت ماوەیەک لەوێ کپ و مات بوو، دەمێکی زۆر بەم رەنگە لەوێ پاڵی دایەوە.

گیایەکە بەرامەی خاک و گەرمای رۆژگاری دەدا. مانگ بەسەر گردی جودابوونەوەدا هەڵکشا. ماریا پیر و کەلەلا بووبوو، بەینێکی زۆر بەچڕی بیری لە واتەی ئەم هەموو شتانە کردەوە. بیری لەم بەرامەیەی گژوگیا و ئەم تریفە زێڕین و بەسام و بێ گیانەی مانگەشەو کردەوە. دڵی لە بارت ئەم زەوییە گەرمەدا بەتوندی داچڵەکی.

مانگ لەسەر گردی جودابوونەوە بەئاسمانەوە هەڵواسرابوو. تەنکە تەمەکە لە بنەوەڕا بەدۆڵەکانی پاوانەکەدا بەرەو ژوور هەڵدەکشا. ماریا لە سەلای گریانی دا: هۆ دایەگیان، هۆ خەڵکینە، خەڵکانی ئازیز، ئاسمان بەسەر زەویدا نابارێنێ و برووسک گرمە لە زەوی هەڵناستێنێ، زەوی لە ژێریدا زەندۆڵ نابات. نەئاگر، نەمژ و دومان لە هیچ لایەک بەدی ناکرێت. کۆمەڵە پووش و دارخەرمان وەکو جارانن، هەتاوی ئازیز جارێکی تریش بەسەر دارستانەکەوە هەڵدێتەوە و جارێکی تریش خەڵک دێنەوە پووش بڕین. گا دەقۆڕێنن و کتلی دێنەوە کوڵ. تەنیا ئەو نایەتەوە، نایەتەوە، نا، نایەتەوە، کەس نەما چاوەڕوانی بێت. ئیدی هاتوچۆی گردی جودابوونەوەش داد نادات. بیست و پێنج ساڵ لە چاوەڕوانیی ئەو، چاوەڕوانیی خۆشەویستترین کەس، ئەویش هەموو ئەو ساڵانە لە گۆڕی خۆی لە وڵاتی بیانەتیدا راکشاوە. رەنگە بۆ ئێسک و پرووسکی ئەو وا چاکتر بووبێ لەوێ لەو هەندەرانە پاڵ بکەوێ بۆ ئەوەی ئەم

چاوەڕوانی هاتنەوەی بێت. دەشێ ئێستە گوێی لەم بێت؟ نەخێر نابیستێ، نەخێر ناتوانێ هەست بکات...

ماریا لەسەر بەردەکەدا دانیشتبوو، بەنەرمی و نیانی دەهەژایەوە. وەک بڵێی کڕنووش بۆ ئەو خاکە ببات کە ئەوی بردە ژێر و ئێستە بووە بە(ئەو). دڵۆپە گەرمەکانی فرمێسک بەهۆی سەرمای شەوەوە بەسەر ملیدا سارد دادەهاتن.

جارێکی تریش پێکەنینێکی نەرم و دەنگە دەنگێکی هاتەوە گوێ. ئاوڕی دایەوە، سێرگی و کچەکەی خۆی بینی لە نێوانی کۆمەڵە پووشەکاندا هاتوچۆیان دەکرد. دەتگوت ڕێگەیان لێ ون بووە. کچەکەی لەگەڵ کوڕەکەدا وەک ئەو بیست و پێنج ساڵانەی ماریا بەسەر گردی جودابوونەوەدا، دەهات و دەچوون. ماریا دەمێکی زۆر بەکوڵ و کۆڤانێکی شیرینەوە تێیان راما. سەیری خۆی دەکرد، جاحێلە و سەرلەنوێ لە دایک بووەتەوە. نەخێر، ماریا نەبووبوو بەبێوەژن، نەهیچ رۆژێک و نەهیچ حەفتەیەک، تەنیا ئەو شەوە کورتەی پووش کۆمەڵکردن نەبێ...

ئەوا جارێکی تریش دەستیان بەرۆیشتن کردەوە. کچەکەی بەسەر شەونمە تازە کەوتووەکەدا دەڕۆیشت و کورتەکی کوڕەی بەسەر شان دادابوو. کورتەکێکی رەش، رەش لە گوێن شەوەکەی جاری ئەو جار. کچەکە دادەنەوییەوە، هەردوو ئەژنۆی پێکەوە دەنووساندن، گوڵی دەپچڕی. ئەمە زۆر ئاساییە، بێگومان – نازانن چی بکەن بۆیە گوڵ دەپچڕن و دەیکەن چەپک.

جارێکی تریش سەرنجی ڕێگەکەی دا، تاریکتر و نێزیکتر دەهاتنە بەرچاو. فرمێسکی لە سنگدا هاتە کوڵ. هاوین بەتەواوی هاتبووە گردی جودابوونەوە. زەوییەکەی ژێرەوە تاریک بووبوو لەبەرئەوەی مانگ خۆی خزاندبووە پەنای پەڵە هەورە پەرژ و بڵاوەکانەوە.

ماریا بەبێ لەرەی لێو و جووڵەی لەش، بەنەرمی دەستی کردەوە گریان و

هەر سەرنجی کچەکەشی دەدا هەتا لە نێوانی کۆمەڵە پووشەکاندا ون بوون. تەنکە تەمەکەی ژێرەوەش بەرەبەرە پەرت دەبوو، دۆڵی رووبار و چەمەکانی دادەپۆشی – ئەم شوێنانە لەمێژ بوو گیایان لێ بڕابووەوە، هەروەها بەنزمی بەسەر گردۆلکە و کۆمەڵە پووشەکاندا دەخشی. ئیدی لوتکەی کۆمەڵە پووشەکان دەتگوت بەسەر زەریایەک شیری رەنگ بۆزی تەمەوە مەلە دەکەن. لەوێ مەلەیان دەکرد و نەیاندەتوانی دوور بکەونەوە. لە بنەوەش دەنگە دەنگێک دەهات – تاوێک تەیر وتواڵ قاژەیان دەهات و تاوێکیش کۆڕژنی بەسۆزی جوانووە ماینی لە ترسا تاساوی بەشەونم تەڕ دەهات.

.......................................

ڤاسیلی بیلۆڤ

ساڵی ١٩٣٢ لە (ڤۆلۆگدا) لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٦ خوێندنی لە ئامۆژگەی گۆرکی تەواو کردووە. یەکەمین کورتە چیرۆکی لە ١٩٦٣دا بڵاو کردووەتەوە. کۆمەڵێک کورتە چیرۆک و رۆمانی هەن وەک: لە ئێوارەیەکدا، هاوینی گەرم، چیرۆکی دارتاشان، رۆمانی تەپونم، کتێبێکیشی لەبارەی ئیستاتیکای هونەری گەلێری بەناوی (هارمۆنی)یەوە نووسیوە.

.......................................

# گردەشـینـە

ئۆلێس گۆنچار

1

بەچاکی دەتبینم، لە زنجە بەرزەکەی سـەر تەپۆلکە کێوەکانەوە دەردەکەویت و بەرەوژێر دەڕوانی. دایکت بانگت دەکا: «تێرێزا!». بەڵام تۆ هەست و خوستت لە خۆت بڕیوە و ورتەت لە زار دەرنایە.

«کچێ تێرێزا!»

بەڵام تۆ هێشتا وەستاویت و بەدەم یەکێکەوە دەگرژیتەوە.

ڕەشـەبـایەکی توند بەنێو گـەلی و دەربەندی کێوەکانی (ئۆرا)دا ورشـەی دێ. بەهار لە ئاسـمـان و زەویدا بەگەشـە کەوتووە و سـەوزە بەڕوو لە نشـێوەکـاندا لـەرزانە دەکـا. تاوێرە بەردە ئاوەسـووەکـان بەدەم تیـشـکی هەتاوەوە دەچریسکێنەوە.

دایکت دەپرسێ:

«تێرێزا، ئەمە بەدووای چیدا دەگەڕێی؟»

تۆش دەستت بەرەو ئاسمان بەرز دەکەیەوە:

«دایکی شـیـرینم، تـەنیا خـوای گـەورە لە ژووری سـەردا دەزانێ من بەدوای چیدا دەگەڕێم ،»

ئاسـمانی شین و بێ سـەر و سنووری بەهار لەژوور سـەرتەوە پاک و بێگەرد

و بڵند دەڵێی زرینگەی زەنگوڵێکی شـــینە لـە هـەوادا زایـەڵەی دێ و دەنگ دەداتەوە.

2

بەدووای چیدا دەگەڕێی؟ گوێت لە چی گرتووە؟

چتــۆ با و بۆرانێک هەڵی کــردبوو! ئەو کـاتەی من پتــێکم بەمــینای پەنجــەرەکــەدا کـێـشــا وا پێ دەچوو کــەس لە دەرەوە نەبێ. هەسـتم کـرد دانیـشتووی ناو زنجـەکە هێـشتا نـەنوستـوون، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کـەس وەڵامی نەدامـەوە. دیارە بڕیاریان داوە چۆن هەڵسـوکـەوت بکەن. بەفـری سـەر گوێسوانەکە هەڵوەری و پرژایە سەر دەموچاوم.

رەشـەبا و بۆرانەکە بـەنێو زوورگ و هـەڵەتی چیایەکانـدا دەینرکاند، گـرم و هۆڕی بـوو. جـارێکی تریش زۆر بەترس و پـارێزەوە پتــێکم بـەپەنجــەرەکــەدا کــێــشـــا، نـەبادا کـــەســـانێک لە ژێری ژێرەوەدا هـەبن و ســۆســـەی ئـەم لەپەنجەرەدانەی من بکەن.

«کێن ئێوە؟»

چی بڵێم؟ ئێمە کێین؟

«خــۆمـانـین،» گــوتم. بەڵام دەنگم وا کــەوتبـوو تەنـانـەت خــۆمـیش هـەسـتم بەدەنگی خۆم نەدەکرد.

سێ رۆژی خشتـە بەم کەژ و کێو و ڕەوەزانەدا هـەڕا دەکـەین، لە جیـاتی ئاو بەبەفر تێنووەتیمان شکاندووە.

«خۆمانین،» ئەمجارە بەدەنگی بەرز گوتم.

چۆن تیرۆژە رووناکییـەک بەبەر مینـای پەنجەرە دەکەوێ و تیشک دەداتەوە، وشـەکانی منیش ئاوها بەرەودوا گەڕانەوە و دەنگیان دایەوە.

«دایە، رووسیایین!»

دەرگە بەشێنەیی کرایەوە. منیش بەخۆم و تفەنگە تۆماتیکەکەی دەستم، پەنجە لەسەر پەلەپیتکە بەزۆور کەوتم، پیلە تیشکدەرەکەی نێو دەستمم داگیرساند. تیشکێکی بازنەیی دایکتی رووناک کردەوە، ئەو کاتە شانی دابووە پاڵ مێزێکەوە. لە ترسانە هیشک هەڵاتبوو. تۆش لە تەک جێ و بالینگانێکی بەرز بەپێوە وەستابووی، پرچە درێژ و بڵاوەکەت رژابووە سەر سنگ و بەرۆکت. پیلەکەت کوژاندەوە، پێم گوتیت پەردەی پەنجەرەکان دادەیتەوە. دایکت وەرسووڕا چرایەک دابگیرسێنێ، شەمچەیەک لەناو دەستیدا برووسکەی لێ هەڵستا، تۆیش بەپێی پەتی چوویە سەر مێزەکە بۆ ئەوەی پەردەکان دادەیتەوە.

چاوم بەسەر پووز و بەلەکە سپی و تەڕ و بڕەکانتەوە لەنگەری گرت، تەنانەت کاتێ سەریشم بەردایەوە هێشتا بەتیلاییی چاو هەر لێمەوە دیار بوون.

بازێکت هەڵدا و لە مێزەکە هاتییە خوارەوە، لێم نێزیک کەوتییەوە. سەرنجێکم دایە جل و جینگوڕە سپیواژە شڕ و شەپڕێوەکەی خۆم. تۆش شاڵێکی سپیت لەبەردا بوو، دەسبێنێکی رەشت لە مەچەک بەستا بوو.

«کەواتە رووسیایی ئاوهان!»

«بۆ پێت وابوو چۆنن؟»

«هەروا...»

دەستت بەرز کردەوە، بەڵام دەستی من سوور و لەسەرما رچیوو، دەسرۆکێکی پیسی چڵکنی تێوە پێچرابوو، دەسرۆکەکە هەتا سەر پەنجەکانم هاتبوو و جێی دەسکێشیشی گرتبووەوە، چونکە لە کێشمەکێش و رکەی ئەو چیا و هەڵەمووتە رژد و تووشانەدا دەسکێشەکانم بزر کردبوون.

«کێ هاتوچۆی ئێرە دەکا؟»

« ئەمڕۆ کەس نەهاتووە،» دایکت گوتی. ئێستە لە تەک ئاگردانە بەردینەکەدا وەستاوە، چاوی بڕیووەتە من و بەداماوییەوە سەیرم دەکا.

«بۆ کێ ڕەشت پۆشیووە؟»

«بۆ فرانچیک.» دایکت گوتی.

«بۆ کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا.» تۆ گوتت.

چوومە دەرەوە و بەنێو دالانەکەدا ڕۆیشتم. بەپێش هۆڵی مەڕاندا سووڕامەوە. گوێم لێ بوو مەڕەکان ڕەوینەوە و باڕاندیان. فیکەیەکم کێشا.

«چۆنە؟» ئیلیا گوتی و وەک شەبەنگێکی سپی لەودیو کۆمەڵە پووشەکانەوە ڕاست بووەوە.

«زۆرباشە.»

«سیپەکەش بێنم؟»

«بەڵێ.»

چووینە ژوورەوە. ئیلیا کە ئاگردانەکەی بینی بزەیەکی هاتێ. سیپەکەی لەتەک ئاگردانەکەوە دانا. کلووە بەفری سەر و پۆتەڵاکی خۆی تەکاند و بەلەزەتەوە گوێی بۆ ئاخاوتنی سلۆڤاکی شل کرد.

«بۆ؟ هەر دەڵێی ماڵەوەیە،» ئیلیا گوتی. «هەموو شتێک تێ دەگەم.»

«ئێمەش لە تۆ دەگەین، ئێمە سلۆڤاکین.»

«ئیدی – تێ ناگەم – نەما،» ئیلیا گوتی. «هەر دەڵێی لە وڵاتی خۆمانین.»

دایە ئاماژەی بۆ (سیپە) سندووقەکەی نێزیک دەرگە کرد و گوتی:

«ئەوە چییە؟»

«ڕادیۆی کۆڵەپشتە،» تۆ هەڵتدایێ.

«ڕادیۆ!» دایە بەترسێکەوە دەستی هەڵبڕی. «هیزە لایبەن، ئەم سەرەسۆدرەیە مەهێننە ژوورەوە. ئێوە لێرە بن بەڵام ڕادیۆیەکە نا... هەموو دەردەسەریمان لە سەرینیی ئەمەوەیە، بەهۆی ڕادیۆوە فرانچیکیان گرت.»

فرانچیکی کوڕی هەتا درەنگانی شەو بەدیار ڕادیۆوە دادەنیشت، بەدوای

لەندەن و مۆسکۆدا دەگەڕا هەتا ماندوو دەبوو و خەو دەیبردەوە.

ڕۆژێکیـــان پیـــاوانی (تیـــســـۆ) هاتن، رادیۆکـــەیان هـوردوهەڕا کـــرد و فرانچیکیان بەپێش دا. پێنج شەمووی رابردوو فرانچیکیان گوللەباران کرد. فۆهـرەر بڕیاری دابوو فـرانـچیک چەتەیە. بەلای ئەوانەوە هەمـوو سلۆڤاکـێک چەتە و ئەشـقیـایە. تۆ بڕوانە و بیری لـێ بکەوە، بابایەکی هەژار و بێ دەرەتان کـە بـەدرێژاییی ژیانی خـۆی دارسـتـانوان بووبێ، داخـۆ چتـۆ چەتە و ئەشقـیـایەکی لێ هەڵدەکـەوێ. بەڵێ، باوکەشـیـان لوول دا و راپێچـیـان کرد، بردیان بۆ ئەوەی سەنگەر بۆ ئەڵمانەکان هەڵبکەنێ.

«کەواتە چەرمەسەرەی ترم بۆ مەهێنە!»

ئیلیا ویستی هێوری بکاتەوە:

«دایە ئیش ناکات!»

«نا، تکایە لای بە.»

ئیلیا لە رادیۆیەکە نەوی و بردییە دەرەوە.

گـەرمی و تـینێکی خۆش لـە ئاگردانەکـەوە ئەو ناوەی تەنییـەوەوە و دەتگوت ئەڵکهوولە چۆڕایە گـیـانمانەوە. مـوچڕکـە و تەزووی گـەرم بەسـەرتاپێـماندا سەری کرد. هەستم کرد سەرما و رچینی چیا گیانم بەجێ دێڵن. فـەرمانمان پێ درابوو دەبوو زۆر وریا بین. سـەری سـێ رۆژان بوو ئاگرمـان نەکردبووەوە، وەک مـاری سـپـی گـینگڵـمـان دەدا و بەنـاو هەڵەت و تـەمـتـەمـەکـانی سـەر شـارێیەکەدا لەسـەر زگ دەخشین و بەچنگەکرکێ و گاگۆڵکێ سـەردەکەوتینە سـەر لوتکەی چـیـایەکـان بۆ ئەوەی لە نێـزیکەوە مـۆڵگەکـانی دوژمن سـۆسـە بکەین. ناوبەناو گوێمان لە سـەمفۆنیایەک دەگرت یا زانیـاریی پێویستـمـان بەهۆی دەزگایەکەمانەوە وەردەگرت. بەردەوامیش دەبوایە رووکارمان بگۆڕین. ئەگـەر پیـاو رێ بەچیـایان نەبا و شـارەزا نـەبێ، ئاسـان نیـیـە بەهەڵدێراندا هەڵبگەڕێ، بەتایبـەتیش ئەگەر شـەو بێ و بەڵەدیشی لەگەڵدا نەبێ. ساتمەمـان دەکرد و هەڵدەدێراین. ئەگەر ئەو بەفرە ئەستووره نەبوایە هەر ملمان دەشکا.

پێستی دەست و پێمان داماڵکان، چۆکمان ئاوسا و جلوبەرگمان تیتۆڵ بەتیتۆڵ بوون، تەنانەت دەزگایەکەشمان شکا.

ئیلیا ویستی پێی بسەلمێنێ کە رادیۆیەکە ئیدی کار ناکات:

«بەڵێ سەرەنگرێ بوون لەو هەڵەتانەدا ئاوهایە،» بەپەژارەوە گوتی.

ئێمە تەواوی ئەرکەکانی خۆمانمان راپەڕاندبوو. دەبوایە ئەو شەوە هێڵی پێشەوەی شەڕ ببڕین و بگەڕێینەوە ناو هێزەکانی خۆمان.

ئاوێکی گەرمت رژاندە ناو تەشتێکەوە. ویستم پەڕۆی دەستە پێچراوەکەم هەڵوەشێنمەوە، بەڵام پەنجەکانم لە سەرما رچیبوون و لە گۆ کەوتبوون.

«با من بیکەمەوە.»

پەنجەکانی تۆ شووش و باریکان، کاتێ پەڕۆ خوێناوییەکەت هەڵوەشاندەوە هەستم بەهیچ ئێشێک نەکرد. پەڕۆیەکەت فڕێ دایە سووچێکەوە و دەستە تەڕەکانی منت بەپەڕۆیەکی نەرم و نوێ پێچایەوە.

دایکت گوتی:

«تکایە مێوانە رووسیاییەکان فەرموون وەرنە لای مێزەکە قاوە بخۆنەوە.»
تۆش بەردەستیت دەکردین. دوای ئەوەی سەرو فنجانمان خواردەوە، تۆ خوڵکت کردین:

«تکایە فنجانێکی تریش بخۆنەوە، لەمێژە چاوەڕێی ئێوە بووین، هاوڕێینە..»

چاوت لە دوورِ چاوم بڕی. وام هەست دەکرد دەخزێیە ناو دڵ و هەناومەوە.

## 3

جگەرەمان دەکێشا و وەنەوزمان دەدا. هێندە ماندوو و کەشەنگ بووین لاکەی سەرمان دەهات، بەملا و بەولادا لار دەبووینەوە. شێست سەعاتی تەواو بوو نەنوستبووین.

گوتت:

«بنوون، تاویَ ببۆرژێن، من لە دەرەوە دەوەستم و ئێشکتان لێ دەگرم.»

پێ کەنین و بەرزەپێ هەستاین. گوتت «بۆ؟» بەپاڕانەیەکەوە سەیرت کردین. دایکت داماو و ڕەنگ پەڕیو، وەک ڕەبەنێک دەستەونەزەر وەستابوو، وا بزانم نزای دەخوێند.

«دایە،» ئیلیا گوتی. «ئەمجارە بەتفەنگ و هاوەنەوە دەگەڕێینەوە، مەرج بێ منیش رادیۆیەکی نرت و نوێت بۆ بێنم بۆ ئەوەی گوێت لە هەموو دنیا ببێ.»

« خوا دەست بەباڵتانەوە بگرێ،» بەنەرمییەوە گوتی. «تێرێزا هەڕۆ مێوانەکان بەڕێ کە.»

ملمان لە تۆف و زریانەکە نا، بایەکی ساردی دەست و پێ رچێن بەر دەم و لووتمان کەوت و چاوی تەزاندین. گەرمی و رووناکی و هەست و سۆزی مرۆڤانمان لە دوواوە بەجێ هێشت. لە بنی بنەوە، لە شوێنێکی نەدیو، وەک بڵێی لە تەپانی بنی بیرێک بێ، شەڕێک دامەزرا بوو دەیگرماند. برووسکە و تیشکی ناو تەمتومان و تاریک و لێڵە لەو دیو بەردەشینەوە پێداپێدا بەئاسماندا دەپرژان. بەردە شینە - ناوی سەر نەخشەی ئەو گوندە چیاییە بوو، بەڵام ئێمە ناومان نابوو (بەردەفێڵ) لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆری تێدا نەدەمماینەوە. کەپکە چیا لە هەردوو لاوە بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون هەر دەتگوت (گرتیگە)یە.

شاڵێکی سپیی وەک بلوورت لەبەردا بوو، پێشمان کەوتبووی، لەم تاوێرەوە بۆ ئەو تاوێر کەڵەمبازت دەدا. لەسەر لێواری کەنداڵە بەرینەکەی سەرووی شاڕێیەکەدا وەستاین. تارماییی لۆری و ترانکی ئەڵمانەکانمان لە ژێرەوە لێ دیار بوو. شوفێرەکان لە چوار دەوری ئاگرەکان هەڵدەپەڕین و دەستیان هەڵدەوەشاند. هەور و هەڵمی بەفری تواوە بەسەر ئاگرەکاندا هەڵدەکشان.

چاکترین ڕێگەی گەیشتنە ئاشە بایەکەت پێ نیشان داین. دەستت بۆ درێژ کردم و پرسیت:

«ناوت چییە؟»

پەنجەی باریک و بلوورینت خزانە نێو دەستم. هەستم کرد گەرم و گوڕییەک چۆڕایە ناو گیانمەوە. سەرنجم بۆ چیا هەڵەتەکان و تیشەبەردی ناو تەمتەمەکان وەرگێڕا، ئیدی بیانەتی و نامۆییان لەبەرچاوم رەوینەوە.

«پێک دەگەینەوە تێریزا،»

تاوێک بێدەنگ بوویت.

« بەڵێ، پێم وایە چارەنووس وای هێنا و رێکەوتی یەکتری کردین.»

«چاوەڕێم دەکەیت؟»

«بەڵێ، خوا یار بێ،»

4

گەڕامەوە،

ئەمجارە بەردەشینە و شارێ و چیایەکان کەوتبوونە بەری ئێمەوە. لە دوورەوە شوێنە بەدڵ ئاشنایەکەم ناسییەوە، چۆڵ و هۆڵ بوو. لە تەپۆلکە مشکییەکی رەش بترازێ چیی تر دیار نەبوو. دار و پەردوویەکی بەسەریەکدا رووخاو و سووتاو، دووکێشی ئاگردانەکە تاک و تەنیا لەو ناوەندەدا وەستابوو. کاتێ نێزیکتر بوومەوە دایەم بینی، نوشتابووەوە، گاڵۆکێکی بەدەستەوە بوو لە مشکی و پەردووەکەی دەژەند. شتێکی دەرهێنا، تاوێک تێی راما و پاشان فرێی دایەوە. وا پێ دەچوو بەدوای هیچ شتێکی تایبەتدا نەگەڕێ، کاتی دەکوشت.

«ئێوارەت باش.» گوتم.

«ئێوارەت باش.» وەڵامی دامەوە، بەڵام جارێکی تریش بەسەر ئاگر و پەردووەکەدا نووشتایەوە، نەیدەناسیمەوە. کاتێ بەبیریم هینایەوە من کێم، زەینێکی دامێ و تاوێک تێم راما، لێوە کرژهەڵاتووەکانی بەتەتەڵە کەوتن،

برێک هێور بووەوە پاشان هەموو شتێکی لە نووژەنەوە بۆ گێڕامەوە.

بەیانیی رۆژی دواتر هاتن بەدوای مێردەکەیدا.

«لەکار هەڵاتووە،» پۆلیسە ئەڵمانەکە نەڕاندی.

«شەو لێرە ماوەتەوە،»

«نەهاتووەتەوە ئێرە،» تێرێزا وەڵامی دانەوە.

«درۆیان دەکەی،» نەڕاندیان. «شوێن پێمان لەسەر بەفرەکە هەڵگرتن. تۆیش بەگەڵیان کەوتووی و لەگەڵ کەسێکی تردا بەرێت کردوون. شوێن پێ بچووکەکانی تۆمان ناسییەوە.»

هەموو شوێنێکی سەربان و بنبانیان پشکنی، شمەکیان هەڵاوگێڕ کرد، شتیان هوردوهەڕا کرد. دواجار پەڕۆکە بەخوێنەکەی تۆیان دۆزییەوە.

«ئەمە خوێنی کێیە؟» پرسیاریان کرد.

«خوێنی منە،» تێرێزا گوتی.

«چۆن؟»

«دەستی خۆمم بڕی،»

«درۆمان لەگەڵدا مەکە، ئەمە خوێنی تەڕە. کەواتە ئەشقیایان دادەکەن وا نییە؟»

کە ئەڵمانەکەی تر ئەمەی بیست بەتێرێزای گوت:

«پێشمان کەوە!»

گەڕیان لێی ئاڵاند و بەرەو میکۆلۆڤیان راپێچ کرد، دایە بەدوایاندا هەیپێی کرد بەڵام نەیدەتوانی بەپێی وان رابگا. تێرێزا لە بەراییەوە دەڕۆیشت، نەدەگریا، بەڵام ناوبەناوێک ئاوڕی دواوەی دەدایەوە.

«سەیری چی دەکەی؟» ئەڵمانەکان نەڕاندیانە سەری.

«دەمەوێ بەردەشینە ببینم.»

«دڵدارەکەت لەوێیە؟»

«بەڵێ.»

گەیشتنە سەر ئەو گردەی کە شارێیەکە لەوێوە بەرەو میکۆلۆڤ پێچی دەکردەوە، ئیدی چەند هەنگاوێکی تر دەڕۆی و بەردەشینە لە چاوان ون دەبێ. تێرێزا وەستا، ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو. ئاوڕێکی دوور و درێژی دواوەی دایەوە، بەڵام ئەڵمانەکان دەنگیان دایێ کە بڕوا.

«تکایە، لێم گەڕێن با تێر سەیری بەردەشینە بکەم و وێنەکەی لە دڵمدا هەڵگرم!»

گوتیان:

«تۆ سەیری بەردەشینە ناکەی، سەیری شتێکی تر دەکەی، دڵدارەکەت لە کوێیە؟»

دایەش هەستی کرد تێرێزا سەیری لایەکی تر دەکا.

دایانە بەر قامچییان. تێرێزا دەستی هەڵبڕی بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکا، هەر سەیری دواوەشی دەکرد. تیشک و بریسکەی ئاگری چەکی رووسیاییەکان لە ئاسۆوە دیار بوو. پۆلیسەکان تێرێزایان پەلکێش کرد و بەپێش خۆیان دا، دابوویانە بەر سەرە ساڵدرمە و راپێچیان دەکرد. دەیاننەڕاندێ ئیدی ئاوڕی دواوە نەداتەوە. خوێنی لە دەموچاو دەچۆڕایەوە، بەڵام هەر ئاوڕیشی دەدایەوە و قسەی نەدەکرد. دایە بەدوایاندا رای کرد. پاشان ساتمەی کرد و سەرەنگرێ بوو، هەتا شەو داهات لەوێ کەوت.

5

بیرەوەری کاڵ دەبێتەوە و هەموو شت لە ناو دەچێ. تەنیا یەکەمین ئەڤین نەبێ. ئەرێ بۆ ئەو دیمانە بەرێکەوتە و ئەو تاکە سەرنجەم لە بیر ناچنەوە؟

تۆ بۆ من ژیای. کەژ و کێوە دوورە دەستەکانی ئۆرا لە هەموو شوێنێک بەدوامەوەن. هەتا دێ لێم نێزیکتر دەبنەوە، بەئاشکرایی لێمەوە دیارن.

کەپکەکانیان هێشتا بەبەفر داپۆشراون، بەڵام لە ژێرەوە سەوزە چیمەنێکە لەبەر تیشکی هەتاوی بەهاردا سەرتاپێ کەسک دەچێتەوە. زەنوێرەکان دەڵێی گۆماوی شین یەکپارچە بەو گڵووکە بەهارەیە رەنگاون کە ئێوە پێی دەڵێن (ئاسمان بارانە).

چاو دادەخەم، تۆش بەتۆی شاڵێکی داوێن کورتی سپی و دەسبێنە رەشەکەی مەچەکتەوە سەر دەکەویە سەر بانیژە دارینەکە، سەیری ژێرەوە دەکەی، سەیری ئەو دیوی بەردەشینە، ئەو شوێنەی جاران هێلی بەرگریی ئێمەی لێ بوو. ئێستە ئەوێ بەزەمەندێکی چڕ داپۆشراوە و جووتیارانی سلۆڤاک بەسواریی تراکتۆر شادان و خەندان هاتوچۆی پێدا دەکەن، سەیری ئەو دارمێوانە دەکەن لەسەر زەوی رواون و لک و پۆپیان بەرەو ئاسمان هەڵداوە.

ئەو کاتە گەلێک جار پێک دەگەین، لەسەر تاوێرە بەردەکانی بەر تیشکی هەتاو دادەنیشین و وتووێژ دەکەین:

تێرێزا: ئەوە تۆ ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بووی؟

من: ئیدی تەواو جارێکی تر لەیەکتر جودا نابینەوە.

تێرێزا: هیچ؟

من: هیچ.

تێرێزا: شتێکی چاکە ئێستە پێکەوەین. لەمێژە، لە شەوەکەی ئەوێ زستانێوە چاوەڕێتم، هەر دەڵێی هەزار ساڵ بەسەر چووە.

من: منیش وا هەست دەکەم زۆر لەمێژە چاوەڕێتم.

تێرێزا: دەستت بێنە، پێت وایە ئەم هەزار ساڵە هیچ شتێکی گۆڕیوە؟ ئێستە وا رابوورد، پێویستە هەتا ئەو رۆژەی گزوگیا لەم چیایانە دەڕوێ و هەتاو تیشک داوێ، ئێمەش هەر بژین و بژین، سەیرکە چەند دەوڵەمەندین!

من: نابێ وەک شەوەکەی ئەوێ زستانێ بەپەلە بین. ئەو کاتە هیچمان پێ

نەدەگوترا، رەشەبا و بۆران لە گەلی و دەربەندی چیایەکاندا هار و شێت بووبوو، نەیدەهێشت هیچ بڵێین.

تێرێزا: ئێستە هەموو کاتێکی دنیا هی ئێمەیە. ئێستە هەموو شتێکت پێ دەڵێم کە هەنگینێ بوار نەبوو پێتی رابگەینم، گوێت لێمە؟

تەلانی سەوز هەڵگەڕاوی چیا نیشتبووە ناو تیشکی زەردەپەڕ، بەگەشە کەوتبوو، هاشەی دەهات. ئاسمانی بەهار بەسەر سەرمانەوە بڵند و لووس دەتگوت زەنگوڵێکی گەورەی شینە لەناو لوورەی رەشەبادا دەزرینگایەوە.

## مۆزەخانەی ناوچەیی

سێرگی ڤۆرۆنین

پووره نیوشا نەیتوانی لە کردنەوەی مۆزەخانەکەدا ئامادە بێ، نەخۆش بوو. بەڵام ئێستا پاش ئەوەی چاک بووەتەوە، ویستی بچێ و بەچاوی خۆی ئەو شتانە ببینێ کە خەڵکی تر بینیبوویان، هیچ نیازی تریشی نەبوو. بەدرێژاییی ٨٠ ساڵ تەمەن لە گوندەکەی خۆی دوور نەکەوتووەتەوە. چ جارێک نەچووەتە مۆزەخانە و زۆریش بەلایەوە ڕوون نییە مۆزەخانە چییە. هەرچۆنێک بێ، خۆی لەبەر کرد، دەسماڵە گوڵگوڵینە بەڕیشکە کۆنەکەی لە سەر و بەچەکییەوە پێچا. هەردوو لچکی گوڵینگی دەسماڵەکەی بەسەر چاکەتە مەخمەڵییە ڕەشەکەیدا بەردایەوە. لە ژێرەوەش بنفشە (تەنووره) خورماینەکەی تا سەر ئەژنۆی هاتبوو. جزمە لاستیکەکەی لە پێ هەڵکێشا. وای خۆ ڕازاندەوە دەتگوت دەچێتە یانە یان دەچێتە سەر زەماوەندێک. هێواش هێواش بەپیادەڕێ چەورێژەکەی تەنیشت شاڕێیەکەدا شۆڕ بووەوە. ئەو پیادەڕێیە بەهۆی مەکینەیەکی تایبەتەوە خۆش کرابوو. بەفری تواوە لەوبەری پیادەڕێیەکەوە ڕەش دەچووەوە. زەوییە بەوشکە پووشی پار داپۆشراوەکە پەڵەپەڵە دەرکەوتبوو. مریشک و جووچک لە پاڵ خانووەکاندا خۆیان دابووە بەر تیشکی هەتاو. شنەبایەکی ساردی شێدار خۆی سرەواندە ڕووە چرچ و لۆچدارەکەی و فرمێسکی زاندە چاوی. پووره نیوشا دڵۆپە فرمێسکەکانی بەدەسماڵە پاکژەکەی سڕییەوە و دەستی بەڕۆیشتن کردەوە. بیری لە هیچ نەدەکردەوە.

مۆزەخانەکە لە دەرگەی پشتەوەی یانەکەدا بوو. کەوتبووە ژوورێکی

بچووکەوە و بەناوبڕەیەکی کەرپووچ لە هۆڵەکە جودا کرابووەوە.

«ڕۆژباش، ئێلینا ڤاسیلیێڤنا.» پوورە نیوشا لەبەر کۆسپەی دەرگەدا سڵاوی لە فەرمانبەری مۆزەخانەکە کرد.

ژنەکە کتێبەکەی دانا. ئەویش بەنێو ساڵ کەوتبوو. جاران مامۆستای فێرگە بوو و ئێستاش هەر بەخولیا خۆی بۆ مۆزەخانەکە تەرخان کردووە.

«ئەمە چی دەکەی لێرە؟» پوورە نیوشا پرسیاری لێ کرد، هێشتا لەبەر کۆسپەکە وەستابوو سەرنجی دەدایە دیوارە بەوێنە و نەخشە داپۆشراوەکان و سەکۆ بەشتە هەمەڕەنگ ڕازاوە و لە میناگیراوەکان.

«فەرموو، فەرموو،» فەرمانبەرەکە بەخۆشییەوە پێشوازیی کرد و دەستی دایە شوولکە دارێک. دیاربوو بەهاتنی مێوانەکە شادمانە و خۆی ئامادە کرد هەموو شتێکی ناو مۆزەخانەکەی نیشان بدا و بۆی باس بکا.

پوورە نیوشا بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لەوەی شوێن پێی لەسەر زەوییەکەدا بەجێ نەهێشتووە، سەرنجێکی دواوەی دا و هات لە دەسپێکی پێشانگەکەوە وەستا.

لەسەر سەکۆیەکی گەورەی سپیدا، دۆزراوە ئارکیولۆجییەکانی سەدەی دەیەم دەبینران. ئێلینا ڤاسیلیێڤنا دەستی پێ کرد لەبارەیانەوە بدوێ. پوورە نیوشا بەسەرسامییەوە تێ گەیشت کە سەردەمانی زوو، خەڵکانێک لە شوێنی گوندەکەی ئەواندا ژیاون. متوموورووبیان پۆشیوە و تیری نووک برۆنزییان لە کەوانەوە هاوێشتووە و لە شەڕدا بەتەور و باڵتە جەنگاون.

«تۆ بیر لەمە بکەوە،» پیرێژنەکە سەرێکی بادا. «سەرنجی لێ بدە،» بیری کەوتەوە هاوینی پار چەند کەسێکی خوێندەوار – دوو پیاو و ژنێک هاتن، لەلای میرۆنی پیرەمێردا مێوان بوون – کەوتنە هەڵکۆڵینی گردەکەی نزیک (لەیەک شۆدزکۆیا)، بە ئێلینا ڤاسیلیێڤنای گوت: «کەواتە ئەوانە بەمەبەستی مۆزەخانە کاریان دەکرد.»

«نەخێر ئەوان شوێنەوارناس نەبوون، تەڵەکەباز بوون، ئێلینا ڤاسیلیێڤنا

وەڵامی دایەوە. «گردەکەیان هەڵکۆڵی و هەرچییەکی ویستیان بردیان، ئەمانەش تەنیا ئەو پاشماوانەن کە منداڵانی فێرگە کۆیان کردوونەتەوە،».

«بەڵام چۆن ڕێگەی شتی وا دەدرێ؟» پیرێژن بەتووڕەییەوە گوتی.

«ئەمە ئاکامی خۆشبڕواییە. ئێمە ڕێگەی بێگانە دەدەین بێنە ناو ماڵمان و هەرچییەکی بیانەوێ بیکەن.»

«ڕەنگە شتی بەنرخیشی تێدا بووبێ؟»

«بێگومان هەر بۆ ئەوەش هاتبوون.»

«باشە، نایەنە وەدۆزین؟»

«نەخێر، وا دیارە هیچ جارێکی تر نەهاتوونەتەوە گوند و (میرۆن ئافاناسیڤیس)یش داوای ناسنامەی لێ نەکردبوون، ئیدی ئاوها بوو...»

«دەبزانە، ئێمە هەر کەسە بەدوای کاری خۆمان کەوتووین و ئاگاشمان لە گەنجینەی بەر لووتمان نییە»

«نەک گەنجینە، بەڵام تا ڕادەیەک. لەلایەکی ترەوە ڕەنگە شتی بەنرخی تێدا هەبووبێ. لێرەش دێینە سەر کاتی پێش شۆڕش،» پووره نیوشا وێنەیەکی گەورەکراوی تۆودەرێکی بینی. بەڵام نەیناسییەوە. پێ دەچێ خەڵکی گوندێکی دوور بووبێ.

لە ژێرەوە، لەسەر زەوییەکەدا، کۆمەڵێک داس و هەوجاڕێکی دارین و سەرکە تەشییەکی کلک درێژی ئاوریشم لەسەر هەڵکراوە و بادۆکەیەکی ئاسنبڕ و تەورداسێک دانرابوون. ئەمانە هەموویان بەلای پیرێژنەوە شتی ئاشنا بوون بەڵام نەیدەزانی بۆچی ئەم هەموو کۆنە شتانە لێرە کۆ کراونەتەوە.

وێجا پێشانگەی کاری دەستەوایی دەهات. لە وێنەیەکی گەورەدا کۆمەڵێک جووتیاری گەنج و پیرەمێری مێزەر سپی بەڕیز وەستابوون. ئەوە یەکەمین جاربوو دروێنەی بەزبارە دەکرا. بەبیری هاتەوە، (موژیک)ەکانی یەکە یەکە

ناسییەوە، هەروا ئیڤان ستیپانۆڤیش چیستاکۆڤی یەکەمین کارگێڕی هەرەوەزیشی ناسییەوە، بەڕاستی پیاوێکی چاک بوو، کاری خۆی دەزانی.

فەرمانبەرەکە بۆی ڕوون کردەوە: «ئەو کاتە هەژدە کێڵگەی هەرەوەزی لە گوندەکەماندا هەبوون. هەندێکیان تەنیا پێنج یان شەش خێزانی دەگرتە خۆ.»

«بەبیرم دێ، بێگومان، بەبیرم دێ...» پوورە نیوشا وەڵامی دایەوە. «هێشتا زەینم کوێر نەبووە.»

جا بەڕاستی، بەو هەموو ساڵانەشەوە هێشتا زەینی ڕوون بوو. بیری هاتەوە کاتێ بەدەم گۆرانی و لاوژەوە لە کێڵگەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە، بەتایبەتیش وەرزی گیابڕین کاتێ لە پاوان دەهاتنەوە.

ئەمەش یان لە سۆنگەی ئەوەی گەنجایەتی هێز و گوڕی تێدایە یان بەهۆی ئەوەی ئەودەم ژیان لەبارتر بوو. ئەو کاتە تەمەنی دڵگەشی بوو. وێنەی خۆی لە ناو ژناندا ناسییەوە. بەدەم شتێکەوە پێ دەکەنی. لەوانەیە یەکێک گاڵتەوگەپێکی کردبێ بۆیە ئەمیش وا پێ کەنیوە، بێگومان جاران زۆری حەز لە پێکەنین بوو. ئێستا لە بیری چووەتەوە پێکەنین چۆنە، بەڵام ئەو کاتە پێ دەکەنی. جاران زۆر بەکەیف بوو. بۆ نا، خۆی گەنج بوو، مێردەکەی گەنج بوو، کوڕێکیان هەبوو، کوڕەکە فراژی بووبوو، دەچووە فێرگە، کچەکەیان تازە بووبوو، هەموو شتێک جوان بوو، بۆیە ئەویش پێ دەکەنی...

پاشان، لە ناکاو دەتگوت پەڵە هەورێکی تاریک بەری هەتاوی گرت.

ئەمەش بەهۆی ئەوەی فەرمانبەرەکە بۆ لای پێشانگەیەکی گەورەی برد.

پێشانگەکە سێ ڕیزی درێژ وێنەی فۆتۆگرافی تێدا بوو. وێنەی ئەو کەسانەی خەڵکی گوندەکەیان کە لە کاتی شەڕدا کوژرابوون. پوورە نیوشا زۆربەیانی، بڵێ هەر هەموویانی ناسییەوە، گەورە و بچووک. سەرباز و پارتیزان، ژن و پیاو، ئینجا وێنەی کوڕەکەی خۆی هاتە بەرچاو. پوورە نیوشا ڕاچڵەکی. وێنەکە سەیری دایکی دەکرد. ڕووگەشێکی چاو گەورە،

زەردەخەندەیەکی بەسەر لێوەوە بوو.

«کوڕەکەم...» لە ناخەوە وشەکەی لە زار دەرپەڕی و لە هۆڕژنی گریانی دا. لەپی خستە سەر دەمی خۆی. شەڕی بیر کەوتەوە چۆن لە نیوەی شەودا لە پەنجەرەیان درا. ئەو کاتە هێشتا پیر نەبووبوو. لە ناو نوێنەکەی دەرپەڕی و بەهەنگاوی لەرزۆکەوە لە پەنجەرەکە نزیک کەوتەوە. پەردەکەی لادا، ڕووی کوڕەکەی خۆی کەوتە بەرچاو، لەبەر مینای پەنجەرەکەدا وەستابوو.

بەبریندار ی هاتەوە ماڵ، نەیتوانیبوو لە دارستان بمێنێتەوە. برینەکەی هەوی کردبوو و بۆگەن بووبوو. ئاوساوییەکەی تا مەچەکی هاتبوو. نیوشا برینەکەی بەچاکی بۆ پاک کردەوە و پەلکە گیای بۆ خستە سەر و پێچایەوە.

کوڕەکە لە ماڵەوە مایەوە چونکە وێستگەی ئەڵمانەکان لە گوندەکەیان نەبوو، ئەوە نەبێ بەوێدا بەرەو پسکۆڤ ڕەت دەبوون. ئەو کاتەش ڤاسیلی دەچووە ناو ژێرزەوینەکە و تا ئەوان دەڕۆیشتن لەوێ دەمایەوە. بەڵام ڕۆژێکیان سێ ماتۆڕسوار هاتن و داوای ماستیان کرد. نیوشا ماستی دانێ و پاشان ماتۆڕەکان بەگڕ کەوتن و ڕۆیشتن. خوشکە بچووکەکەی بانگی دەرەوەی کرد، ڤاسیلی هاتە دەرەوە. چووزانێ یەکێک لە ماتۆڕسوارەکان لە دالانەکەی دەرەوە نازانم لەبەرچی ماوەتەوە. ئەویشیان دەسبەجێ ڕۆیشت. پاش برکۆکەیەک هەرسێکیان گەڕانەوە. ڤاسیلی نەپەڕژا دابەزێتە ژێرزەوینەکە. خۆی لە ژێر نوێنەکەیدا شێردەوە، بەبێ ئەوەی بانگی دەرەوەی بکەن دەسرێژێکیان بەتفەنگی تەماتێکی لێ کرد.

یەکێک لە ئەڵمانەکان پەنجەی گەفی لە نیوشا هەڵبڕی و ڕۆیشتن.

کوڕەکە لە وێنەکەیەوە لە یەکبینە بۆ دایکی دەگرژایەوە. وێنەکانی دوای ئەویش ئاسایی و ڕووگەش، سەروزێر و ئەمدیو و ئەودیویان تەنیبوو.

هەموویان لە هەڕەتی لاویدا بوون بەڵام فەوتان. هەرسێ (ژووراڤلیۆڤ)ی برا لە شەڕدا، ستێپان ئەڤریێڤیش لەگەڵ پارتیزانەکاندا بوو. کاتیوشا تازە

هەڵدەهات، بەبیانووی ئەوەی لەگەڵ پارتیزانەکاندا پێوەندیی هەبووە، هاتە هەڵواسین.

نیکۆلای مالینکۆڤ لە شەڕدا هاتە کوشتن. هەردوو کوڕە دە ساڵانەکەی لووشا لە ژێر دارکاریدا مردن چونکە شوێنی پارتیزانەکانیان ئاشکرا نەکرد. ئەمانە لە ترسی ئەڵمانەکان خۆیان لە دارستان شێردبووەوە، بەدزی هاتبوونەوە گوند بۆ ئەوەی چەند کاریتەیەک بۆ کەپرەکانیان ببەن، لێرە گیران. ئەڵمانەکان وایان زانی ئەمانە بەئەرکی سۆسەکردنەوە هاتوون... زۆری تریش لە خەڵکی گوندەکەی خۆیان لەم سێ ڕیزە وێنەیەدا بوون. «هێشتا هەموو وێنەکانمان دەست نەکەوتووە،» دەنگی فەرمانبەرەکە گەیشتە گوێی نیوشا. «هەموو دەڵێن ١٨٦ کەس لەم گوندەدا کوژراون، کەچی ئێمە تەنیا ٦٨ وێنەمان دەست کەوتووە.»

وێنەی کوڕەکەی ئەم لێرە بوو. وێنەیەکی ئاشکرا و گەورە. منداڵانی فێرگە لەبەر ئەو وێنەیەیان گرتبووەوە کە پیرێژن لە ماڵەوە هەڵی گرتبوو.

وێنەی کوڕەکە ڕەنگ و ڕووی پێش شەڕی دەنواند. پوورە نیوشا سەیری وێنەکەی کرد و بیری هاتەوە چۆن لە ژێر نوێنەکەی دەرهێنا، خڵتانی خوێن بووبوو، مردبوو. نیوشا بانگی کرد، سەیری چاوەکانی کرد، وای زانی هێشتا دەبینێ، بەڵام چاوەکان ئەبڵەق بووبوون. نەجووڵە و نەبریسکەیان تێدا نەما بوو، تەنانەت تیشکی بەرپەنجەرە و هەتاویشیان تێدا نەبوو. کچە حەوت ساڵانەکەی لە تاوان دەیزرووکاند «برام چیم کرد، برام چیم کرد،» خۆی لەسەر زەوییەکەی تەنیشتی دەگەوزاند. پوورە نیوشا گڕ و کەفەکەی نیشتەوە و بەئاگا هاتەوە، دەتگوت بەدەست شتێکی کۆنەوە ئازاری کێشاوە. لە ناکاو بەرانبەر ئەم وێنە بەدڵنیاشنایەدا هەست و خوستێکی بێلایەن دای گرت. هەستی ئەوەی ئەم کوڕە تەنیا کوڕی ئەو نییە، بگرە کوڕی خەڵکی تریشە. یان بەشێوەیەکی تر لەم جودا بووەتەوە و تێکەڵی ئەوانە بووە کە لەمێژە کوژراون و مردوون. ئەمانە هەر هەموویان خۆیان نەویست، وەک چۆن نیوشا

ناسیبوویانی – تەنیا کوڕی گوندەکەی خۆیان نەبوون بگرە سەربەخۆ بوون. هەندێکیان هاتنە کوشتن، هەندێکیان هاتنە هەڵواسین، هەندێکیان بەدارکاری مردن... لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر سەرنجی گواستەوە. هەموویانی لێوە نزیک بوون هەروا دووریش بوون. هێڵێکی نەپەنی و کەوتبووە نێوان خۆی و ئەم ڕیزە وێنە بەدیوار هەڵواسراوەی ئەو کەسانەی ژیانی خۆیان پێشکێشی وڵاتەکەیان کردبوو. کوڕەکەی خۆیشی، دەتگوت لە شوێنێکی دوورەدەستی پیرۆزەوە سەرنجی تێ بڕیبوو.

## سـووره تووەکە

زۆرەیر خەلەفیان

سـووره تووەكـە، ئەو درەخـتـە مـەزنەی لک و پۆپە بەرز هـەڵكشـاوەكـانی دەهاوێشـتـە سـەر حـەوش و بـانی هەردوو مـاڵە دراوسـێـیـەكـە، تـەواو لە ناوەڕاسـتی ئەو پەرژینەدا هەڵچـوو بوو كـە هەردووكـیـانی لە یەكـتـر جـودا دەكردەوە. پایز، زسـتـان و بەهار هیچ شـتـێک لە گـۆڕێدا نـەبوو، بەڵام هاوینان كە تووەكـەی شـیـرین وەک هـەنگوین دەگـەیی، ئەو كاتە بەزم و گـۆبـەند دەسـتی پێ دەكـرد. پێـنج كـوڕە چەتوون و لاسـارەكـەی گـاسـپـەر لە دەسـپـێكی حوزەیرانەوە تا كـۆتاییی تەمـووز لە درەخـتـەكـە دوور نەدەكەوتنەوە. هـەر لەو كاتەوەی یەكەم بەری تووەكە شیرین دەبوو تاكو دوا بەری كە دەخورا.

دراوسـێیـەكـەی تر، سـامـسـۆن، سێ كـچـۆڵەی بچـووكـی هـەبوون، مـەگـەر لە لكەكـانی ژێرەوەی درەخـتـەكـە ئەگـەر نا هـیـچـی تریان بەدەست نـەدەكـەوت. ئەگـەریش هـەوڵی سـەركـەوتنە سـەرەوەیان بـدایە، كـوڕەكان ئـەوانیـان دەهێنایە خـوارەوە. سـامـسـۆن وای ڕادەگـەیاند درەخـتـەكـە لەلایـەن باپیـرەگـەورەی باپیـرەگـەورەی ئەوەوە نێـژراوە، كـەچی گـاسـپـەر بەپێـچـەوانەوە، دڵنیـا بوو باپیـرەگـەورەی باپیـرەگـەورەی خـۆی ڕوواندوویـەتی. بەڵام درەخـتـەكـە هـێند بەتەمـەن و كۆن بوو و ڕەگەكانی هێند بەقووڵدا چووبوون، لە هـەر سـەرێكەوە بتگرتایە هـەر كامـێک لەو باپیرە هـەرە – هـەرە گەورانە بەزەحـمـەت دەیزانی كێ درەخـتـەكـەی ڕواندووە و كێ خـاوەنیـەتی. ئـەو باپـیـرە گـەورە – گـەورانە كـە هیچیان وێنەشیان لێ نەما بووەوە، تەنیا یەک شتیان دەزانی: باوانیان گەلێک جار سـەبارەت بەم درەختەوە، گاڵە و كێشـەیان بووە. كێشـە؟ تۆ بڵێ خـوێنیان

لەسەر ڕژاندووە.

چەند ساڵێک لەمەوپێش هەمووو لا کپ و بێدەنگ بوون، وشەیەک چییە لە بابەت خاوەنیەتیی دەرختەکەوە نەدەگوترا. بەزمەکە ئەو کاتە هاتە کایەوە کە منداڵەکان ویستیان سەر بکەونە سەر درەختەکە.

درەختە بلەوەزەکە وا پێ دەچوو چەندین سەدە بێ، بەگرانی و سەنگینییەوە چڵەکانی بەسەر هەردوو حەوش و باندا بڵاو کردبێتەوە و سێبەرە فێنکەکەی بەیەکسانی هاوێشتبێتە سەر هەردوو دیوی پەرژینەکە. بەشکۆمەندییەوە تووە گەیشتووەکانی بەیەکسانی بەسەر بەراز و مریشک و مراوییەکانی گاسپەر و سامسۆندا دەبەشییەوە. تەنیا منداڵەکان بوون سەبارەت بەدرەختەکەوە شەڕ و گێچەڵیان دەنایەوە.

سامسۆن کاوڕێکی کڕی، لە حەوشەکەدا بەستییەوە و سەرنجی دا وا کوڕەکانی گاسپەر لەسەر درەختەکە سوورە توو دەخۆن. کەچی کچەکانی ئەم بەترس و لەرزەوە دەگەنە لقەکانی ژێرەوە، گوتی:

دە بەدرەختەکەدا هەڵگەڕێن و تووە گەورەکان بتەکێنن، بۆچی چڵە سەوزەکان دەپچڕنەوە. «کوڕەکان ناهێڵن». سامسۆن سەری هەڵبڕی.

«ئەرێ درەختەکە ڕاهەژێنن با کچەکانیش هەندێکیان بەرکەوێ، گوێتان لێمە، منداڵینە؟» «درەختی خۆمانە.»

«چەنە لێ مەدەن، کوڕە جیاوازیی چییە هی کێ بێ؟ چەندی دەتانەوێ بیخۆن، کێ بەری لێ گرتوون؟ بەڵام بەشی کچەکانیش بدەن.» وا پێ دەچوو بۆرە گۆبەندی باپیران کە هەر هاوینەی جارێک جۆشی دەستاندەوە، لەگەڵ ژیانی نوێشدا بەردەوامییەتی وەربگرێ.

کوڕە هەرە گەورە و لاسارەکەیان گوتی:

«دەهێڵین بۆ خۆیان هەندێک توو بپچڕن، بەڵام درەختەکە هی خۆمانە، دەهێڵین جاروبار سەر بکەونە سەر درەختەکەی ئێمە و چەندی حەز دەکەن بۆ خۆیان توو بخۆن».

دووەمیان گوتی:

«ئەگەر حەز دەکەن ئێستا درەختەکەتان بۆ دەتەکێنین، ئێوەش دەتوانن تووەکان هەڵگرنەوە.»

دوو ڕووتەڵە بەلەک هەڵماڵاوەکەی تریش کە دەتگوت کلۆپێکورەنە بەچاونەترسییەوە بۆیان سەندنەوە. «هی خۆمانە».

هەرە بچووکەکەیان لە پەنای لکەکانی ژێرەوە قیژاندی: «لە حەوشی خۆمان گەشەی کردووە و پاشان بەلای ئێوەدا لار بووەتەوە.»

دەبووایە وتووێژەکە بەم شێوە ببڕایەوە. «دەوەرە، لەگەڵ ئەو چەتوونە سەربزێوە بچووکەدا مشتومڕ بکە. تۆ هێشتا لە دایک نەبووبووی تا بزانی بەلای ئێمەدا لار بووەتەوە.» سامسۆن دەستی لە کار هەڵگرت، بەرخەکەی بەستایەوە و بۆ لای سووره تووەکە چوو «دەی ئێستا وەرنە خوارەوە، دەنا...»

کوڕەکانی گاسپەر بەلای ماڵی خۆیاندا بازیان دا و هەڵاتن. بچکۆلەکەیان بەدەستێک لچکی شەرواڵەکەی گرت و هەڵی کێشا. بەهەڕەشەکردنەوە گوتی: «دەبێ بەباوکم بڵێم.»

«مەوەستە لێرە هەتیو.» سامسۆن وای خۆ نیشان دا کە ڕاویان دەنێ، ئەوانیش هەڵاتن و لەوێ وەرچەرخان. کچەکان گەمەیان لەگەڵ بەرخەکەدا دەکرد.

«با - ا - ا.» بەرخەکە باڕاندی.

«با - ا - ا.» برایەکانیش پێکەوە بۆ تیز و گاڵتە پێکردن دەمەلاسکەیان کردەوە. لای ئێوارە گاسپەر گەڕایەوە ماڵ، دانیشت نانی ئێوارە بخوات. شێوەی گاسپەر لە شێوەی سامسۆن نەدەچوو، کابرایەکی باریکەی چاو بچکۆلە بوو، دوو قەف سمێڵی بابڕ کەوتبوونە ژێر لووتە درێژکۆڵەکەیەوە. کوڕەکانی کتومت چووبوونەوە سەر باوکیان، هەمان ڕوو، هەمان چاو، بەتایبەتی لووتیان هەر هەمان لووت بوو، هێندەیان کەم بوو، هێشتا سمێڵیان دەرنەکەوتبوو.

«باوکە، درەختە سوورە تووەکە هی ئێمەیە یان هی سامسۆنە؟» کوڕەکان ویستیان ئەمە بزانن.

«بۆ.. چی بەسەر هاتووە؟»

کوڕەکان بەهەڵەداوان، هەریەکەیان قسەی ئەوی تری دەبڕی، دەستیان کرد بەگێڕانەوەی ئەوەی کە چۆن کچەکانی دراوسێیەکەیان هەوڵ دەدەن درەختەکە بەهی خۆیان پێشان بدەن. هی کێیە؟ هی سامسۆن نییە بەڕاستی، وا نییە؟

گاسپەر بەبێدەنگی گوێی شل کردبوو، سەرنجێکی ژنەکەی دا. ژنەکەی هیچی نەگوت. گاسپەر گوتی:

«هیچت بەکوڕەکان گوتووە؟»

«نەخێر، هیچ»

«چییان لێ قەوماوە؟» تاوێک داما، «بۆرەگۆبەندی باپیران!»

«من نازانم.»

«منیش.»

کوڕەکان سەرکێشییان دەکرد. یەکێکیان گوتی: «تۆ بەخاڵۆ سامسۆن دەڵێی؟»

«لەبارەی چییەوە؟»

«کچەکانی ئەو درەختەکەمان بەجێ بهێڵن، هی خۆمانە.»

«پێی دەڵێم.»

بەیانیی ڕۆژی دواتر سامسۆن و گاسپەر لە نزیک تەیمانەکەدا بەرەوڕووی یەک هاتن. گاسپەر گوتی:

«ها دەبینم بەرخێکت کڕیوە؟»

«بەڵێ، پایزێ لە جەژندا سەری دەبڕم. تا ئەو ساتەش لە ژێر درەختەکەدا بۆ خۆی دەلەوەڕێ و کچەکانیش ئاوی دەدەن.»

«زۆر چاکە.» گاسپەر گوتی.

ئەگەر جاری جاران بووایە قسە و باسەکە بەشێوەیەکی وا دەبوو:

***

«گاسپەر، ئەوە دوێنی کچەکانت درەختەکەیان شکاندووم.»

«کامە، تۆ بەمن نالێی، سەربزێوە چەتەوڵەکانی تۆ، دەبێ...»

«سوورە تووەکە.»

گاسپەر بەسەرسامییەوە خۆی نواند:

«سوورە تووەکەی ئێمە؟»

«چاکتر وایە بەکچانت بڵێی، با سەرکەونە سەر درەختەکە و چەندی حەز دەکەن بۆ خۆیان بخۆن، بۆچی تووە سەوزە نەگەیشتووەکانی ژێرەوە دەپچڕن»

گاسپەر بەجۆرێک سەری لە سامسۆن شێواند، بەبێ گاڵەگاڵ و هەراوهۆریا بچێتە ناو کرۆکی باسەکەوە.

«ئەوە لە کەیەوە درەختی تۆ بووە، نازانم لە مەبەستت گەیشتووم یان نا، بەڵام بەپێی بیرکردنەوەی تۆ وا پێ دەچێ منداڵەکانم بۆ تووەکەی خۆت بانگهێشتن بکەی.»

«خەڵک هەموو دەزانن سوورە تووەکە هی ئێمەیە. خۆ ئێمە منداڵ نین شەڕ و هەرای لەسەر بکەین. ئەگەر حەزت لە تووە تا پێت دەکرێ بخۆ. با نیوەی لەبەر دەستی تۆدا بێ.»

«نا تۆ مەیدە بەمن. درەختەکە هی ئێمەیە، با نیوەی لەبەر دەستی تۆدا بێ، من دەیدەم بەتۆ نەک تۆ بیدەی بەمن، ئەگەر هەریەکێک لەو کوڕانەت لە بان درەختەکەم ببینم، دڵگیر مەبە گاسپەر، پیلی دەگرم تا هێزم تێدایە فڕێی دەدەم....»

کچەکان لەسەر بانیژەکەوە گوێیان هەڵخستبوو، بەخۆشی و شادییەوە یەکتریان لە باوەش گوتبوو.

«با - ا - ا.» بەرخەکە باڕاندی.

«با – ا – ا.» کوڕەکان لاساییان کردەوە و دایانە تریقەی پێکەنین.

«سامسۆن تۆ زێدە پێت لێ هەڵبڕیوە، دەمت داخە؟»

«چی؟»

ئینجا خەنجەر بریسکەی لێ هەڵدەستا و منداڵەکان دەیانکردە زریکە و هەرا. دایکیان دەیدایە شین و گریان و مراوی دەستیان بەقیرەقیر دەکرد.

***

ئەمە بوو کە جاران ڕووی دەدا. بەڵام ڕاستت دەوێ وتووێژەکە بەمجۆرە بوو:

«سامسۆن دەبێ بیر لە شتێک بکەینەوە.»

«ڕاست دەکەی.»

«بەڵێ، بەڵام چی؟»

«کەمێک گوێی منداڵەکان ڕاکێشە؟»

گاسپەر ناوچەوانی گرژ بوو: «ئەمە باش نییە.»

«لەوانەیە تۆ ڕاست بکەی.»

«وا چاکترە شتێک بکەین.»

«بەڵێ چاکترە.»

هەریەکە بەلایەکدا بەلای کاری خۆیانەوە ڕۆیشتن.

کوڕەکانی گاسپەر دەسبەجێ هەڵگەڕانە سەر درەختەکە و وەک مەیموون هێندە بەگورجی خۆیان خزاندە سەر لکەکان و ناو دەمیان پڕ لە سوورە تووی شیرین و ئاودار کرد. بەدڵخۆشییەوە چەنەبازییان دەکرد، لە کاتێکدا کچەکانی گاسپەر لە لکەکانی ژێرەوە تووی نەگەییویان کۆ دەکردەوە.

«وەکو ئێمە درەختەکەمان ڕاهەژێن ئەوجا دەتوانن تووە گەیشتووەکان بۆ خۆتان کۆ کەنەوە.»

«درەختەکە هی ئێمەیە.»

منداڵەکان هێندەی تر لەسەر درەختەکەوە قاقایان کێشا. «ئەگەر هی خۆتانە بۆ ناتوانن سەرکەونە سەرەوە.»

کوڕەکان کە تێریان خوارد ڕۆیشتن. دیسان جارێکی تریش گەڕانەوە. تا پێیان کرا خواردیان ئەوجا دابەزینەوە.

پاشان کە سامسۆن لە کار گەڕایەوە ماڵ، هەر پێنج کوڕەکە بەپەلە لە درەختەکە دابەزین، هەرکە دەرگەشی کردەوە کوڕەکان بڵاوەیان کرد. گاسپەر بەرەوڕوویان هاتە دەرەوە، منداڵەکانیش ورەیان هاتەوە بەر و سڵەمینەوە. سامسۆن دەرگەی خۆی بەجێ هێشت، گاسپەریش دەرگەی خۆی بەجێ هێشت و بەرەوڕووی یەک هاتن. «هاوسێ، چی ڕووی داوە؟» گاسپەر پرسی.

«منیش وەکو تۆ تێ ناگەم.»

لە پشت سامسۆنەوە کچەکان هەڵدەلەرزین، لە پشت گاسپەریشەوە کوڕەکان سەرنجیان دەدا - بزانن چی دەقەومێ؟

سامسۆن قۆڵی گاسپەری گرت و بردییە لایەکەوە.

«بیرم لە شتێک کردووەتەوە.» گوتی.

«منیش بیرێکم لێ کردووەتەوە.»

«سەیرکە گاسپەر، دەبێ سنوورێک بۆ ئەم گەمژەییە دابنێین.»

«مەبەستت ئەوەیە؟»

«ئەوە جاری جاران نییە، سووورە تووەکە کە هی هەردوو لامانە، بێین کەرتی بکەین.»

«بێگومان، بەڵام چۆن دەتوانین بیخەینە مێشکی ئەستووری منداڵەکانەوە.»

کوڕە هەرە گەورە و چەقاوەسووەکەی گاسپەر قیژاندی: «سەیر بکەن، سەیر بکەن چۆن باوکی ئێمە سامسۆن دارکاری دەکا.»

ئەوی تریان قیژاندی «پێشانی سامسۆنی دەدا سووورە تووەکە هی کێیە». بەڵام کچەکانی سامسۆن بەپەرۆشەوە سەرنجیان دەدا، ئاخۆ باوە و گاسپەر

دەبێتە دەمەقاڵە یان شەڕ و تێکگیران؟ بەهەڵەداوان بەرەو ماڵ ڕایان کرد تا بەدایکیان بڵێن.

لەو کاتەدا سامسۆن دەیگوت: «بیری من وایە، دەبێ هەموو ئەو بەیت و بالۆرە بێ واتایانەی لە بابەت (درەختی ئێمە)وە وەلا نێین، نەک ئەوەی تۆ دەیڵێی کە لە تێگەیشتنی ئەوان بەدەرە. مایەی شەرمەزارییە، نابێ ئێمە بهێڵین سەبارەت بەدرەختەکە شەڕ و گێچەڵ بێتە کایەوە، دەبێ فێر بن چۆن لە سایەیدا یاری بکەن و ببن بەهاوەڵ لە بریتی شەڕکردن.»

«زۆر باشە بەڵام چۆن؟»

«پەرژینەکەی هەردوو لای سووره تووەکە هەڵدەگرین و یاریگەیەکی لێ دروست دەکەین، بڵێ چوار مەتر بەچوار مەتر. پەرژینێکی نزمی لە هەر چوار لاوە بۆ دەکێشین و دوو دەرگەی لێ دەکەینەوە. سەکۆیەک دروست دەکەین و جۆلانە هەڵدەبەستین و چینێکی ئەستووریش چەو ڕوو دەکەین بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشاڵی درەختەکە ئازاری پێ نەگات.»

«بیرێکی چاکە.»

«با هەر ئێستا دەست پێ بکەین. منداڵەکانیش هاوکاریمان دەکەن.» کە ئاوڕیان لە سووره تووەکە دایەوە، سەرنجیان دا هەردوو ماڵ بەخاووخێزانەوە بەسەرکردەییی ژنەکانیان وەستابوون و بەئاشکرا دیاربوو چاوەڕوانی گاڵەیەکی توقێنەر یان لەوانەیە شەڕ و تێک هەڵدان بن. بەڵام ڕاستت دەوێ هەردوولا ئاشتییانە بەئەنجام گەیشتن.

گاسپەر هاواری کردە ماڵ و خێزانی خۆی و سامسۆنی دراوسێی: «تەور و بیور و سونگی و خاکەناز فڕێ دەن.»

«ڕاستە گاسپەر چی دەڵێ وا بکەن، ئەوجا هەموو شتێک تەواو ساز دەبێ.» ڕۆژی دوایی، کوڕەکان لە ژێر درەختەکەدا چاوەڕوانی کچەکان بوون.

«با هەندێک سووره توو لێ کەینەوە، ئێمە سەر دەکەوین و بۆ ئێوەی دەتەکێنین.» کچەکان بزەیان هاتێ و سەریان بۆ لەقاندن.

## گامێشـی بۆر و سـوور

تیمور پولاتۆڤ

دوای تەلانـە ڕژدەکـە، مـێـرگـە ئاشنایەکـە بەدیار کـەوت. "یۆرتا*" تاک و تەنیـایـەکـەی کـابـرای پێـرەمـێـر، لە نێـو ئەو پانـتـاییـیـە بەفـرگـرتووەدا ڕەش دەچووەوە. نەگـــامـــێش و نەکـــەریم لە هیـچ شـــوێنێکەوە دیـار نەبـوون. چۆڵەوانییەکی دڵتۆقێن و هیچی تر.

شتێک ڕووی داوە. کاتێ تیسکە خورییەکی بەسەر تیشە بەردێکەوە بینی، مەلا بەگ لە ترسانە داچڵەکی، هەبێ و نەبێ شتێک ڕووی داوە.

نێوچەوانی گامێش، بەزسـتانان خورییـەکی بۆر دەردەکا. کاتێکیش ئەم ماڵاتە نێوچەوانی خۆی لە تیشـە بەرد بسوێ و خۆی بـخورێنێ، دیارە تووڕەیە و شتێکی نالەبار چاوەڕوان دەکرێ.

مـەلا بەگ هـەنگاوی هـەڵهێنایە سـەر بەفرەکە، بـریسکەی ئازارێک بەپێـیدا سەری کرد. بەرەبەرە تیسکە خـوری بەسـەر تاوێر و تـەپۆلکەکانەوە کەوتبوون، بۆ نیشانەی شوون هـەڵگرتن بەکەڵک دەهاتن.

گـامێش، بەزسـتـانان بۆرن، لە بەفری پاڵ تەلانی کێوانی چواردەوری گوند دەچن. بەهـاوینان سوورن، کتومت گوڵە خاشخاشی پاش چوونەوەی بەفرن.

«نابێ لێرە ڕاکشێم، دەبێ بڕۆم». کابرای گـاوان سـەرکۆنـەی خـۆی کرد. ئەم پێیە نەفرەتییەم... گامێشـەکانیش ڕۆیشتن.

هـاوینـی پار، پیـرەمـێـر بـەبێ هۆ، بەدوای فـاتیـمـەی کـچـە زایدا نارد بێ سـەریان لێ بدا. فـاتیـمـە بەهەورازەکـەدا هـەڵگەڕایە نـاو هـەورێزەکـە و دەسـتـی

بەجەوبڕینی گامێشەکان کرد. خوریی سوور کەوتنە بەرپێیان. گامێش، ئەو ماڵاتە سروشت جوانە، بەسەرسامییەوە کەوتنە بۆنکردنی خورییەکانی خۆیان و پاش ئەوە بەرەو نسێ سـاردەکـەی هەڵدێرەکـە پەرتەیان کـرد، تا لەوێ بۆ خۆیان بەخەمگینییەوە پاڵ بکەون. ئەوان بەشانازی و کاکۆڵ بەرزییەوە یەک لە دوای یەک هاتن بەڵام پاش بڕینەوەیان، بەدڵشکاوییەوە ڕۆیشتن.

مەلا بەگ هەستی کرد گاڕانەکە بەبەرچاوییەوە لە کورتی دەدا. وە نەبێ دوای جەوبڕینەکە گامێش کەم بووبنەوە. نەخێر، کتومت وەک ئێستای مێرگەکە، لەم تەلانەوە بۆ ئەو تەلان، لەجیاتی دە، بیست گاڕانی پەنجا گامێشی، کە سەرجەمیان هی گوندی (بەشیک) بوون بەئاسانی جێیان دەبووەوە.

گامێشەوانەکە بیری دەکردەوە بەم شتە پووچەڵانە کات بەفیڕۆ دەدەم. وا چاترە لە تاوێرە نزیکەکانەوە بەدوای خوریدا بگەڕێم.

پێ و پلی لە سەرمانە ئەستوور بووبوون و وشک هەڵاتبوون. گامێش هەر دەڵێی هەموو شتێ دەزانن و لە هەموو شتێ تێ دەگەن. ئەگەر خاوەنەکەیان شەکەت بێ و پرزەی لێ بڕابێ، شەویش داهاتبێ و دەوروبەریش لە بەفر و بەستەڵەک بەولاوە هیچی تری لێ نەبێ، ماڵاتەکان هەستی پێ دەکەن و پێ دەچێ حەز بکەن خورییەکەیان لەگەڵ پیرەمێردا بەش بکەن. بەم شێوەیە پیرەمێر خوری دەخاتە ژێر کورتەکە کەوڵە مەڕەکەی و ناو پێڵاوە لبادینەکەیەوە. خوری دەخاتە ژێر سەری، ئەگەر بەش بکا بڕێکیشی بەسەر بەفرەکەدا بڵاو دەکاتەوە، جا ئەو کاتە بۆ نووستن گەرم دەبێ.

نەخێر وا تێ دەگەم شتێک تووڕەی کردوون. ئای چۆن تەوێڵتان لە تاوێرە بەرد سویەوە و ڕک و تووڕەییتان وا هەڵچووە چیاش هەپڕوون بەهەپڕوون بکا.

پێشتر ڕووی داوە، گاڕان خاوەنەکەی بەجێ هێشتبێ. بۆ نموونە دواجار گامێشەکان ڕەوە تووڕگیان هەڵبڕی. توورگ هەموو شەوێ دەهاتنە مێرگەکە و

لەسـەر تـاوێرە بەردی چواردەوری یۆرتایەکـەدا هـەڵدەکونجـان و دەیـانلووراند.
پیرەمێر دەیزانی مەترسی لە توورگ ناکرێ. تەنیا ئەوە نەبێ کە لوورەلووریان وەک گریەی منداڵی برسی، شتێکی جاڕسکەر بوو. دەشێ پیاو شەوێک یان دوو شەویش خۆی لەبەر لوورەیان بگرێ. مەلا بەگ زۆری بەرگە گرتن. پاشان بەخۆ و بەتفەنگەوە چووە دەرێ و چەند فیشەکێکی هەواییی پێوە نان.

توورگ ون بوون. بەڵام تەنیا بۆ یەک شەو. شەوی دواتر هاتنەوە و بە هێز و گـوڕێکی پتـرەوە دەسـتیـان بەلوورەلوور کـردەوە. پێ دەچوو گـامێـشـەکـان هەسـتیـان کـردبێ کـابرای پیـر لەگـەڵیـاندا دەرنابا. تووڕە بوون. بەو شـەوە ڕابوون و سـەریان لە دووی توورگـان نا تا لە تەنگەبەرە ڕژدەکـەیان کـردن. گامێشەکان جلیتەیان دەکرد، بەسەر زەندۆڵ و تاوێرە بەرددا کەڵەمبازیان دەدا، لە نشێوە بەفرینەکانیشدا بەسەر کەفەڵەوە هەڵدەکونجان و خۆیان دەخلیسکاند. نێزیکەی دە کیلۆمەتریان هەڵبڕین.

بەیانی بوو، پیـرەمـێـر لە شـوێنێکی تەواو نـامـۆیدا دۆزینەوە. گـامـێش جـەنەیان گـرت و نەگـەڕانەوە شـوێنـەکـەی جـارانیـان. دەتگوت دەیانەوێ ئەو شوێنە داگیر بکەن کە لە توورگەکانیان ساندبوو. کابرای گامێشەوان ناچار بوو یۆرتا و هەوار بگوازێتەوە.

بەڵام ئەمجارەیان دەبێ چ شتێک ڕەوی بەگامێشەکان کردبێ؟ پێ ناچێ گورگ و توورگ بووبێ، ئەدی پڵنگی سپی؟ بەڵام گامێش چ جارێک لە پڵنگی سپی نەترساون. پیرەمێر بەلایەنی کەمەوە دووان سێیانی لە پڵنگی سپی بەجـارێک هەڵبڕیوە. دەشێ خـەڵک بردبیـانن؟ بەڵام لەمـێژە دز لە چیـایاندا نەمـاون. چل سـاڵێک لەمـەوبەر هـەمـوو جـۆرە گـەجـەر و گـوجـەرێک هەبوون، گـامـێشـیـان دەدزی. تەنانـەت ئەگـەر دەسـتـیـشـیـان پێ کـردبێـتـەوە، ناچن گـاڕانێکی تـەواو بڕفـێنن. جێ نیـیـە لێی بشـێـرنـەوە، هەلیکۆپتـەر زوو دەیاندۆزێتەوە.

هەلیکۆپتـەر دوا چەک بوو پیـرەمـێـر دەسـتی بۆ ببـا. ئەگـەر پێش سـبـەی

بەیانی گاڕانەکەی نەدۆزییەوە، ئەوا دادەبەزێ و داوا دەکا باڵەفڕەیەک بنێرن. ئەگەر بەم پێیە ئێشایەوە دابەزێ لە ڕێگە سەهۆڵبەست دەبێ.

پێی ناوێ بیر لەمە بکاتەوە. پێویستە بەدوایاندا بگەڕێ. پێویستە خۆی سەرەودەرێک بدۆزێتەوە. گامێشەوان لە یۆرتایەکە نزیک کەوتەوە و هاواری کرد «کەریم!»

لەوانەیە کەریم گامێشەکانی تووڕە کردبێ- پیرەمێر بیری کردەوە. بەفری تازەباریوی لادا بۆ ئەوەی شوێن پێی گامێشەکان لە ژێردا بدۆزێتەوە- بەڵام نا، کوڕەکە ڕەوشتی چاکە و گامێشەکانیش هیچ جار لێی تووڕە نەبوونە. مرۆڤ ناحەزی گامێش نییە و ئەوانیش هەست بەمە دەکەن.

کێ بەسەرما و زریان بەرەو ئەشکەوتانیان دەبا؟ کێ بەتۆوی گوڵە خاشخاش برینیان تیمار دەکا؟ کێ پرد بەسەر خەرەند و کەندەوە هەڵدەچنێ بۆ ئەوەی گامێشی بەسەردا بپەڕنەوە؟ گامێشەوان. گامێش کەمن، زۆر لە مرۆ کەمترن. مرۆ. لە دەرد و بەڵایان دەپارێزن.

ئەوان بەبێ ئێمە چین؟ ها لێرە؛ شوێن پێی چاڵیان بەسەر بەفرەوە بەجێ هێشتووە. لەبەرئەوە دەبێ بەفر نەیگرتبن، زوو پەناگەی خۆیان دۆزیوەتەوە.

«بووەستە، بووەستە، لەوانەیە بەماتەماتە زەبرێکم لێ بدا، بەردی بەرپشتم لابدا، منیش بەپشتدا بکەوم و لنگم بچێتە ئاسمان. دەیەوێ بەپاڵەپەستۆ کاغەزەکەم پێ مۆر بکا. ئەی شەیتان.» پیرەمێر ناڵاندی.

تەواو بێزار بوو، مەلا بەگ دانیشتە سەر بەفرەکە و دەستی پێ کرد خوری بپەستێتەوە ناو پۆستاڵەکەی تاکو پێیە ئێشاوەکانی خۆی گەرم دابێنێ.

«درەنگم هەڵهێنا، منی گێژوویژ.»

پیرەمێر بەهێواشییەوە هەنگاوی هەڵهێنا، ڕووداوەکەی دەهێنایەوە یاد. ویستی لە بیری بباتەوە، بەڵام نەیتوانی.

لەوانەبوو ئەگەر گاڕانەکە ون نەبووایە، پشووێکی دەدا و کەریمیش بەتۆوی

گوڵە خاشخاش تیماری پێی دەکرد. لە ڕۆژی یەکەمین بەفر بارینەکەدا، پزیشکی ئاژەڵ بەهەلیکۆپتەرێک گەیشتە جێ و دەستی بەتاقیکردنەوەی گاڕانەکە کرد. پاشان لەسەر کەڤرێک دانیشت، ئارەقی سەر ڕووی سڕییەوە و گوتی:

« لەوانەیە هەموو گاڕانەکە لێیان بگرێتەوە، وا باشترە بیانبەمەوە گوند بۆ چارەسەر.»

«گوێ بدێ مەلا بەگ، دوو گامێشت نەخۆشن.»

مەلا بەگ سەری سڕما: «کێهە دوانیان؟» دەیزانی هەموو گامێشەکان سپ و ساغن، هەر کامێکیان نەخۆش بکەوێ. هەر لێرە لە پاوانەکەدا خۆی چارەسەری دەکا.

«ها ئەو دووەی ئەوێ. پێیانم سندم کردووە بۆ ئەوەی ماندوو نەبن.»

پیرەمێر چووە لای گامێشەکان، هەموو لایەکیانی پشکنی- گامێشە سندمکراوەکان پڕمەیان هات و سەریان شۆڕ کردەوە سەر زەوی. پاشان مەلا بەگ چاوی پشکنین. چاویان مات دیار بوون، بەڵام ساغ بوون.

"دۆملا بەهەڵەدا نەچووی؟"

"نا، نەخێر، سەیری زمانیان کە. سەرما کاری لە جگەریان کردووە."

مەلا بەگ دەمی لێک کردنەوە، هەرچەندە زمانیان سپی بووبوو، توێژاڵێکیان لەسەر نیشتبوو بەڵام لە ژێر زمانیاندا چەند گلێرەیەک جیکنە هەڵۆی بینی.

«زۆریان جیکنە هەڵۆ خواردووە،» پیرەمێر گوتی. کتوپڕ هاوارێکی لێ هەڵستا، یەکێک لە گامێشەکان پەنجەی مەلا بەگی کرۆشت.

«هەی، شەیتان.»

پزیشکەکە بەبێزارییەوە گوتی: «باوە، پیلەکەم لەگەڵدا مەکە. ئۆباڵی

نەخۆشیی گامێشەکان لە ئەستۆی مندایە. هەر گامێشەی هەشت سەد ڕۆبڵ دێنێ. گەمە نییە؟»

پیرەمێر گوتی: «باشە، ئەگەر وایە...» لە دڵی خۆیدا گوتی: با گامێشەکان لە خوارەوە هەندێک ئالیکی باش بخۆن، بەرگەیان چاتر بێ، زستانێکی درێژمان لە پێشدایە.

پزیشکەکە تاوێک پشووی دا، پاشان سندمی گامێشەکانی کردەوە و بەڕێچکۆڵەکەدا بەرەو ژێرەوەی هاژوان.

«دۆملا، کوڕەکەت لەگەڵدا بنێرم یاریدەت بدا؟» پیرەمێر لە دوایەوە گوتی.

«سوپاس، خۆم دەتوانم.»

پێش ئەوەی ملی ئەو ڕێگە پڕ لە هەڵەموت و ڕژد و تووشە بگرێتە بەر، مەلا بەگ هیوای خۆشبەختیی بۆ خواست: «دەبڕۆ خوات لەگەڵ.»

***

پاش هەرا و زەنای هەلیکۆپتەر، گامێشەکان حەجمانیان لێ هەڵگیرا. بەڕۆژەوە سمکۆڵانیان دەکرد، بریسکەیان لە تاوێرە بەردەکان هەڵدەستاند و نەدەلەوەڕان.

پیرەمێر و کوڕێژگەکە، خوێیان بۆ لەبەر پێدا ڕوو دەکرد تا بیلێسنەوە و هێور بن، خوێی سەر تاوێرە بەرد تووڕەیی لادەبا. جیکنە هەڵۆش کارێکی باش لە دەماری تووڕەییی گامێش دەکا. بەڵام هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەوەی گامێش لە ئەشکەوت مۆڵ بدرێن.

مەلا بەگ هەڵوێستا، تیسکە خورییەکی تری لەسەر تاوێرە بەردێکدا بینی. کەواتە شوێنەکەی باش هەڵگرتبوو. خورییەکەی پەستایە ناو دەسکێشەکەی و بەلۆژەلۆژ بەرەوپێش جووڵا. بەدەم ئازاریشەوە دەتلایەوە.

نێزیکەی حەفتەیەک ڕابوورد، پیرەمێر لەگەڵ کەریمدا خەریکی کاری خۆیان بوون. گامێشەکان دامرکانەوە و بەرەو قەڵەوبوون چوون. جارێکی تریش

کابرای پزیشکی ئاژەڵ لە باریکەڕێیەکەوە دەرکەوت.

پێ دەچوو وەک گامێشی ترساو، تووڕە و ڕووگرژ بێ. مەلا بەگ هەردوو لەپی خستە سەر بناگوێی و دەستی بەڕدێنی داهێنا، «دیمانەت بەخێر دۆملا»، هەر کەسێ لە چیایاندا ڕێگەی دووری بڕیبێ و بەسەلامەتی گەیشتبێتە جێ، بەو شێوەیە پێشوازیی لێ دەکرێ.

«دیمانەت بەخێر، باوە»، پزیشکەکە بەبێ مەیلییەوە وەڵامی دایەوە.

سرتەیان لێوە نەهات. سەرنجیان لە گامێشەکان بڕیبوو. کوڕەکەش لە تەک ڕەشماڵەکەدا دانیشتبوو. پایپێکی سووری بەدەستەوە بوو.

پزیشکەکە گوتی: "ئەم ڕێگە دووردرێژەم بەخۆڕایی بڕی. هەلیکۆپتەرەکە نیشتووە چاک بکرێتەوە. هاتم پێت بڵێم بڕۆی گامێشەکان لە تیمارگە بێنیتەوە. چاک بوونەتەوە. نەمتوانی بۆ چیایان بهێنمەوە، تاوێرە بەرد هەرەسیان هێناوەتە سەر شاڕێیەکە، لەوانەشە گوێت لێ بووبێ؟"

" باشە لەگەڵ تۆدا دێم."

بەتوولەڕێ تەنگەبەرەکەدا شۆڕ بوونەوە. لە پێشاندا مەلا بەگ بەپێش کەوت. پاشان پزیشکەکەی بەپێش دا و خۆیشی وردە وردە لە دواوە هەنگاوی نا، جارێکی تر کەوتەوە پێشی. ئەم شوێنگۆڕینە هەروا بۆ کەیف نەبوو، بگرە یاسای چیایانە ئەگەر ئەوی پێشەوە هیلاک ببێ، ئەوی دواوە دێتە هانای.

لە ناکاو شتێک کەوتە بەرپێی پیرەمێر و گرمەی لێ هەستاند. پیرەمێر هاواری کرد «خوایە!» و کەوتە سەر زەوی. گلۆر بووەوە و کەوتە ناو چاڵێکەوە.

کەورێک زرمەی هات، کەوتە پێش مەلا بەگ و بەهەڵدێرەکەدا خلۆر بووەوە. «هەی بەنەفرەت بی تاوێرە بەرد» پزیشکەکە بەشڵەژاوییەوە گوتی. بن پیلی پیرەمێری گرت بۆ ئەوەی هەڵی سێنێتەوە. بەڵام مەلا بەگ خۆی بەسەر پێیانەوە نەگرت. جارێکی تریش کەوتەوە.

پزیشکەکە گوتی: "هەڵت دەگرم، گوندەکە دوور نییە. گامێشەکان لەبەری چیایەکەوەن."

"نا کوڕم، تاوێک دادەنیشم، پشوویێک دەدەم ئینجا هەڵدەستمەوە."

پزیشکەکە پێی پیرەمێری پشکنی- بەلەکی ئاوسا بوو، زۆری دەئێشاند.

«منیش پارەکە بەردێکی وام پێ کەوت.» پزیشکەکە گوتی، «بەڵام ئەو کاتە هاوین بوو. ئێستا ساردە، لەوانەیە سەرمای ببێ و بتکوژێ. وا دەچمە ناو لەوەڕگاکە و هەندێک خوریت بۆ کۆ دەکەمەوە تا گەرمی بکاتەوە.»

پزیشکەکە تاوێکی تەواو بزربوو. پیرەمێر تەنگاو بوو- بەڵام دۆمەلا لە چیایاندا چاک شارەزایە- پیرەمێر بەخۆی گوت.

کاتێ پزیشکەکە بەخەمباری و بەبێ خورییەوە گەڕایەوە، ئێوارە بوو.

«وام زانی توورگ خواردوویانی» بەگاڵتەوە گوتی. بەڵێ، توورگ، چۆن بوو پیرەمێر بیری لێ نەکردەوە؟ لەمێژ نەبوو پەلاماری شوانێکیان دابوو لە ئەشکەوت و کوشتبوویان.

مەلا بەگ بریندار بوو. هەرچەندە تەمەنێکی زۆر ژیاوە و ئێستا خۆی بۆ ئەو بیرە ئامادە دەکا کە ئەم دنیا بەجێ بهێڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەترسێ ڕووبەڕوو بەرەنگاری مەترسی ببێتەوە.

«پێت چۆنە؟»

مەلا بەگ ویستی پێی بسووڕێنێ بەڵام تەنیا ناڵەناڵێکی لێوە هات.

«خراپە.». پزیشکەکە گوتی: «باوە دەزانی» بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دانی پێدا هێنا: «ئەو دوو گامێشە لەم نزیکانەدا هەڵدێران، چووم کەلاکەکانیان بدۆزمەوە، بەڵام لە گووتوورگ بەولاوە هیچی ترم نەبینی.»

«کاتێ بەم ڕێگەیەدا هێنامنە خوارەوە، مردن. هەردوو نەخۆشەکە. وابزانم نەیانگەیشتمێ. لەبەرئەمەیش هاتمە ئێرە، پەڕە کاغەزێکم دۆزییەوە، تۆ ئیمزای کە، بەمە من پاکانەی خۆم دەکەم. نووسیومە هەردووکمان

گامێشەکانمان لێ دەخورِی و تۆش ئاگات لە مردنیان بووە.» پزیشکەکە کاغەزەکەی دەرهێنا.

«هیچی لە تۆ ناوێ، کەسیش نازانێ.»

مەلا بەگ سەری بەم وشانە ئێشا.

من تۆم خۆش دەوێ دۆملا، تۆش تف لە چارەم دەکەی. ئەوانەی لە چیایان دەژین هەموویان برای یەکتر نین. هی وا هەیە لە ڕێچکەکەی دواتەوە هەنگاو دەنێ و نەخشەی جانەوەرانە دەکێشێ. ئەم بیرانە وای لە پیرەمێر کرد بناڵێنێ.

مەلا بەگ بەچرپەوە گوتی: «من ئیتر ناژیم دۆملا. حەز ناکەم تاوانەکانم پتر بکەم.»

پزیشکەکە پێ کەنی: «تاوانی چی؟ لێرە لە چیا کەس ئاگای لێ نییە. ئێمە تەنیاین، کەس شایەت نییە.»

پیرەمێر بیری کردەوە: دەروونم شایەتە، ناتوانی خۆت لە دەروونم بشارییەوە.

«نا، نا، وا چاکترە برۆی. بەجێم بهێڵە.»

پزیشکەکە بەگاڵتەیەکەوە سەیری مەلا بەگی کرد و لێی دا ڕۆیشت. بەتەنیای بەجێ هێشت.

پیرەمێر چاتر بووەوە. چاوی خستە سەریەک و دڵی خۆش بوو.

ترووکەیەک ڕابوورد و جارێکی تر پزیشکەکە بەسەر پیرەمێردا نوشتایەوە.

«گوێ بگرە باوە، ئاخۆ بەڕاستی دەتەوێ بەهۆی دوو گامێشی لەڕەوە پشتم بشکێنێ؟»

«برۆ، لە ڕێی خوا.» مەلا بەگ بەپاڕانەوەیەکەوە چرپاندی. «هیچ شتێک مۆر ناکەم، گامێشەکان ساغ بوون. دەروونم و ئەو دنیاش بەهۆی ئەمەوە ئازارم دەدەن. بەجێم بهێڵە.»

«باشە، تۆ لێرە دەمری. کەسیش نایەت هێسەکانت بنێژێ. خواحافیز.»

هەرکە پزیشکەکە لە هەورازەکە ئاودیو بوو. ئیدی جارێکی تر فرمێسک زایە چاوەکانی پیرەمێر. هێندە نابا شەو دادێ و توورگ دێن. ئێستا خۆیان لە پەنا تاوێراندا مەڵاس داوە، چاوەچاویانە.

مردنێکی گەوجانەیە. مەلا بەگ هەرگاڤ بیری دەکردەوە کەوا بەگەردەن ئازادییەوە لە نێوان گامێشەکانیدا دەمرێ. دوو گامێش پاڵ دەنەوە و ئەمیش لە نێوانیاندا دانیشێ، بچێتە ناو خورییەکانیان و گامێشەکان بەینێکی زۆر گەرمی دابێنن. پاشان گیانی ئەو بەرەو لووتکەی چیایەکان بفڕێ و بەشێکی هەڵدێرەکە هەرەس بێنێ و وێنەی مەلا بەگ بکێشێ.

گامێشەوان نامرن، یاڵ و بەندەنی دەوراندەور وێنەی مردووان هەڵدەگرن تا وەکو زیندوو لە نێوان گامێشاندا بوەستن.

نا من نامرم! پێویستە بەچەنگەکرکێ لەم چاڵە دەربچم، بیر لە هیچ نەکەمەوە. بەگاگۆڵە بگەمە گاڕانەکە. گامێشەکان تیمارم دەکەن- پیرمێر بڕیاری دا.

تەکانێکی دا و بەچەنگەڕنێ لە چاڵەکە هاتە دەرەوە و بەرەو پێش ملی نا.

لەشی سووک بووبوو، وا پێ دەچوو خوێن چۆڕابێتەوە ناو پێیە گران و هەڵئاوساوەکانی، بەدوای خۆیدا ڕای کێشان. ئەگەر مەلا بەگ بیتوانیایە ئەو پێیە ئێشاوەی خۆی دەبڕییەوە و هەڵی دەدایە بەر توورگان. بەبێ ئەم پێیە سووک و سانا بەرەو گاڕانەکە دەڕۆیی.

بەڵام ئەوا تاریک داهاتبوو و بەئاسانیش ڕێگەکەی ون دەکرد. لێرە چیایەکان زۆر بڵند نین، ڕێچکۆڵەیان تێدا زۆرن، کە تاریکیش دابێ لەوانەیە ڕێگەیەکی چەوت بگرێتە بەر.

لەپڕ مەلا بەگ خلیسکایە ناو کەندرێکی وشکەوە. بەدیوارەکەیدا ناسییەوە، جارێکیان شوانەوێڵە ئەم دیوارەیان بۆ بەربەستکردنی ئاو دروست کردبوو. مەلا بەگ بڕیاری دا شەو لەسەر ئەم دیوارەدا بەسەر ببا و بەیانی بە هێز و

گورێکی نوێوە بەرەو گارانەکە بکەوێتەوە ڕێگە.

مەلا بەگ بەبیری نەدەهاتەوە چۆن بەسەر دیوارەکەدا هەڵگەڕا بوو. تەنیا بۆنی خوێنی دەست و پلە پیسەکانی بەبیر دەهاتەوە.

بۆنی خوێن هەر زوو ڕەوە تووڕگەکی بۆ لای پیرەمێر بەکێش کرد. سەرەتا لە دوورەوە دەستیان بەلوورەلوور کرد و پاشان بەتووڕەیی هاتنە پێشەوە. بەبێدەنگی لە دەوری دیوارەکە ئالان. ددانیان بەچیرەوە دەبرد و لمۆزیان لە بەفرەکە دەژەند.

پیرەمێر لە ترسانە و لە شەکەتییانە، ورەی بەر دا و بوورایەوە. دەیزانی لە دەستی تووڕگان دەربازی نابێ، نەئاگر، نەسیکارد، نەپەت هیچی پێ نییە. لە پەشێوییانە هەموو شتێکی لە یۆرتایەکە لە بیر چوو.

دەتوانێ چی بکا؟ بەبەرییەوە نییە کوچکە بەردیشیان تێ بگرێ.

ئای ئەگەر گامێشەکان چاوێکیان لێ بووایە چۆن بەترووکەی چاو ئەم تووڕەگە لەڕانەیان هەڵدەبڕی، گامێشە بۆر و سۆرەکانی خۆی.

بەڵام ئێستا وا تووڕگە ڕەوکەوانەکە بەدیوارەکەدا هەڵگەڕا، پیرەمێر چاوەکانی تووڕگەکەی بەچاکی دەبینی- دەڵێن تووڕگ زۆریان سوو لە نێچیری خۆیان دەبێتەوە. ئەوەتا چەپۆکەکانی لاواز و باریکەڵەن، لە پێی گامێش ناچن.

"دوورکەوە لێم! دوورکەوە لێم!" مەلا بەگ بەپرتاو، هەستایەوە، ڕاچەنی و دەستی بەهاوار کرد: "بەنەفرەت بن، واتان زانی مردووم؟ هەی بەڵاتان لێ بدا!" تا هێزی تێدا بوو هاواری دەکرد، بەڵام نەک لە ترسان، نەک لە تووڕەییان، نەک لە بێ دەرەتانییان، بگرە لەبەرئەوەی شتێکی بەدرێژایی تەمەن لە دەرووندا نووستوی بەئاگا هات، وردە وردە و بەهێمنی تین و تاوی هاتەوە بەر.

تووڕگە ڕەوکەوانەکە سەنگلایەوە، بازێکی هەڵدایە خوارەوە و ڕەوە تووڕگەکە کەوتنە سووڕانەوە بەدەوری دیوارەکەدا و پاشان هەڵاتن.

مـەلا بەگ بەدەنگی بەرز پێ کـەنی. لە توورەییـیـانـە سـمـێڵ و لێـوی خـۆی کرۆشت.

***

کـابـرای گـامـێـشـەوان بەبێـزارییـەوە لەسـەر تاوێرە بـەردێکی بەفرگـرتوودا دانیـشت. بیـرەوەری، پیـرەمـێـریان هـەژاند و بەکـەف و کـولێـان هێنا، بەڵام لەوانەیـە بیـرەوەری نەبووبن؟ لەوانەیە بـرینەکـەی هـەوی کـردبێ؟ هـەر چۆنێک بێ، دەبێ خۆی پەلکێش بکا. پێ ناچێ ئێستـا گـارانەکە زۆر دوور بێ. گامێش لە دە کیلۆمـەتر دوورتر نارۆن، تا نیوەی ڕێگەکە هـاتووە. لێرە شـوێن پێیـەکان زۆر چاڵ نین. دەبێ گـامێـشـەکان هـێور بووبـنـەوە و چی تر هـەڕایان نەکردبێ، دەبێ هێواش هێواش ڕۆیشتبن.

ئێستا مەلا بەگ دەیزانی چۆن خۆی لە توورگان دەرباز بکا. دەبێ ڕێگەیان بدەی زۆر بێنـە پێش و ئیدی پـاشـان ترسـێکی چاکیـان بدەیتێ. نەڕەی پیـاو، هـەترەشـی گـورگ و سـەگی کـێوی و تەنـانـەت پیـاوی بەفریش دەبا. دەبێ ئەم شتە بەکەریم بڵێ.

پیرەمێر هـەردەم ئەو شـەوەی سـەر دیوارەکەی بەبیر دەهـاتەوە. توورگ لە دوورەوە دەیانـلووراند بەڵام زاتیـان نـەدەکـرد لـە مـەلا بەگ نێـزیک بکـەونەوە. ئەگـەر نێزیکیش بکەوتایەن ئـەوا پیرەمـێر بیری لە چارەسـەرێکی تر دەکـردەوە بۆ ئەوەی ڕاویان بنێ- جاری دووەم هـاوار هـاوار بەکەڵک نەدەهات.

تاکە شـتێک مەلا بەگ بەبیری نەدەهاتەوە - جا یان خـەون بوو یان ڕاستی - بـەرەبـەری بـەیـانی بـوو پـۆلە بـاڵندەیـەکی بینـی، ئاشـکرا بەبـەرچـاوییـــەوە دەفـڕین، باڵندەی ڕەش، گـەورە، هـەڵۆ نـەبوون. باڵندەی سـەیر بـوون، هـی ئەم وڵاتە نـەبوون. نـا وا پـێ دەچێ خـەون بـووبێ. باڵندەی دەشـتـانـی ناتوانـێ لە چیایان بفڕێ.

... بەهێواشی خۆی بەپاڵ چیایەکەوە گرت، مەلا بەگ کەلەبەرێکی تەنگی بڕی و بەگێژی و سـەرسڕماوییەوە وەسـتا: گارانەکەی بەهێمنی لە هـەرێمێکی

پان و بەرینی بەفریندا دەلەوەڕان.

بەکۆمەڵی گەیشتبوونە هەرێمە تازەکە، گامێشەکان بەسم بەفریان دەشکاند و وشکەگیای ساڵی پار و کەوزە و چوزەوارەیان دەخوارد.

شوێنێکی زۆر دڵگیر نییە- پیرەمێر یەکسەر هەستی کرد. زەینی دایە کەریمی یاریدەری، سواری پشتی پیرە گامێشێک بووبوو، توند خۆی بەتەپۆکەکەی سەر پشتییەوە گرتبوو، بەرەوخوار و بەرەوژووری لێ دەخوڕی.

لە ناکاو یەکێک لە گامێشەکان مەلا بەگی بەدی کرد. لەسەرەخۆ دەستی بەبۆڕەبۆڕ کرد، ئیدی گامێشەکانی تریش بەهێواشی بەرەو پیرەمێر وەرچەرخان.

گامێشەکان سەریان لە لەشی مەلا بەگ سووی. وەک بڵێی گەرمایی پێ بدەن. دەست و پلیان دەلێستەوە و بەچاوێکی زەقەوە لە چاوی مەلا بەگیان دەڕوانی، دەتگوت لێی دەپرسن چیت بەسەر هاتووە.

کەریم بەرەو لای پیرەمێری هاژوا و بەهەستی تاوانبارییەوە گوتی: «باوە، ئەمە بەهۆی باڵندەکانەوە بوو. پێشی بەیان بەسەر هەرێزەکەی ئێمەدا خولانەوە و گامێشەکانیش ڕەوینەوە. ماندووم، گوریسم گەیشتووەتە بن هێچکان.»

"باڵندە ڕەشەکان؟" پیرەمێر پرسیاری کرد.

"بەڵێ، ڕەش... گامێشەکان ڕەویان کرد تا گەیشتنە ئەم کێڵگەیە، کوا دوو گامێشەکە؟ ماندوو بووی باوە؟"

"قەی ناکا.. بەڵام ئێرە لەوەڕەکەی زۆر باش نییە. باشە گوناهی خۆیانە، زەینی بدێ- بەدوای باڵندەدا ڕایان کرد! گرینگ نییە، بەیانی دەچینەوە یۆرتایەکە. ئەمشەو لەگەڵ گامێشەکاندا دەنووین."

گامێشەکان بەئەسپایی بەسەر بەفرەکەدا پاڵیان دایەوە. دیوارێکیان بۆ پاراستنی شوانەکان لە سەرما هەڵچنی، مەلا بەگ و کەریم خزانە نێوان

لاشەی گەرمی گامێشەکانەوە.

کوڕیژگەکە تاوێکی زۆر نەیتوانی بنوێ، خۆی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد، پاشان بەدەم بیر و هزرەوە گوتی:

«لەوانەیە بەرەو هیندستان فڕیبن، ئەوێندەر گەرمە.»

*یۆرتا: هەوار یان خیوەتی ڕەوەندە مەنگۆلیاییەکانی سێبیریایە.

# دایکە شـووری شـاخدار

چنگیز ئێتماتۆڤ

ئەمـە لە سـەردەمێکی کۆنـدا ڕووی دا و ڕۆژگاری زوو، لەو دەمـەی سـەر زەوین دارستانی پتر بوو لە گژوگیا، وڵاتی ئێمە ئاوی زێتر بوو لە وشکایی. هۆزێکی قەرەغیزی لە لێواری ڕووبارێکی گەورە و سازگاردا دەژیان. ئەو ڕووبارە پێی دەگـوترا "ئینیـسـای". لە شـوێنێکی دوورەدەست، لە سـیـبـیـریاوە هەڵدەقـولا. لێرەوە بۆ ئەوێ بەسواری ئەسپ سێ ساڵ و سێ مـانگی پێ دەوێ. ئێستا ئەو ڕووبارە "ئینیسی" ناوە. بەڵام ویگاڤێ پێی دەگوترا "ئینیسای". بۆیە ئەو کاتە گۆرانییەک هەبوو دەیگوت:

ئینیسای، ڕووبار هەیە لە تۆ فراوانتر بێ؟
ئینیسای، خاک هەیە لە تۆ دڵگیرتر بێ؟
ئینیسای، کارەسات هەیە لە تۆ قووڵتر بێ؟
ئینیسای، ورە هەیە لە ورەی تۆ بەرزتر بێ؟
ڕووبار نییە لە تۆ فراوانتر بێ، ئینیسای.
خاک نییە لە تۆ دڵگیرتر بێ، ئینیسای.
کارەسات نییە لە تۆ قووڵتر بێ، ئینیسای.
ورە نییە لە ورەی تۆ باڵاتر بێ، ئینسای.

ئینیـسـای ئاوەها بوو. زۆر نەتەوەی جـیـاجـیـا لە لێـواری ئەو ڕووبارەدا دەژیان. ئەو نەتەوانە سـەبارەت بەناکۆکی و ناتەبایی بێ بڕانەوەیان ژیانیـان دژوار بوو. دوژمن لە گەلێک لاوە هۆزی قـەرەغیزییـان دەورە دابوو. جارێک ئەم و جارێک ئەو بەسەریان دادەدان. قـەرغیزی خۆشیان پەلامـاری خەڵکیان دەدا.

پیاویان دەکوشتن، ماڵیان دەسووتاندن، تالان و برۆیان دەکردن. هەرچی بەردەستیان بکەوتایە دەیانکوشت. ئەمە حاڵ و حسێبی ئەو زەمانە بوو. مرۆ بەزەییی بەمرۆدا نەدەهاتەوە. مرۆ مرۆی دەکوشت. کار بەڕادەیێ گەیشت کەس نەما دەغڵ و دان بچێنێ و مەڕوماڵات بەناو بێنێ و بچێتە ڕاو. ژیانی بەتالانکاری گەلەک ئاسانتر بوو. دێ و دەکوژێ و تالان دەکا. نرخی کوشتن بەخوێن دەدرایەوە و تۆڵە بەتۆڵەی گەورەتر دەسەندرایەوە. خوێنڕشتن ڕۆژ بەڕۆژ زێتر دەبوو. هۆش لە مێشکی مرۆڤدا نەمابوو. کەس نەبوو ناوبژیی دوژمنان بکا. ژیرترین و چاترین کەس ئەوە بوو هێرشی توند و لە ناکاو بکاتە سەر دوژمن و گەورە و بچووکیان بکوژێ و مەڕ و ماڵ و کلوریان بەتالان ببا.

لە دارستانەکەدا باڵندەیەکی سەیر پەیدا بووبوو، شەوان تا بەیان بەدەنگێکی مرۆڤانەی سەیر دەیچریکاند و لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ دەفڕی و ئاهوناڵینی دەکرد، دەیگوت: "کارەساتێکی گەورە دەقەومێ، کارەساتێکی گەورە دەقەومێ". ئەوە بوو قەوما، ئەو ڕۆژە دڵتۆقێنە هات.

ئەو ڕۆژە، هۆزی قەرەغیزیی لێوارنشین، سەرداری کۆچکردوویان دەناشت. "کۆلچە" ساڵانێکی دوورودرێژ سەرداری هۆز بوو، هاوبەشیی لە زۆر تالان و برۆدا کرد و لە گەلێک شەڕدا بریندار کرا بەڵام لە مەیدانی شەڕدا نەمرد. دوا جار کات و ساتی مردنی هات. هاوتیرەکانی خۆی دوو ڕۆژیان لە شەپۆڕ و شین و گریاندا بەسەر برد. ڕۆژی سێیەم کۆبوونەوە بەخاکی بسپێرن. بەپێی ڕێورەسمی باب و باپیران، دەبووایە تەرمی سەرداری هۆز دەم و دەم لێوار، بەناو دۆڵ و نشێواندا بۆ دوایین مەنزڵگەی خۆی هەڵبگیرێ، تاوەکو گیانی کۆچکردوو لە بڵندایییەوە ماڵئاوایی لە ئینیسای دایک بکات. "ئینی" یانێ دایک و "سای" واتە بەست یان ڕووبار. بۆ ئەوەی گیانی ئەو بۆ دوا جار گۆرانیی ئینیسای بچڕێ:

ئینیسای، ڕووبار هەیە لە تۆ فراوانتر بێ؟
ئینیسای، خاک هەیە لە تۆ دڵگیرتر بێ؟
ئینیسای، کارەسات هەیە لە تۆ قووڵتر بێ؟

ئینیسای، خواست هەیە لە خواستی تۆ بالاتر بێ؟
ڕووبار نییە لە تۆ فراوانتر بێ، ئینیسای.
خاک نییە لە تۆ دڵگیرتر بێ، ئینیسای.
کارەسات نییە لە تۆ قووڵتر بێ، ئینیسای.
خواست نییە لە خواستی تۆ بالاتر بێ، ئینیسای.

دەبووایە لەسەر گردی ناشتن. لە تەنیشت گۆڕەکەی، سەرهۆزیان لەسەر سەران ڕابگرتایە بۆ ئەوەی لە هەر چوارلاوە خەڵک ببینن. "ئەمە ڕووبار و ئەمە ئاسمان و ئەمەش خاکی تۆیە، ئەمەش ئێمەین، هاوڕەگەزی تۆین، هاتووین بۆ دواین جار بەڕێت بکەین و ماڵئاواییت لێ بکەین، تۆش بەتەناهی لێی ڕاکشێ" کێلە بەردێکیان لەسەر گۆڕەکەی دەچەقاند تا ببێ بەنیشان بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لە ڕۆژانی ماتەمی و تەرم ناشتندا، دەم و دەم لێوار، هۆزی قەرەغیزی ڕەشماڵیان یەک یەک لە تەنیشت یەکدا هەڵدەدا. تا هەر ماڵەی لەبەر کۆسپەی خۆیدا تەرمی سەرهۆز بەڕێ بکا. بۆ ئەوەی کاتێک تەرم هەڵدەگیرا، هەر ماڵێک ئالای سپیی پرسە هەڵبدا و بداتە شین و گریان و دوای تەرم بکەوێ و لەگەڵ ئەوانی تردا بەرەو ڕەشماڵێکی تر، کە ئەوانیش دەیاندایە شین و گریان و ئالای پرسەیان هەڵدەدا تا بەکۆتاییی ڕێی و گردی ناشتن دەگەیشتن.

ئەو بەیانییە ڕۆژ گەیشتە تاقی ئاسمان، هەموو ئەسپابێک کۆک و تەیار کرا. گۆچان بەرز کرانەوە و لە سەروو ئەویشەوە کلکی هێستر بەسەر ڕمەوە هەڵدران. چەک و کەرەستەی شەڕی سەرهۆز- لە شیر و مەتاڵ بەرز کرانەوە و ئەسپەکەی بەپۆشاکی شەڕ داپۆشرا. زوڕناژەن ئامادەبوون ئاوازی شەڕ بژەنن و دەهۆڵکوت ڕمبە لە دەهۆڵ هەستێنن. تاکو هەموو لایەکی جەنگەڵی (تایگا) بهەژێ. پەڕەوڵ بفڕن و وەک گەواڵە هەور ئاسمان بتەنن و بەئاهوناڵینەوە خول بخۆن، تاکو دڕندە و کێوی بەفیشکە و نەڕەنەڕ بدەنە بێشەلان و جەنگەڵستان و تاکو چڵەگیا لەسەر زەوی سەری دابنەوێنێ و کڕنووش ببا. تاکو کەژ و کێو لە شوێنی خۆیان بترازێن.

ژنان دەگریان و پرچیان دەڕناندەوە، فرمێسکی گەرمیان بۆ سەرۆک کۆلچە دەوەراند. "جیغیتی" لەسەر یەک ئەژنۆ ڕۆدەنیشتن و لە تەرمی کۆچکردوو دەنەوین و دەیانهاوێشتە سەرشانی بەهێزیان. خەڵک و هەموو ئامادەبووان چاوەڕوانی تەرمی سەردار هۆز بوون، لەلایەکی دارستانەکەشەوە قوربانی ڕاگیرابوون: نۆ ئەسپ و نۆ گامێش و نۆ نوێی لە کاوڕە دابەستی، ئەمانە بۆ پایەداریی جوانەمەرگ دەکوژرانەوە.

لێرەوە لە ناکاو ڕووداوێکی کتوپڕ هاتە پێشەوە، کە کەس چاوەڕێی نەکردبوو. هەرچەند ڕکابەریی نێوان خەڵکی ئینیسای تاوی ساندبا، باو نەبوو، لە کاتی ناشتنی سەردار هۆزدا کەس بەسەر دراوسێدا بدا. ئێستاش وا دوژمن بەپێدزکە هاتوون و لەگەڵ گەردی بەیانیاندا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داون لە کاتێکدا کە ئەوان بەپەژارە و ماتەمییەوە وەستاون. قەرەغیزی لە هەموو لایەکەوە دەرپەڕین، کەس دەرفەتی ئەوەی نەبوو خۆی باوێتە سەر زین و دەس بداتە چەک. کوشتارێکی بێ وێنە ڕووی دا، هەموو لەسەریەک کوژران. ئەمە داو و دەهۆیەک بوو دوژمن بۆی نابوونەوە تاکو هۆزی قەرەغیزی بەدەست لێوەشاندنێک پاکتاو بکەن و ئاسەواریان لێ ببڕنەوە. تا کەس نەبێ ئەو کوشتارەی لە بیر بمێنێ و تۆڵەی وەربگرێتەوە. بۆ ئەوەی ڕۆژگار بەنووکی ڕم شوێنەواری کۆن بسڕێتەوە، هەر واش بوو.

لەدایکبوونی مرۆڤ و پەروەردەبوونی کاتی زۆر دەوێ، بەڵام بەچاوترووکاندنێک دێتە لەناوبردن. زۆر کەس ئەنگێوران و لە گۆمی خوێندا گەوزین. زۆری تر لە ترسی شیروتیر خۆیان بەئاو دادا و لە نێو شەپۆلی ئینیسایدا نقوم بوون. ڕەشماڵی قەرەغیزی پاش ئەوەی ئاگریان بەردرابوونێ، بەدرێژاییی ڕووبار و بەلاپاڵی گرد و هەڵدێرەوە گڕیان سەند. کەس دەرفەتی هەڵاتنی چنگ نەکەوت. زیڕوحیان لێ نەما و هەموو شتێک خاپوور و وێران بوون و سووتان. لاشەی کوژراویان بەچۆمی ئینیسای دادا. دوژمن هەلهەلەی شادمانییان کێشا: "ئێستا ئەم خاکە بووە هی ئێمە، ئێستا ئەم لێڕەوارانە بوونە هی ئێمە، ئێستا ئەم مێگەلانە بوونە هی ئێمە".

دوو منداڵ- کوڕ و کچێک- دوو منداڵی بزۆزی چەتوون، لە سبەینێوە بەدزیی دایک و باوکیان لە ماڵ دەرچووبوون بۆ جەنگەڵە نێزیکەکە. تا چڵە لاولاو ببڕن و سەبەتەی لێ دروست بکەن. بەگەمەوە خافڵابوون و ئاگایان لە خۆیان بڕابوو، کەوتبوونە ناوەندی چڕە بێشەڵانەکە. کاتێک هەرا و زەنای کوشتاریان هاتە گوێ، بەپرتاو بەرەو ماڵ گەڕانەوە. کەسیان بەزیندوویی نەدیت نەدایک نەباوک نەخوشک نەبرا، دوو منداڵ بێ ماڵ و بێ کەسوکار مانەوە. دەگریان و لە ئاگر و پەردووەوە بۆ ئاگر و پەردوو ڕایان دەکرد. زیندەواریان لێ نەمابوو. لە ماوەی تاکە ساتێکدا بێ نەوا بوون. لە دەرەوە هەور و شریتەی تۆز بەدی دەکرا. دوژمن مەڕومالات و ئەسپ و گاڕانیان بەپێش دابوون و هەڵیان دەپێچان کە لە تالانکارییە خوێناوییەکەیاندا بەجەنگیان هێنابوو.

دوو منداڵەکە تۆزی پێی ئەسپیان بەدی دەکرد و هەڵیان کردە غار. دەگریان و هەنسکیان دەدا. تەنیا منداڵ بەو ڕەنگە ڕەفتار دەکەن، لەجیاتی ئەوەی خۆیان لە چاوی دوژمن بشارنەوە، بەدوویان کەتبوون تا بەتەنیا نەمێننەوە. بۆ ئەوەی لەو شوێنە وێران و شوومە دوور کەونەوە. کوڕ و کچەکە دەستی یەکتریان گرتبوو و بەدوای دوژمن کەوتبوون، دەپاڕانەوە بەجێیان نەهێڵن و لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن.

کچ و کوڕەکە بێهوودە ڕایان دەکرد. بەدوژمن ڕانەگەیشتن، لە ماندوویەتیی خۆیاندا لەسەر زەوی کەوتن و نەدەوێران سەیری دەوروبەریان بکەن. دەترسان لە شوێنی خۆیان ببزوێن، لەبارێکی تەنگ و ئاڵۆزدا دەژیان. یەکتریان گرتە باوەش و خەو بردیانییەوە.

هەروا بەخۆڕایی نەیانگوتووە هێتیم حەوت ڕوحە. شەویان بەهێمنی بەسەر برد و دڕندە و کێوی لە دارستانەکەدا توخنیان نەکەوتن. کە لە خەو ڕابوون بەیانی بوو، چێشتەنگاو دەدرەوشایەوە، چۆلەکە دەیانجریواند. ڕابوون و بەشوێن پێی دوژمنان کەوتن. لە ڕێ میوەی دێمییان کۆ کردەوە. ڕۆیشتن، ڕۆیشتن. دوو ڕۆژ ڕۆیشتن، سەری سێیەم ڕۆژ، لەسەر چیایەکی بڵند وەستان. سەرنجیان دا. لە خوارەوە، لە داوێنی چیا، لە مێرگێکی سەوزدا هەرایەکە

ئاهەنگ و بەزمێکە، ئای چ ڕەشماڵێک هەڵدرابوو، چ ئاگرێک کرابووەوە، بێ ئەژمار. ئەو ئاگرانە خەڵکی زۆریان لە دەورە ئالابوون، لە ژمارە نەدەهاتن. کچان لە ناو جۆلانە دەهەژانەوە و بالۆرەیان دەگوت. زۆرەکڤان خەڵکیان وەپێکەنین دەهێنا، وەک باز لە یەک دەوڕووکان و سواری ملی یەک دەبوون، پشتی یەکتریان لە زەوی دەدا و لە خۆڵیان دەگەوزاندن. ئەمانە دوژمن بوون ئاهەنگی سەرکەوتنیان دەگێڕا.

کچەکە و کوڕەکە لەسەر تۆقەڵەی چیایەکەدا وەستابوون، بێ ئەوەی زات بکەن بچنە پێش. بەڵام تەواو حەزیان دەکرد لەبەر ئاگر بووەستن. بۆن و بەرامەی گۆشتی برژاو ئاوی لە زار دەهێنان.

دوو منداڵەکە نەیانتوانی زیاتر خۆبگرن، وردە وردە لە چیاکان هاتنە خوار، بەزمگێڕەکان لە هاتنی منداڵەکان سەریان سڕما و دەوریان لێ دان:

– ئێوە کێن؟ لە کوێوە هاتوون؟

کوڕ و کچەکە وەڵامیان دانەوە:

– برسیمانە، شتێکمان بدەنێ بیخۆین.

لە شێوەی ئاخاوتنیان تێ گەیین ئەمانە کێن. بووە هەرا و زەنازەنا و مشتومڕێکی توند کەوتە نێوانیان. ئەمانە پاشماوەی بەرەی دوژمنانن، ئاخۆ دەسبەجێ بیانکوژن یاخۆ بیانبەنە لای خانی سەردار هۆز؟ لە کاتێکدا ئەوان خەریکی کێشمەکێش بوون، هەندێک ئافرەتی دڵ و دەروون نەرم دەرفەتیان چەنگ کەوت و دوو پارچە گۆشتی برژاوی هێستریان خزاندە نێو دەستی منداڵەکانەوە. بردیانن بۆ لای خان. منداڵەکان لە خواردن نەدەکەوتن. بردیانن بۆ تاوڵێکی سووری گەورە. پاسەوان بەتەپشووی زیوینی ڕووتەوە لەبەر دەرگە وەستابوون. هەواڵێکی پڕ مەترسی کەوتەوە، ئەویش هاتنی منداڵەکانی سەر بەهۆزی قەرەغیزی بوو، کە لە شوێنێکی کەس نەزانەوە هاتبوون. ئای ئەوە چییە؟ تێکڕا دەستیان لە جریتبازی و بەزمگێڕان هەڵگرت. ئاپۆڕەی خەڵکەکە بەهەڵەداوان بەرەو ڕەشماڵی خان جمین. ئەو کاتە خان لە تەک گەورە

شەڕوانانی خۆیدا لەسەر سەرینێکی سپی بەڕەنگی شیر، ڕۆنیشتبوو. شیری مـاین و هەنگوینی فـڕ دەکـرد، گـوێی بۆ لاوژە و بەسـتـەی پیـاهەڵدان هەڵخستبوو. کاتێکی خان هۆی هاتنی خەڵکەکەی زانی، گرژ و تووڕە بوو، نەڕاندی: "چۆن وێراتان هەراسـانم بکەن؟ ئەدی ئێـمـە سـەرپاکی هۆزی قەرەغیزیمان قڕ نەکرد؟ ئەدی نەمکردن بەفەرمانڕەوای ئینیسـای تا هەتایە؟ بۆچی بەڕاکردن هاتوونەتە لام و دەستـتـان بەخـۆدا شـۆڕ کـردووەتەوە هەی ترسنۆکینە؟ سەیرکەن کێ بەرامبەرتان وەستاوە؟ هسیە خان بانگی کردە پیـرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی. کاتێک پیرێژن لە نێوان ئاپۆڕەی خەڵکەکەوە هاتە پێش. خان فـەرمـانـی پێ دا: بۆ لێـرەوارەکەیان ببە، کارێکی وا بکە ڕەچەڵەکی هۆزی قەرەغیزی ببڕێتەوە و ناووناتۆرەیان تاهەتایە کوێر ببێتەوە. بڕۆ پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی، چیم پێ گوتی وا بکە.."

پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی ملی بۆ ئەو فەرمانە کەچ کرد و دەستی کوڕ و کچە منداڵەکەی گرت و دووری خستنەوە. بەنێو جەنگەڵستانەکەدا ڕۆیشتن. تا لە بەرزاییـیـەکی هەزار بەهەزارەوە بەگوێ ڕووباری ئینیسـای گەیشتن. لێرە پیرێژن منداڵەکانی وەستاند و لەسـەر هەڵدێرەکەدا بەتەنیشت یەکەوە ڕای گرتن و پێش ئەوەی هەڵیان بداتە خوارەوە گوتی:

– ئەی ڕووباری ئینیسـای مـەزن، ئەگەر چیات تێ بهاوێن، وەکو پلووکە بەرد لە بنتـدا نقـوم دەبێ، ئەگـەر دارکـاژێکی سـەد سـاڵیت تێ فـڕێ دەن، هەروەکو چڵـە دارێک ڕای دەماڵی. دەها ئەو دوو دەنکە زیخـە، ئەو دوو دەنکە مـرۆیەش وەرگـرە. زەوی بەخـۆیان ناگـرێ. ئینیـسـای هەرچەندە بۆم نیـیـە ئەوەشت پێ بڵێم، ئەگەر ئەستێرە بکرێن بەمرۆڤ، ئەوا ئاسمانیان پێ تەنگ دەبێ، ئەگەر ماسی بکرێن بەمرۆڤ ڕووبار و دەریایان پێ تەنگ دەبێ. با ئەو دوو منداڵە، بە دوو گـیـانی بێ گـەرد و ویژدانێکی منداڵیـیـەوە، ئەم دنیـا ناهەمـوارە بەجێ بهێڵن کـە هێـشـتـا باوەڕی دزێو و ڕەفتـاری دزێو گـڵاوی نەکـردوون. بۆ ئەوەی ئەمـانە کـوێرەوەریی مـرۆڤـان نەبینن و دەردەسـەریش بەسەر خەڵکی تردا نەهێنن. دەبیانبە بیانبە ئەی ئینیسای مەزن.

کوڕ و کچە بچووکەکە دەستیان کردە گریان و هەنسکدان. ئەوان قسەی پیرێژنیان بەلاوە هیچ گرینگ نەبوو، هەر تەنیا تێڕوانینی هەڵدێرەکە تۆقاندبوونی. لە ژێرەوەش شەپۆڵەکان بەیەکتردا هەڵدەشاخان.

پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی وتی:

– بچکۆلەکانم بۆ دواین جار دەست لە ملی یەکتر کەن و ماڵئاوایی بکەن. هەردوو ئەنگوچکەکانی گرتنت لە هەورازەکەوە هەڵیان بدێرێنێ، هەروەها وتی:

– بمبوورن بچکۆڵەکان، ئەمە کردەی ڕۆژگارە، هەرچەندی ئەوەی دەیکەم بەخواستی خۆم نییە بەڵام بۆ ئێوە ئەمە چاترە. هەرکە ئەم وشانەی لە زار دەرچوون، لە تەنیشتییەوە دەنگێکی هاتە گوێ گوتی:

– ڕاوەستە گەورە ژنی ئاوەزدار، دوو منداڵی بەستەزمان بەبێ تاوان مەکوژە.

پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی ئاوڕی دایەوە، لەم سەیر و سەمەرەیە زمانی چووە کلیلە. بینی وا شوورێکی چاو گەورە لە بەردەمیدا وەستاوە. چاوەکانی بەخەم و پەژارەوە سەرنجیان دەدا. شوورێکی سپی بەڕەنگی مانگایەکی تازەزاو هەروەک حوشترێکی جوانوو بەرزگی بەتووکێکی ڕەشی تاریک داپۆشرابوو. قۆچەکانیشی هەر حەزت دەکرد لەبەر جوانییان سەرنجیان لێ بدەی، کە وەکو چرە دەوەنی پایز لک و پۆپیان لێ دەرچووبوو. گوانی پاک و لووس بەوێنەی مەمکی ئافرەتێک تازە منداڵی بووبێ.

پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی گوتی:

– تۆ کێی؟ بۆچی بەزمانی مرۆڤ دەدوێی؟

وەڵامی دایەوە:

– من دایکە شوورم، بۆیە بەم شێوەیە دەدوێم، تا تێم بگەی و گوێ بۆ قسەکانم بگری.

– چیت گەرەکە دایکە شوور.

– منداڵەکان بەجێ بهێڵە، ئەی گەورە ژنی ئاوەزدار، تکات لێ دەکەم، بیاندە بەمن.

– باشە بۆ؟ چییان لێ دەکەی؟

– مرۆڤ هەردوو بچووکیان لێ کوشتووم. دوو شووری وردیلە، منیش بۆ خۆم بەدوای بێچوودا دەگەڕێم.

– دەتەوێ بەخێویان بکەی؟

– بەڵێ ئەی گەورە ژنی خاوەن گوفتار.

پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی پێکەنینی هاتێ و گوتی:

– دایکە شوور، تۆ چاکی تێ بیراوی؟ ئەمانە بەچکەی مرۆڤن، هەراش دەبن و بێچووە شوورە وردەکانت دەکوژن.

دایکە شوور وەڵامی دایەوە:

– کە گەورەبوون بێچووە شوورە بچووکەکانم ناکوژن، من دەبمە دایکیان، ئەوانیش دەبنە بێچووم. چۆن دەستیان دەچێتە کوشتنی خوشک و برایان؟

پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی سەرێکی بادا و گوتی:

– کێ دەزانێ دایکە شوور، تۆ مرۆڤ ناناسی، ئەوان بەزەییان بەخۆشیاندا نایەتەوە. حەزم دەکرد ئەو دوو بێ دایک و باوکەت پێ بسپێرم تا تێ بگەی من ڕاستیم پێ گوتووی، بەڵام مرۆڤ ئەم دوو بچووکەش دەکوژن. کەواتە بۆچی خۆت گرفتاری ئەم دەرد و بەڵایە دەکەی؟

– هەردوو منداڵەکە دەبەمە وڵاتێکی دوورەدەست، دەستی کەسیان پێ ڕانەگا. ئەی گەورە ژنی دانا بەزەییت بەم بچووکانەدا بێتەوە. ڕێیان بەردە، من دەبمە دایکی خاوەن ئەمەکی ئەوان. گوانم پڕبوون، شیرم دەگریە و ئارەزووی بێچوو دەکا. شیرم منداڵی گەرەکە.

پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاوی تاوێک داما و کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ:

– باشە، مادامەکی وایە، هانێ بیانبە و لێرە بەدووریان خەوە. ئەم بێ دایک و باوکانە ببە بۆ وڵاتە دوورەدەستەکەت، بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی دوورودرێژدا لەناوچوون و ئەگەر ڕێگر کوشتیانن، ئەگەر بەرەی مرۆڤ پاداشتی چاکەتیان بەخراپە دایەوە، ئەوا تەنیا گلە و گازن لە خۆت بکە.

دایکە شوور سوپاسی پیرێژنە شەلەی ڕوو لۆچاویی کرد و ڕووی کردە کوڕ و کچە منداڵەکە و پێی گوتن:

– ئێستا من دایکی ئێوەم، ئێوەش بێچووی منن. دەتانبەمە وڵاتی دوور، لەو شوێنەی دەریای گەرمی– ئێسک– کۆل– دەکەوێتە نێو کێوە بەفرینە بەلێڕەوار داپۆشراوەکانەوە. کچە و کوڕە لە خەنی خۆشییا شاگەشکە بوون و بەگورجی بەدوای دایکە شوور هەڵیان کردە غار. دوای ئەوە شل و شەکەت بوون و پڕزەیان لێ بڕا، ڕێگەش دوورە لە وڵاتێکی دنیاوە بۆ وڵاتێکی تر، ئەگەر دایکە شووری شاخدار شیری نەدانایە و بەلەشی خۆی گەرمی دانەهێنایەن قەت نەیاندەتوانی ئەو ماوە دوورودرێژە بڕۆن. بەینێکی زۆر ڕۆیشتن، گەلێک لە کۆنە هەواری ئینیسای بەدوور کەوتن. هێندەیان نەمابوو بگەنە وڵاتی تازەیان ئیسیک– کۆڵ. هاوین و زستان ڕۆیشتن، بەهار و هاوین و پایز و هاوین و زستانێکی تر، هاوینێکی تر و پایزێکی تر بەناو لێرستانە نوستووەکان و بیابانی گڕگرتوو و پێدەشتی ڕاستان و چیای هەزاربەهەزار و ڕووباری تیژڕۆدا ڕۆیشتن. گەلەگورگ سەریان لەدوو نان. بەڵام دایکە شووری شاخدار سواری پشتی خۆی کردن و لە دڕندە و کێوی دەربازی کردن و بەدووری خستن. ڕاوچی بەسواری ئەسپ و بەتیرەوە ڕاویان نان و هاواریان دەکرد: "شوور بەچکەی مرۆڤی فڕاندووە! بیگرن سەری لە دوو نێن". – تیریان تێ دەگرتن. دایکە شووری شاخدار لەوانی ڕزگارکردن، ئەو لە تیر تیژڕۆتر بوو، دەیچرپاندە گوێیان: "وردیلەکانم توند بمگرن. ئەمە نێچیروانییە"

لە کۆتاییدا دایکە شووری شاخدار منداڵەکانی گەیاندە ئیسیک– کۆل. لەسەر تۆقەڵەی چیایەکدا بەسەرسامییەوە وەستابوون. ئەو شوێنە بەزنجیرە چیای بەبەفر داپۆشراو دەورە درابوو، کەوتبووە نێوان چیای بەلێڕەواری

سەوزەوە. شەپۆڵەکانی دەریا پێک دەکەوتن، شەپۆڵی سپی بەسەر ئاوی شینەوە دەڕۆیشتن، کە لە دوورەوە با هەڵی دەپێچان و بەرەو شوێنی دووری دەبردن.

کەس نازانێ ئیسیک – کول سەری لە کوێیە و بنی لە کوێیە، لە لایەکەوە ڕۆژ هەڵدێ کەچی لەلایەکی تردا هێشتا شەوە. ئەو چیایانەی ئیسیک – کۆلیان دەور داوە لە ژمارە نایەن. کەس ناتوانێ هەڵی بێنێ چەند کێوی سەر بەبەفری تر لە دوای ئەم چیایانەوە هەن.

دایە شووری شاخدار وتی:

– ئەمە مەفتەنی تازەتانە، ئیدی لێرە دەژین و زەویوزار دەچێنن، ماسی ڕاو دەکەن و مەڕومالآت بەنێو دێنن. هەزار ساڵ بەخۆشی لێرە بژین، با وەچەتان لێ بکەوێتەوە و پەرە بسێنێ. نەوەکانتان قەت زمانی ئێوە لە بیر ناکەن، ئەو زمانەی کە بۆ ئێرەتان هێناوە. قسە و گۆرانی بەزمانی زگماک لە زاریان خۆش دێ. هەروەک مرۆڤان بژین، منیش تاهەتایە لە تەک ئێوە و منداڵەکانی ئێوەدا دەبم.

ئا بەم شێوەیە کوڕ و کچە زارۆکەکەی کە دوا پاشماوەی هۆزی قەرەغیزییان بوون، لە گوێ گۆلی "ئێسک– کۆل"ی نەمردا نیشتمانێکی نوێیان چەنگ کەوت.

ڕۆژگار زوو بەسەرچوو، کوڕەکە بووە پیاوێکی کەڵەگەتی چوارشانە و کچەکەش بووە ئافرەتێکی پێگەیشتوو. ئینجا یەکتریان خواست و بوون بەهاوسەری یەک. دایکە شووری شاخدار خاکی ئیسیک– کۆلی بەجێ نەهێشت و لە لێڕەوارەکانیدا ژیا.

جارێکیان گەرد و گۆڵی بەیانی بوو، ئاوی ئیسیک – کۆل لە ناکاو بەکەف و کوڵ کەوت و شێت و هار بوو. ژنە ژانی منداڵبوونی هاتێ. گەلێکی ئازار پێ گەیشت، پیاوە هەترەشی چووبوو. بەتەنگاوی چووە سەر گاشەبەردێک و هاواری کرد:

– تۆ لە کوێی دایکە شووری شاخدار؟ ئاگات لێیە ئیسیک – کۆل چۆن پێل دەدا؟ کچەکەت منداڵی دەبێ، خێرابە وەرە، ئەی دایکە شووری شاخدار وەرە یاریدەمان بدە.

هەر ئەو کاتە زرینگەی زەنگوڵێکی بەچەند ئاوازی جودا هاتە گوێ، کە لە دەنگی زەنگوڵەی کاروان دەچوو. دەنگی زەنگوڵەکە تا دەهات نزیکتر دەکەوتەوە. دایکە شووری شاخدار هات و لانکێکی بەشاخەکانیەوە هەڵگرتبوو. لانکەکە لە داری درەختی لاولاوی سپی دروست کرابوو. لانکەکە زەنگولێکی زیوینی بچووکی پێدا شۆڕ کرابووەوە، زرینگەی لێ بەرز دەبووەوە. ئەم زەنگوڵە تا ئێستا لەسەر لانکی منداڵەکانی ئیسیک– کۆلدا زایەڵەی دێ. دایک لانک ڕادەژەنێ و زەنگی زیوینیش دەلەرێتەوە هەر دەڵێی دایکە شووری شاخدارە و بەهەشتاوی دێ و لانکێکی لە داری لاولاو دروستکراوی بەشاخەکانیدا هەڵواسیوە. لەگەڵ بەدەنگەوەهاتنی دایکە شووری شاخدار بەدوای بانگەوازەکەوە، دایک منداڵەکەی بوو.

دایکە شووری شاخدار وتی:

– ئەم لانکە بۆ کوڕە نۆبەرەکەتانە. خۆزیا منداڵی زۆرتان دەبوون. حەوت کوڕ و حەوت کچ. دایکە و باوکە گەشانەوە لە خۆشیی دایکە شووری شاخدار. کوڕە نۆبەرەکەیان ناو نا "بۆغوبای". بۆغوبای جاحێل بوو کچێکی جوانکیلەی لە هۆزی کیتشاک خواست و بنەماڵەی بۆغا– کە لە دایکە شووری شاخدار کەوتبوونەوە، دەستیان بەزێدەبوون کرد. بەرەی بۆغییان تا دەهات لە ئیسیک – کۆل پەرەیان دەساند و هێز و گوڕیان پەیدا دەکرد. بۆغییەکان وەک شتێکی پیرۆز پلە و ڕێزیان لە دایکە شووری شاخدار دەنا. لە دەرگەی ڕەشماڵی ماڵە بۆغییاندا نیشانەی شاخی شوور لە نەخش دەچنرا، تا لە دوورەوە بزانرێ خاوەنی ئەم ڕەشماڵە لە بەرەی "بۆغۆ"یە. کاتێک کە بۆغییەکان بەرەنگاری هێرشی دوژمن دەبوونەوە و ڕمبازییان دەکرد، وشەی "بۆغۆ"یان دەگوتەوە، بۆغی هەمیشە سەرکەوتوو دەبوون. لەو کاتەدا لە لێڕەوارەکانی ئیسیک – کۆل شووری شاخداری سپی دەلەوەڕان کە لە جوانی

و بەدەویدا ئەستێرەی ئاسمانیان شەیدا دەکرد. ئەمانە بنەچەکەی دایکە شووری شاخدار بوون. کەس ئازاری نەدەدان و خراپەی لەگەڵدا نەدەکردن. کاتێک بۆغی شوورێکی دەبینی، لە ئەسپەکەی دادەبەزی و پێشی بۆ چۆڵ دەکرد. جوانی کچیان بەجوانیی شووری سپی دەچواند.

ژیان بەمجۆرە گوزەرا تا گەورە پیاوێکی ناودار و فرە دەوڵەمەندی بۆغی مرد. کابرا هەزار هەزار کاوڕ و هەزار هەزار ئەسپی هەبوون. تەواوی شوانکارەی هەرێمەکە لە ڕاژەی ئەودا بوون. نەوەکانی ئەو داوەتێکی ماتەمینی گەورەیان بۆ ساز دا. لە هەر چوار لای دنیاوە بانگیان لە گەورە ناودارانی خەڵک گێڕاوە تا لە ماتەمینییەکەدا ئامادە بن. بەدەوری کەناری ئیسیک - کۆلدا سەد هەزار ڕەشماڵیان هەڵدا، هەر مەپرسە چەندیان مەڕوماڵات کوشتەوە و چەندیان شیری ماین هەڵقوڕاند و بێ ئەژمار خواردەمەنیی "کاشقاری"یان دابەشییەوە. کوڕانی کابرای دەوڵەمەند بەلاف و گەزافەوە دەهات و دەچوون، تا خەڵک دەوڵەمەندی و پلە و پایەی نەوەکانی جوانەمەرگ بزانن. "ئا کوڕیژگەی خۆم، لە کارەساتی ئەو خەڵکەی بەدەوڵەت و سامانەوە دەنازن نەک بەهۆش و ئاوەزیان."

خۆشخوانان بەسواریی ئەسپی ڕەسەن و سەرکڵاوی لە کەوڵی دەڵەک دروستکراو و شاڵی ئاوریشمییەوە کە نەوەکانی کۆچکردوو پێیان خەڵات کردبوون، دەهاتن و دەچوون و لە پەسندان و بەشان و باڵدا هەڵگوتنی جوانەمەرگ و نەوەکانی نەدەکەوتن.

یەکێکیان تێی هەڵدەکرد:

- لە چ شوێنێکی تری ئەم سەرزەوینەدا ژیانی ئاوها خۆش و ئاهەنگی بەهیداریی ئاوها گەورەتان دیوە؟

یەکێکی تر دەیگوت:

- لەو ڕۆژەوەی دنیا دنیایە داوەتی وا ساز نەدراوە. یەکێکی تریش دەیگوت:

– تەنیا لای ئێمەدا ڕێز لە دایک و باوک دەگیرێ و پایەیان لێ دەنرێ و باس و خواسی چاکیان لەبارەوە دەگوترێ.

یەکێکی تر تێی هەڵدەکرد:

– ئای خۆشخوانان چەند وتەی شیرین لە زارتان دەتکێ، ئەوە چیتانە! چ وشەی وا هەیە لە دنیادا شایانی ئەو پایە بەرزییە بێ و لە شان و شکۆی خوا لێخۆشبوو بوەشێتەوە.

بەمجۆرە شەو و ڕۆژ بەیتبێژ پێشبڕکێی یەکتریان دەکرد. "هێی، کوڕیژگەکەم چەند نالەبارە ئاشق و بەیتبێژ لە پیاهەڵداندا پێشبڕکێی یەکتر بکەن. لە خۆشخوانەوە ببنە دوژمنی لاوژە و گۆرانی".

ئەم بەزمی ماتەمگێڕانە وەکو جەژن چەند ڕۆژ درێژەی دەکێشا. کوڕانی کابرای دەوڵەمەند دەیانویست لە ناو هەمووانەدا دەرکەون و بەپێش هەموو خەڵکی دنیا بکەون، ئیتر بۆ ئەوەی ناو و شۆرەتیان ئاسۆ دابگرێ ویستیان شاخی شوورێک لەسەر گۆڕی باوکیان دابچەقێنن تا هەموو خەڵک بزانن ئەم گۆڕە گۆڕی یەکێک لە پیاوچاکانی بەرەی دایکە شووری شاخدارە. "ئای، کوڕیژگەکەم پێشینان لە کۆنەوە گوتوویانە سامان و دارایی، لەخۆباییبوونی لێ دەکەوێتەوە و لەخۆباییبوونیش ملهوڕیی لێ وەبەر دێ".

کوڕانی کابرای دەستڕۆیشتوو نیازیان وابوو ڕێز و شکۆیەکی ئەوتۆ بدەنە یادی باوکیان، کە تا ئەو کاتە لە شێوەی نەبووبێ، بۆ ئەمەش باکیان بەهیچ نەبوو، هیچیش دەربەستی نەدەکردن. ڕاوچییان هەنارد، ڕاوچی شوورێکیان ڕاو کرد و قۆچیان بڕییەوە. قۆچەکان پان بوون. دەتگوت باڵی هەڵۆیە لە فڕیندا. هێند جوان بوون هەر زەینەت بوو سەیریان بکەی و لێیان بڕوانی، هەریەکەیان هەژدە لکی لێ بووبووەوە. ئەمەش واتە تەمەنی هەژدە ساڵە. کوڕەکان زۆر کەیفخۆش بوون، فەرمانیان بەکارزانان دا ئەم شاخانە لەسەر گۆڕەکە بچەقێنن.

پیرەمێر و ڕیش سپی ناڕەزایی خۆیان لەم کارە دەربڕی:

– چۆن شوورتان كوشت؟ كێ زات دەكا دەستی خۆی لە ئاست نەوەكانی دایكە شووری شاخداردا بەرز بكاتەوە؟

كوڕانی كابرای دەوڵەمەند وەڵامیان دانەوە:

– شوور لەسەر خاكی خۆماندا هاتووەتە كوشتن. هەرچییەک بەسەر خاكی ئێمەدا بڕوا و بفڕێ و بخشێ لە مێشەوە هەتا حوشتر هی ئێمەیە. ئێمە دەزانین چی لە شتی خۆمان دەكەین. بڕۆن لێرە مەمێنن.

خزمەتكاران ڕیش سپییان وەبەر قامچییان دا و بەرەودوا سواری ئەسپیان كردن و هەڵەتە و ڕیسوایان كردن.

لەو ڕۆژەوە دنیا گۆڕا. كارەساتێكی گەورە بەسەر نەوەكانی دایكە شووری شاخداردا هات. خەڵک تێكڕا كەوتنە ڕاوی شووری سپیی نێو دارستانان و هەموو كەسێكی تیرەی بۆغییان بەئەركی خۆی دەزانی شاخی شوور لەسەر گۆڕی باپیرانیدا بچەقێنی. ئێستا كارەكە بووەتە كاری چاكە و نیشانەی پایەداریی كۆچكردووان. ئەوەی شاخی وەدەست نەهێنابا شایانی ڕێز لێنان نەبوو. بازرگانیەتیی شاخی شوور داكەوت و گرد و كۆیان دەكردنەوە. هەروەها كەسانێكی وا لە نەوەی دایكە شووری شاخدار هەڵكەوتن پیشەیان بووە بەدەستهێنان و فرۆشتنی شاخی شوور. "ئای كوڕیژگەكەم، لە كوێ پارە هەبێ وتەی جوان لە ناو دەچێ و جوانی نامێنێ".

لە لێڕەوارەكانی ئیسیک- كۆلدا ڕۆژی نەمان و لەناوچوونی شوور داهات. بێ بەزەییيانە دەیانكوشتن. شوور ڕەویان كرد و خۆیان گەیاندە ناوچە هەڵەتەكان، بەڵام لەوێشدا سەریان لەدوو نان. ڕەوە سەگیان تێ بەردان تا بەسەر بۆسەی تیرهاوێژاندا بكەن، ئەو تیرهاوێژانەی كە یەكاوتیر دەیانئەنگاوتن. شوور پۆل پۆل لە نێو دەبران. مێگەلی تەواویان بەجارێک دەكوشتن. گرەویان لەسەر بەدەستهێنانی شاخەكانیان دەكرد، تا بزانن كێ شاخی چڕوپڕتر پەیدا دەكا.

شوور لە بەرچاوان ون بوون و چیاكانیان چۆڵ كرد. نەنیوەشەو

نەبەیانبەردان، دەنگی شوور نەدەهاتە گوێی کەسێک. لە هیچ دارستان و لە هیچ پەنایەکدا نەدەبینرا و کەس نەیدەبینی چۆن شاخی هاوێشتووەتە سەر گازی پشت و ڕەو دەکا. چۆن بەسەر کەند و لەندانددا باز دەدا و وەک باڵدار دەفڕێ. خەڵکانێک هاتنە دنیاوە لە ژیانیاندا شووریان نەبینیبوو، بگرە تەنیا چیرۆکیان لەبارەوە بیستبوون، یان شاخیان لەسەر گۆڕاندا بینیبوون.

دایکە شووری شاخدار چیی بەسەر هات؟

ڕەنجا، زۆر لە خەڵکەکە نیگەران بوو. دەڵێن پاش ئەوەی شوور لە سۆنگەی گوللە و سەگی ڕاوەوە، گوزەرانیان لێ تەنگ کرا و پاش ئەوەی شوور کەم بوونەوە و ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست ڕەتی نەکرد، دایکە شووری شاخدار بەرەو بڵندترین ترۆپکی چیایەکان هەڵکێشا و ماڵئاوایی لە ئیسیک- کۆل کرد. دوا نەوەکانی خۆی لە ڕێپێڵگە چیاییە گەورەکە ئاوا کرد و بۆ وڵاتێکی تر و بۆ چیایەکی تری بردن.

ئەمەیە لەم دنیایەدا ڕوو دەدا، ئەمە تەواوی بەسەرهاتەکەیە، حەز دەکەی بڕوا بکە و حەزیش دەکەی بڕوا مەکە.

کاتێک دایکە شووری شاخدار ڕۆیی، گوتی من ئیتر هەرگیز نایەمەوە.

*چیڤیت: سواری شەڕوان بەزمانی گەلانی ئاسیای ناوەڕاست.

## ناوەڕۆک


بەرکوڵ: شێرزاد حەسەن ٥

* سێوە سوورە: چنگیز ئێتماتۆڤ ١١
* ئەوان مردن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بژین: ڤیکتۆر ئەستافییێڤ ٣٥
* سوێسکە: ڤیکتۆر ئەستافییێڤ ٣٧
* کاتێدراڵی دۆما: ڤیکتۆر ئەستافییێڤ ٤٠
* هـــەزارولا: نۆدار دومبادزێ ٤٣
* تاقـیکردنەوە: ڤاسیلی شوکشـین ٥٧
* بابیشێڤ: گریگۆری باکلانۆڤ ٦٩
* گردی جودابوونەوە: ڤاسیلی بیلۆڤ ٧٥
* گردەشینە: ئۆلێس گۆنچار ٩١
* مۆزەخانەی ناوچەیی: سێرگی ڤۆرۆنین ١٠٣
* سوورە تووەکە: زۆرەیر خەلەفیان ١١١
* گامێشی بۆر و سوور: تیمور پولاتۆڤ ١١٩
* دایکە شووری شاخدار: چنگیز ئێتماتۆڤ ١٣٣